دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤١٤
١٥ی جۆزەردانی ١٣٨٤
٥ی ژوئەنی ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

## پەیامی پیرۆزبایی هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری بۆ بەڕێز عەدنان موفتی بە بۆنەی دەستپێکردنی خولی نوێی پارلمانی کوردستانەوە

زۆر بەڕێز کاک عەدنان موفتی!
سلاوێکی برایانە!
دەست بەکارکردنەوەی خولێکی نوێ لە کاری پارلمانی کوردستانو دیاریکرانی بەڕێزتان وەك سەرۆکی ئەو پارلمانە بۆ ئێمە خەبەرێکی خۆش بوو.
بەو بۆنەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ‌دەکەینو سەرکەوتنتان لەو ئەرکە نوێ‌یەدا بە ئاوات دەخوازین. چاوەڕوانین لە ماوەی سەرۆکایەتیی بەڕێزتاندا، پارلمان هەنگاوی بەکەڵكو بەرچاو بۆ یەکگرتوویی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق باوێ‌و، ببێتە نموونەیەکی باش لە پەسندکردنی یاساگەلێکی دێموکراتیكو پێشکەوتنخوازانە لە هەموو ناوچەداو، ڕۆژ بە ڕۆژ سەرکەوتنی زیاتر وەدەست بێنێ.

هەر شادو سەربەرز بن

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
مستەفا هیجری ( ٥ی ژوئەنی ٢٠٠٥ی زایینی)

# به بەشداری لە "هەڵبژاردن"دا دەنگی ڕەوایی بە ڕێژیمێکی توتالیتێری مەزهەبی مەدەن

وتووێژ لەگەڵ کاك عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب
٢

سەرنجێکی کورت لە کارنامەی سەرکۆمارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی
٥

ژنانی ئێران پێشەنگی تەحریمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری
٥

بارودۆخی منداڵانی کوردستانو ئێران لە سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا
٩

پرۆژەی ئەتۆمیی ئێرانو درێژەکێشانی وتووێژەکان
١٠

## دەست بەکار بوونی خولی نوێی پارلمانی کوردستان






ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤، چوار مانگ دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پارلمانی لە کوردستان، پارلمانی کوردستان لە ڕێورەسمێکی شکۆداردا، کۆبۆوەو کارەکانی خۆی دەست پێ‌کرد. خولی دووهەمی پارلمانی کوردستان، ڕاست لە سێزدەهەمین ساڵڕۆژی دەست بەکار کردنی خولی یەکەم، پارلمانی کوردستان دا، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی گرت.

لە یەکەم کۆبوونەوەی پارلمان دا، سەرۆك، جێگری سەرۆكو سکرتێری پارلمان هەڵبژێران. شایانی باسە کە بوونی هێندێك کێشەو گرفت لەنێوان پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر گەڵاڵەی یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمو چۆنیەتیی یەکخستنەوەی حکوومەتی کوردستان ببووە هۆی دواکەوتنی دەست بەکار بوونی پارلمانی نوێ. بەڵام چاوپێکەوتنی ئەم دواییانەی بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی‌و کاك مەسعوود بارزانی‌و زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەنێوان سەرکردایەتیی ئەو دوو حیزبە، چارەسەر کردنو ڕێککەوتن لەسەر گرفتەکانی لێ کەوتەوە.

بەر لە کرانەوەی پارلمان، لە ڕێورەسمێکی تایبەتی‌دا لە فڕۆکەخانەی هەولێر کە کاك مەسعوود بارزانی تێی‌دا بەشدار بوو پێشوازی لە مام جەلال سەرکۆماری عێراق کرا. لە ڕێورەسمی کرانەوەی پارلمانیش دا بەڕێزان د. ڕۆژ نووری شاوەیس، سەرۆکی خولی پێشووی پارلمان، عەدنان موفتی سەرۆکی خولی نوێ، مام جەلال، سەرکۆماری عێراق، د. حاجم ئەلحەسەنی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق، ئەشرەف قازی نوێنەری سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئان بودین باڵوێزی ئەمریکا لە عێراقو مەسعوود بارزانی وتەیان پێشکێش کرد. بڕیار وایە لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی پارلمان دا، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی یەکگرتوو ڕاسپێردرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ‌و یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمیش کە بەهۆی ئەوەوە کاك مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێ، پەسند بکرێ.

## ڕەفسەنجانی، کاندیدای سەرکۆماری ئێران ڕاستەوخۆ دەستی لە دەرکردنی دەستووری تیرۆری دوکتور قاسملوودا هەبووە



پیتێر پلیتس نوێنەری پارلمانی ئوتریش لە حیزبی سەوزەکانی ئەو وڵاتە، لەم دوایی‌یانەدا لە وتووێژێکی چاپەمەنی‌دا گوتی: هێندێك بەڵگەو نیشانەی لە دەست دا هەن کە دەری دەخەن ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی، کاندیدای سەرکۆماریی ئێران، ڕاستەوخۆ فەرمانی کوشتنی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملووی لە ساڵی ١٩٨٩دا، دەرکردوە. پلیتس گوتی: سەرچاوەی زانیاری‌یەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی‌یە کە ٣ ڕۆژ پێشتر لە ڤیرسای دیتوویەتی. پیتێر پلیتس هەروەها گوتی: ئەو سەرچاوەیە ئامادەیە تا لە بەرامبەر کاربەدەستانی ئوتریشی‌دا زانیاری‌یەکانی خۆی رابگەیەنێ‌و منیش هەرچی لەتوانام دابێ بۆ کردنەوەی ئەم پەروەندەیە ئەنجامی دەدەم. بە گوتەی بەڕێز پلتیس لە ٦ کاندیدای سەلاحییەت تەئیید کراوی هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردان بەڕێوە دەچێ، ٣ کاندیدای سەرەکی بە توندی گومانی بەشداری لە تیرۆرە نێونەتەوەیی‌یەکانیان دا لەسەرە: هاشمیی ڕەفسەنجانی، موحسینی ڕەزایی‌و مەحموودی ئەحمەدی نیژاد.

## مانگرتنو خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی ئازادی مەهاباد

ڕۆژی ١٣٨٤/٣/٦، خوێندکارانی زانکۆی ئازادی مەهاباد بە هۆی خراپی‌و نالەباربوونی خواردەمەنی‌یەوە مانیان گرتو هەروەها خۆپیشاندانێکیان لە نێو زانکۆدا بەڕێوەبرد کە لە لایەن هێزەکانی پارێزگاریی زانکۆوە (حراست دانشگاه) بە گوشارو هەڕەشە نارەزایەتی‌یەکەیان کۆتایی پێ‌هات. ئەمە لە دۆخێکدایە کە لە هەر خوێندکارێك لە ماوەی ٦ مانگ دا چوارسەدهەزار تمەن وەردەگیرێ، کە دەبێ لە ڕێگای دابینکردنی پێداویستی‌یەکانیان دا خەرج بکرێ. بەڵام هیچکات پێداویستی‌یەکانیان لە لایەن بەرپرسانی زانکۆوە بەو شێوەیەی کە شیاوی خوێندکارانە دابین نەکراوە.

## پلەی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست دا چووە سەر

لە ڕۆژەکانی ٢٣و ٢٤ی مای ٢٠٠٥دا کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست لە شارەکانی "تێل ئاویڤ"ی ئیسرائیلو "ڕامولڵا"ی لەفەستین دا بەڕێوە چوو. تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەی شووڕا بریتی بوو لە "ئاشتی‌و دێموکراسی سیاسی‌و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لە ڕوانگەی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستەوە". کۆبوونەوە بەدوای پەسندکرانی ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی سوسیالیست ئەنتێرناسیونال، بەشێکی دیکە لە کاری خۆی تەرخان کرد بۆ بردنە سەری پلەی ئەندامەتیی چەند حیزبو ڕێکخراوی سەر بە ئەنتێرناسیونال کە یەکیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. حیزبی دێموکرات کە پێشتر ئەندامی چاوەدێری ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یە بوو، بەخۆشی‌یەوە بە تێکڕای دەنگ پلەی ئەندامەتیی بەرەو ژوور چوو و بوو بە ئەندامی ڕاوێژکار. هەروەها یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش بە ئەندامی تەواو مافی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست وەرگیرا. ڕاپۆرتی تایبەت بەم کۆبوونەوەیەی ئەنتێرناسیونال لەم ژمارەیە دایە.

## داوای تەحریمی شانۆسازیی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە بەیاننامەیەکی هاوبەش دا

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی یەکیەتی‌یە فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران، ڕێکخراوی فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران (اکثریت)، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش دا داوای تەحریمی شانۆسازیی نۆهەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییان کردوە. ئەم حیزبو ڕێکخراوانە وێڕای پشتیوانی لە بەیاننامەی ٦١٥ کەسایەتیی سیاسی‌و ئازادیخوازی وڵات کە "نا" گوتن بە هەڵبژاردنی فەرمایشی‌و پێویستیی پێکهاتنی گۆڕان لە قەوارەی دەسەڵات دایە، لەسەر گرنگیی گرتنەبەری هەڵوێستێکی کاریگەرترو کەم هەزینە کە بۆ زۆرایەتیی خەڵکی ئێران سەرنجراکێش بێ، پێیان داگرتوە. **دەقی ئەو ڕاگەیاندراوە هاوبەشە لەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.**

## بڕیارنامە نوێیەکانی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا دژی ڕێژیمی ئێران

**هەواڵدەریی "ایرنا":** مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا خەریکی دەرکردنی بڕیارنامەیەکی نوێ لە دژی کۆماری ئیسلامی‌یە. لەو بڕیارنامەیەدا، بەرنامەی ناوکیی ئێران وەك "هەڕەشەیەك بۆ سەر قازانجە ئەمنییەتەکانی" ئەمریکا ناوی براوە.

گەڵاڵەی ئەم بڕیارنامەیە بە ئیمزای ٢٢ نوێنەری حیزبی دێموکراتو کۆمارخوازەوە دراوە بە کومیتەی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی مەجلیسی نوێنەران. لەم گەڵاڵەیەدا گوتراوە کە تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانەی مووشەکی "شەهاب ـ ٣" توانایی ئەنگاوتنی ئیسرائیلو هێزەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئەفغانستانی دا داوە بە ئێران.

هەروەها نووسەرانی گەڵاڵەکە گوتوویانە کە هەوڵەکانی ٣ وڵاتی ئورووپایی بۆ "ڕازیکردنی ئێران بۆ وازهێنان لە درێژەی هەوڵەکانی بە مەبەستی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی نەگەیشتوە بە ئاکامی یەکجاری".

لە گەڵاڵەکەدا هەروەها هاتوە: "دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە توانایی چەکی ئەتۆمی هەڕەشەیەك لە دژی قازانجە ئەمنییەتی‌یەکانی ئەمریکاو هەروەها هەڕەشە لە دژی ئاشتی‌و سەقامگیریی نێونەتەوەیی دەبێ".

لەم گەڵاڵەیەدا داوا لە سەرکۆمار کراوە ئەگەر وتووێژەکانی نێوان ئێرانو ٣ وڵاتی ئورووپایی سەرنەکەوت، داوا لە بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بکا کە کێشەی پابەندبوونی ڕێژیمی ئێران بە بەرپرسیارەتی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی لە بواری پەرەپێ‌نەدانی چەکی ئەتۆمی‌دا حەواڵەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بکا".

## سەلمێنرانی هەرچی زیاتری ڕاستیی هەڵوێستێك

عەولا بەهرامی

هەڵوێستی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانو لەنێو ئەویش دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك بە ڕابردووترینو بە ئەزموونترین پێکهێنەری ئەم بزووتنەوەیە لە پێوەندی دەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌داو ڕەوایی بەخشین بە وەها سیستمێکی دەسەڵاتداری لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕوون بووە لە هەمان کاتیش دا لۆژیکی‌و پشت ئەستوور بووە بە خوێندنەوەیەکی ئاوەزمەندانە لە ئاکامەکانی سەقامگیر بوونی سیستمێکی لەو چەشنە. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین ئاماژە بکەین بە هەڵوێستی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان سەبارەت بە ڕێفراندۆمی دیاری کردنی جۆری سیستمی حکوومەتی کە بریتی بوو لە دوو جۆرە سیستمی حکوومەتیی نادێموکراتیکی پادشاهی (ئەزموون کراو)و کۆماری ئیسلامی (ئەزموون نەکراو) بکەین. لەو سەرەتا گرنگو هەستیارەدا بوو کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان بە تێگەیشتن لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو سیستمەدا (لە ڕاستیی‌دا هەڵبژاردنو هەڵ نەبژاردنی کۆماری ئیسلامی)، داوای لە خەڵکی کوردستان کرد لەو بە ناو ڕیفراندۆمەدا بەشداری نەکەنو ڕەوایی بە سیستمێك نەبەخشن کە لە ئاسۆی‌دا دیکتاتۆرییەکی ڕەشی مەزهەبی خۆی مەڵاس داوە.

ئەم هەڵوێستە مێژووییە کە هەڵوێستی مێژوویی خەڵکی کوردستانیشی بە دواوە بووو، بۆتە بنەمای پێناسە کردنو هەڵوێستی خەڵكو بزووتنەوەی کوردستان لە هەموو قۆناغەکانی دەسەڵاتدارێتیی ئەم ڕێژیمەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی داوەتەوە. لەم ماوەیەدا خەڵکی کوردستان بە ڕێنوێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەو ئەزموونانەی لە دەسەڵاتدارێتیی توتالیتریسمی مەزهەبی بوویانە، بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی هەڵبژاردنەکان دا نەك ڕەوایی‌یان بەم ڕێژیمەدا نەداوە، بەڵکوو لە درێژەی ئەو هەڵوێستە مێژووییەدا هەنگاویان ناوە کە لە بەهاری ١٣٥٨ بەرانبەر بەم ڕێژیمە گرتیان. ئەگەریش هەڵبژاردنەکانی ٢ی جۆزەردانی ٧٦ (سەرکۆماری)، ٧٧ی شووڕاکانی شارو دێ‌و ٧٨ مەجلیس بە لوتکەی بەشداریی خەڵك دابنێین، بەو حاڵەش دەبینین کە مەبەستی خەڵك لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردن دا نەك داننان بەم ڕێژیمەدا نەبوو، بەڵکوو زیاتر کەڵك وەرگرتنێکی سیاسی‌و مەبەستدار بووە بە مەبەستی پاشەکشە کردن بە پاوانخوازانی دەسەڵاتدار، کاتێکیش لە بێ‌ئاکامیی ئەم بەشداری کردنەش تێگەیشتوە، گەڕاوەتەوە سەر هەمان ڕێچکە کە هەر لە سەرەتاوە گرتبوویە بەر. لەم پێوەندییەش دا هەڵبژاردنی خولی حەوتەمی مەجلیس و خولی دووهەمی شووڕاکانی شارو دێ بەڵگەن بۆ ئەم قسەیە.

خوێندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان لەو سەردەمەدا بۆ ئاکامەکانی "بەڵێ" گوتنو سەقامگیر بوونی سیستمی دەسەڵاتدارێتیی مەزهەبی لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستێکی مێژوویی بۆ کورد لە ئێران لێ کەوتەوە لە هەمان کاتیش دا بوو بە بنەمایەك کە گوتاری کوردو بزووتنەوەی لێ کەوتەوە کە بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتدارێتیی سەرەڕۆو نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامی‌و بانگەشە کردن بۆ سەقامگیر بوونی سیستمێکی دێموکراتیك لەسەر بنەمای دابەش کردنی دەسەڵاتو داننان بە ناسنامەی پێکهاتەی نەتەوایەتی، ئایینی کلتووری و سیاسی‌یە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران.


هەر لە چوارچێوەی ئەم گوتارە دایە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان وەك ڕێبەرایەتیی سیاسی خەڵکی کوردستان بە ناسینێك کە لەم سیستمەی هەبوو، خەسارەکانی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی بۆ خەڵکی کوردستانو ئێران ڕوون کردۆتەوەو لەم جێگایانەش دا کە پێی وابووە ڕەنگە بەشداری کردن قازانجی بزووتنەوەی مافخوازانەو دێموکراسیخوازانەی بەدواوە بێ (هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەمو خولی یەکەمی شووڕاکانی شارو دێ) داوای لە خەڵك کردوە بەشداری لە هەڵبژاردن دا بکەن.

لە سەرەتاکانی قۆناخێکی نوێ‌لە ژیانی سیاسیی خەڵکی ئێران داین، قۆناخێك کە هەڵگری کۆمەڵێك جیاوازی‌یە لەتەك قۆناخەکانی پێشووتردا. چۆنیەتیی دەس پێکردنی ئەم قۆناخە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم هەلومەرجە نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌و نێوخۆیییەی نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری تێدا بەڕێوە دەچێ گرنگی‌یەکی زۆر تایبەتیی هەیە. لە سەرەتای ئەم قۆناخەدا خەڵکی ئێران بەم ئەزموونو هۆشیارییەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر هەیانە بەم ئاکامە گەیشتوون بەشداری کردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا ناتوانی هیچ گۆڕانکارییەکی بە قازانجی ویستەکانیان لێ بکەوێتەوە. جگە لەوە ئەم ڕاستی‌یە بۆ زۆرینەی دەنگدەران ڕوون بۆتەوە بەو پێیە کە ڕێژیم پێویستی بە تەنانەت بەشداری کردنی ئەوانە ـ ئەگەر دەنگی سپیش بدەن ـ بۆیە پێویستە بە دووری کردن لە وەها شانۆگەرییەك قەیرانی ڕەوایی ڕێژیم بگەیەننە دوا خاڵی خۆی. ئەوەش ڕاست نزیك بوونەوە لەم هەڵوێستەیە کە زیاتر لە ٢٦ ساڵ لەوە پێش بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان گرتی: دەنگی ڕەوایی بە ڕێژیمێکی توتالیتری مەزهەبی نادەین.

# کاك عەلی مێهرپەروەر: موعین پێشتر رایگەیاندبوو دژی حوکمی حکوومەتی هەڵوێست دەگرێ کەچی ئێستا بە پێی ئەو حوکمە، دەتوانێ لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا بەشدار بێ. ئەگەر حوکمەکەی رەد بکردایەتەوە زیاتر دەیتوانی لە نێو خەڵکدا مەقبوولیەت بۆخۆی دەستەبەر بکا، ئێستا کە قبووڵی کردوە لە یەکەم هەنگاودا درۆی لەگەڵ خەڵك کردوە

## وتووێژ لەگەڵ کاك عەلی مێهرپەروەر, ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب, سەبارەت بە هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێراندا

هەڤپەیڤین: عەلی بداغی



**ئاماژە:**

**نزیک کەوتنەوەی کاتی هەڵبژاردنی نۆهەمین خولی سەرکۆماریی ئێران، رەددی سەلاحییەتی بەربلاوی کاندیداکان، گەڕاندنەوەی ئاغای موعین بە حوکمی حکوومەتی بۆ شانۆی هەڵبژاردن‌و پرسی کوردو هەڵبژاردن تەوەری چەند باسێکن کە لەم وتووێژەدا بەرێز کاك عەلی مێهرپەروەر تیشکیان دەخاتە سەر.**

**پ: شورای نیگابان لیستی تەئیید کراوای کاندیداکانی بە رەتکردنەوەی ١٠٠٦ کاندیدا راگەیاند. رەتکردنەوەی سەلاحییەتی موعین‌و دواتر تەئییدی سەلاحییەتی لە رێگەی حوکمی حکوومەتیی خامەنەیی‌یەوە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

و: بە پێی یاسای بنچینەیی، شورای نیگەهبان تەنیا ئەرکی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکاندا پێ‌سپێردراوە نە بەرێوەبەریی هەڵبژاردنەکان‌و دیاریکردنی کاندیداکان. لە قانوونی ئەساسی‌دا ـ سەرەڕای بۆچوونی تەبعیزئامیزی ـ هاتوە کە چ کەسانێك دەتوانن خۆیان کاندیدا بکەن. دەبوا ئەو مەرجانە کە لە یاساکەدا هاتون لانیکەم بۆ رێزدانان بۆ یاسا هەر ئەوە لەبەرچاو بگیرایەو ئەوە خەڵکن کە تەشخیس دەدەن کێ موناسبەو کێ موناسب نیە. با لەوە گەڕێین تەفسیرێك کە شورای نیگەهبان لە یاسای بنەڕەتی کردوویەتی بۆ خۆی مافی نەزارەتی ئیستسوابیی داناوەو بە پێی ئەو تەفسیرە داتاشراوە حەق بە خۆی دەدا کێ تەئیید بکاو کێ رەد بکاتەوەو خۆشی بە بەرپرس نازانێ کە دەلیل‌و مەدرەکی ئەو رەدکردنە یا قەبووڵ کردنە بە بیروڕای گشتی رابگەیەنێ.

راستە هەروەك لە پرسیارەکەتان دا هاتبوو شوورای نیگەهبان لە کۆی ١٠١٤ کەس کاندیداتور ١٠٠٦ کەسی رەدکردوونەوەو ٨ کەس کە دووکەسیان بەپێی راسپاردەی خامەنەیی وەك باستان کرد بە حوکمی حکوومەتی کە ئەویش بۆخۆی مەعلووم نیە لەکوێوە هاتوەو سەرچاوەی یاسایی ئەو حوکمە حکوومەتی‌یە چیە؟ پەسند کراون. یەکێك لەو راسپردەکراوانە ئاغای موعینە کە بەستراوە بە قۆڵی بەناو ریفۆرمخوازی نێو دەسەڵاتی حاکمەوە کاندیدای جەبهەی موشارکەتی ئیسلامی‌یە. کاتێك موعین لە لایەن شورای نیگەهبانەوە رەد کرایەوە جەبهەی موشارکەت رایگەیاند ئەگەر موعین تەئیید نەکرێ هەڵبژاردن تەحریم دەکا. من پێم وایە سفارشی خامەنەیی بۆ تەئییدی موعین لەبەر ئەوە نەبووە کە کەش‌و هەوایەکی دیموکراتیك بخوڵقێنێ بەڵکوو لەبەر ئەوە بووە کە لانی کەم جەبهەی موشارکەت کە بەهەرحاڵ بە نیسبەت خۆی تارادەیەك لایەنگری هەیە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکا. جگە لەوەش هەر لە ئێستاوە کە موعین قەبووڵی کردوە وەك کاندیدا لە سایەی حوکمی حکوومەتی‌دا بمێنێتەوە دەبێ خۆی بە بەرمێنەتی خامەنەیی بزانێ یا لە راستی‌دا ئەوە خامەنەیی‌یە کە پێی دەڵێ قسەی ئاخر من دەیکەم. جێی گومان نیە ئەو کەسانەش کە شوورای نیگەهبان پێشتر تەئییدی کردبوون، ئەوانیش هەر بە تەئییدی خامەنەیی بوون رەزامەندیی ئەوی لەسەر بووە. پێویستە لێرەدا قامك لە سەر یەك مەسەلە دابنێین ئەویش ئەوەیە کە شورای نیگەهبان بۆ دیاریکردنی بە وتەی خۆی سەلاحییەتی کاندیداکان هیچ پێوانەیەکیان نیە یا بڵێین بە یەك پێوانە چاو لە هەموو کاندیداکان ناکا. نموونەیەکی جالب هەیە کەسێك بە ناوی زەوارەیی ماوەی ٨ ساڵ یەکێك لە ئەندامانی شوورای نیگەهبان بووە سەلاحیەتی کاندیداکانی دیکەی تەئیید یا رەد کردۆتەوە کەچی ئێستا سەلاحییەتی خۆی رەد کراوەتەوە سەیر ئەوەیە ئیعترازی بەو رەد کردنەوەیە هەیە، بەڵام کاتێك بۆخۆی لە شورادا بوو ماوەیەکیش تەنانەت وەك دەمڕاست‌و قسەکەری شورا دەردەکەوت ئامادە نەبوو هۆی رەد کردنەوەکان بۆ خەڵکی شی بکاتەوە کەچی ئێستا بۆخۆی کەوتۆتە نێو داوی شورای نیگەهبان.

**پ: گرووپی بە ناو ریفۆرمخوازی کورد پشتیوانیی خۆی لە ئاغای موعین دەربڕی بوو. رەدکردنەوەی سەلاحییەتی موعین لە هەنگاوی یەکەم داو دواتر گەڕاندنەوەی بۆ شانۆی هەڵبژاردن ئەگەری چ گۆڕانێك لە ریزی ئەم گرووپەو ئاکامی هەڵبژاردن دا دروست دەکا؟**

و: بەخۆشی‌یەوە پلەی ئاگاهی‌و وشیاریی خەڵکی کوردستان بەرادەیەك چۆتەسەر کە ئێستا خەڵك دەزانێ دەبێ چ بکا، دەزانێ بۆ دەنگ بداو دەزانێ بۆ دەنگ نەدا. خەڵکی کوردستان دووجار ئیسلاحخوازانی حکوومەتی‌یان تاقی کردۆتەوە، جارێك لە ٢ی جۆزەردانی ٧٦و جاری دووهەم لە ١٨ی جۆزەردانی ساڵی ٨٠دا بە داخەوە هەر دوو جارەکە ئەو تاقیکردنەوانە ئاکامی تاڵیان بووە. بۆیە زۆر دژوارە لەگەڵ ئەوەی دەزانن پرۆسەی ریفۆرمخوازی حکوومەتی تووشی شکست‌و تێك رمان بووە بۆ سێهەم جاریش ئەو رێگە بگرنە بەرو هیوای پێ ببەستن. لەو پێوەندی‌یەدا ئەو کەسانەی کە خۆیان ناو ناوە ریفۆرمخوازی کورد، هەوڵێکی بێ‌ئاکام دەدەن‌و وەڵامێکی ئەرێنی لە خەڵکی کورد وەرناگرن. وەختێك خاتەمی بەو پشتیوانی‌یە بەرینەی خەڵك نەی توانی، یا نەی ویست، یا نەی توانی بە خەڵك بڵێ ناتوانم‌و هەشت ساڵ نەخشی پەیکەری دەم بە بزەی نێو ویترینی پێشانگای کۆماری ئیسلامیی گێڕا، کارێکی لە دەست نەهات‌و ئیسلاحاتی حکوومەتیشی زیندەبەچاڵ کرد بەڕاستی تاقمێك بە ناوی ریفۆرمخوازی کورد دەتوانێ چ دەستە گوڵێك لە یەخەی خەڵکی کوردستان بدا؟ ئەوان دەزانن ئێستا کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی‌و لە عێراق بە تایبەتی دەتوانێ قسەی خۆی بکاو تەنانەت ئەو حکوومەتە دیکتاتۆریانەش کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە حیساب بۆ هەڵوێستی کورد دەکەن، لە وەها هەلومەرجێك دایە کە ئەو تاقمە دەیانهەوێ لە نەخشی نوێنەرایەتیی کورددا خۆ دەربخەن‌و سواری شەپۆلی هەستی روو لە گەشەی نەتەوەیی کورد بن‌و پێشا پێش بەرکوڵی لێ‌بکەن. دەبوا کاتێك ئەو گرووپە لەگەڵ پێشوازیی ساردی خەڵکی کورد بەرەوڕوو بوون، رەدکرانەوەی کاندیداکەیان بە دەرفەتێکی لەبار داناباو خۆیان لەو گەمە لەپێشدا دۆراوە دەربهاویشتایەو رزگار بکردایە. من پێم وایە ئێستاش درەنگ نەبووەو ئەوانەش دەتوانن دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی خەڵك‌و نوێنەرانی راستەقینەی خەڵك‌و "نا" بەو هەڵبژاردنە بڵێن.

**پ: گرووپی ریفۆرمخوازی کورد لە کۆبوونەوەکانیان لە شارە جیاجیاکانی کوردستاندا نەیانتوانی سەرکەوتنێك لە راکێشانی سەرنجی خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆیان وەدەست بێنن. ئێوە راتان وایە ئەوە دەنگی "نا" بە ریفۆرمخوازیی حکوومەتییە یا رەتکردنەوەی حاکمییەت لە تەواوەتیی خۆی‌دا؟**

و: هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئیشارەم پێ‌کرد خەڵکی کوردستان دووجار بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار بەشدارییان کرد بە هیوای ئەوە کە بتوانن لەو رێگایەوە دەلاقەیەك بۆ نەفەس کێشانی ئازادانە بکەنەوە, بەڵام بەداخەوە نەیانتوانی‌و لە تاقی‌کردنەوەکەدا ئاکامی تاڵیان وەرگرت. ئەوە چ دەگەیەنێ یا باشتر بڵێین چ دەسەلمێنێ؟ ئەو مەسەلەیە ئەوەندە بە خەڵکی کورد دەڵێ کە ساختاری ئەو رێژیمەو زەرفییەتی ئەو نیزامە توانای تەنانەت ریفورم‌و چاکسازیی نیەو ئیسلاحاتی تێداناکرێ. ساختاری ئەو نیزامە لە سەر بنچینەی ویلایەتی فەقیه دامەزراوە. ئەوە نیە قسەی ئەوەڵ‌و ئاخر وەلیی فەقیه دەیکا، نابێ لە رێژیمێك کە شێوەی بیرکردنەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش، چاوەڕوانی بکەی وەك سەدەی بیست‌و یەك هەڵس‌وکەوت بکا. لەوانەیە لە تیکنۆلۆژیی سەدەی بیست‌و یەك کەڵك وەربگرێ بەڵام لە خزمەتی ئەو بۆچوونانە کە ئیمڕۆ بۆ ئیدارەی وڵات کاراییان نیە. لە کورتی ببڕمەوە تا لە نیزامێك دا ئایین وەك ئیدئۆلۆژی, حاکم بێ، ئازادی‌و دیموکراسی لەو وڵاتەدا جێگەی نابێتەوە.

هەر بۆیە خەڵك وەڵامی مەنفی بە ریفۆرمخوازانی حکوومەتی، وەڵامی رەدیش بە ناو ریفۆرمخوازانی کورد دەدەنەوەو هاتونە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو رێژیمە لە تەواوەتی خۆی‌دا تاریخ مەسرەفی بەسەرچووەو دەبێ لە رەگ‌و ریشەوە بگۆڕدرێ. ئەو جۆرە مانۆڕانەش بۆ خەڵەتاندنی خەڵك ئەوەندە دووپات کراونەتەوە کە جەماوەر لێیان بێزار بووە.

**پ: ریفۆرمخوازان‌و بە تایبەتی ریفۆرمخوازنی کورد تەئییدی سەلاحییەتی ئاغای موعین بە تێپەڕین لە شورای نیگەهبان‌و ئەوەش بە سەرکەوتنێکی گەورە دەبینن. دەکرێ ئەوە لە جێ‌دا بەسەرکەوتنێك بۆ ریفۆرمخوازان‌و هەنگاوێك پاشەکشە لەلایەن پاوانخوازانەوە بزانین؟**

و: راسپاردن بۆ تەئییدی موعین لەلایەن خامەنەیی‌یەوە ناکرێ وەك پاشەکشەی شورای نیگەهبان دابنرێ بەڵکوو حەرەکەتێکە کە دەتوانێ بە زیانی بەناو ریفۆرمخوازانیش تەواو ببێ. هۆیەکەشی ئەوەیە موعین پێشتر رای گەیاندبوو بە دژی حوکمی حکوومەتی هەڵوێست دەگرێ کەچی ئێستا بە پێی ئەو حوکمە، دەتوانێ لە کێ‌بەرکێی هەڵبژاردن دا بەشدار بێ. ئەگەر حوکمەکەی رەد بکردایەتەوە زیاتر دەیتوانی لە نێو خەڵك دا مەقبوولیەت بۆخۆی دەستەبەر بکا، ئێستا کە قبووڵی کردوە لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ خەڵك درۆی کردوە.

وەك پێشتریش باس کرا تەئییدی سەلاحییەتی کاندیدای جەبهەی موشارکەت بۆ هێنانە سەر سندووقی لایەنگرانی ئەو جەبهەیەیە نە بۆ سەرکەوتنی کاندیداکەیان. مەسەلەیەکی دیکەش کە جێگای ئاماژە پێ‌کردن ئەوەیە کە خەڵك لە هەڵبژاردنی شوراکانی شارو دێ‌و هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەورەی حەوتەمی مەجلیس دا پەیامی خۆیان گەیاندە ریفۆرمخوازانی حکوومەتی. ئەوان باوەڕێکیان بە ئیسلاح پەزیری نیزام نیە تا بگا بە ئیسلاحخوازانی حکوومەتی. ریفۆرمخوازان جارێکی دیکە کەسی عامە پەسندتریان لە خاتەمی دەست ناکەوێ دیتمان کە خەڵك کردەوەی ئەویشیان تاقی کردەوەو بە جارێ روویان لە ریفۆرمخوازانی بێ‌دەسەڵات وەرگێڕاوە.

**پ: ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە تا چەندە دەتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا لەسەر کێشەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی‌و دنیای دەرەوەدا کاریگەریی هەبێ؟**

و: پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ئاخوندەکان سەرەڕای دروشمی قەبەو بریقەدارو بە رواڵەت دژی غەرب بە تایبەت ئەمریکا لە کاتی ئەستەم‌و چارەنووسسازدا ئەهلی سازان‌و مامەڵەکردن‌و تا رادەیەکیش لەو کارەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. بۆیە رەنگ بێ بۆ کورتخایەن بتوانن هێندێك لە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام لە درێژخایەن دا ناتوانن. چونکە ساختاری کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی‌دا دژی پرۆسەی ئاشتی، ئازادی‌و دیمۆکراسی‌و مافی مرۆڤەو ئەو چەمکانەش ئێستا ویستی زۆربەی خەڵکی جیهان‌و لە ناوچەش دا مەسەلەی رۆژە.

رێژیم هەرچی بکا ناتوانێ بەو ساختارەوە خۆی لەگەڵ ئەو رەوتە رێك بخاو گۆڕان بەسەرخۆی‌دا بێنێ‌و لە نێوەرۆکەوە بگۆڕدرێ. سەرکۆماریش لەو سیستەمەدا نەخشێکی کاریگەری نیە لە زنجیرەی دەسەڵات دا هەم بە پێی یاسا وەك پلە بەندی کەسی دووهەم وەك دەسەڵاتیش کەسی چەندەمە. ئورووپایی‌یەکانیش ئێستا بۆیان دەرکەوتوە کە ئەوە دەوڵەت بەسەرکۆماریشیەوە نیە کە قسەی یەکەم دەکا، بەڵکوو نەخشی بنەڕەتی لە دەستی رێبەرو ئەو نیهادانە دایە کە لە ژێر ئەمرو نەهی رێبەر دان‌و لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەتین‌و هەڵبژێردراوی خەڵك نین.

ئەوەی ئێستا بە هانای رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی‌دا هاتوە قازانج پەرستیی ئورووپایی‌یەکان‌و جەزابیەتی بازاڕی تیجاریی ئێران‌و ئەو ئیمتیازە ئابووری‌یانە بووە کە ئورووپایی‌یەکان دەستیان کەوتون. بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەو مەترسی‌یانە ئێران بۆ جیهانی ئازادی دروست کردوەو دەیکا وەك پشتیوانی لە تیرۆریزم‌و هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی‌و دژایەتی لەگەڵ سوڵحی جیهانی‌و . . . ئورووپایی‌یەکان ناچار دەکا بۆ پاراستنی لانی کەم خۆیان لەبەرانبەر هەڕەشەی چەکی ئەتۆمیی ئێران، هەڵوێستێکی جیدی‌و لێبڕاوانە لە بەرانبەر ئێران دا بگرن.

**پ: ئەگەری هێنانە دەرێی رەفسەنجانی لە نێو سندووقەکانی دەنگ ڕا یەکجار لەسەرێیە. رەفسەنجانی دەتوانێ رزگاریدەرو کەشتیوانی رێژیم لە نێو ئەو دەریا خرۆشانەی کە رێژیمی ئیسلامیی ئێران تێی کەوتوە؟**

و: ئەگەر خاتەمی وەك رێبەری ئیسلاحخوازانی حکوومەتی ئیمتیحانی خۆی‌داو بۆ دنیای دەرەوە دەرکەوت نە هیچی پێ‌دەکرێ‌و نە دەیهەوێ هیچ کارێك بکا، رەفسەنجانییش وەك پیاوی ناوبراو بە پراگماتیست‌و ئەهلی کردەوەش ٨ ساڵ وەك سەرکۆمار لەمەیدان دا بوو. دەرکەوت گەندەڵی، فەساد، ئاوسانی دراوی، بێکاری‌و نابەسامانیی ئابووری لە سەردەمی رەفسەنجانی دا ریشەی داکوتاوە ئێستاش خەڵك بەدەستیانەوە دەناڵێنن. جگە لەوانە رەفسەنجانی یەکێك لە گەورەترین پشتیوانانی تیرۆریزم‌و تیرۆریستانە. لەڕاستی‌دا لە سەردەمی رەفسەنجانی‌دا بوو کە قەتڵەزنجیرەیی‌یەکان بە تایبەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەستیان پێ‌کرد تیرۆرکرانی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی لە سەرەتای سەرکۆماریی رەفسەنجانی‌دا بوو. قەتڵی شاپووری بەختیار، دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێکانی‌و زۆر لە رێبەرانی ئۆپوزیسیۆن لە کاتی سەرکۆماریی رەفسەنجانی‌دا روویان دا. حوکمی دادگای میکونووس بەڵگەیەکی حاشاهەڵنگرە لە تاوانباربوونی رەفسەنجانی‌دا. بۆیە رەفسەنجانی نەتەنیا ناتوانێ کەشتیوانێکی باش بێ بەڵکوو بۆخۆی قەیران خولقێنەو تۆفان زایە.

دەورانی رەفسەنجانی بەسەرچووەو خەڵکی لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەورەی شەشەمی مەجلیس پەیامی خۆیان گەیاندە ناوبراو.

**پ: دواوتەو سەرنجتان لەم پێوەندی‌یەدا؟**

و: ئەگەر بمانەوێ بە کورتی جەمعبەندی‌یەك لە قسەکان بکەین پێمان وایە خەڵك ئاگایانە ناچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە کوردستانیش نە وادەو بەڵێنە رەنگاورەنگەکان، نە مانۆڕدانی گرووپی بەناو ریفۆرمخوازی کورد، نە شانۆسازی‌یەکانی دیکە کاریگەری‌یەکی ئەوتۆیان لە راکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکان دەبێ.

هەروەك حیزبەکەمان بە راشکاوی ئەو هەڵبژاردنەی تەحریم کردوە لێرەشەوە داوا لە خەڵك دەکەین رۆژی هەڵبژاردن بە نەهاتنەدەر لەماڵ‌و نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ جارێکی دیکەش پەیامێکی روون‌و ئاشکرا بۆ کاربەدەستانی رێژیم بنێرن کە "نا" بۆ ئەم رێژیمەیە.

❋❋❋

**حوکمی دادگای میکونووس بەڵگەیەکی حاشاهەڵنگرە لە تاوانباربوونی رەفسەنجانی‌دا. بۆیە رەفسەنجانی نەتەنیا ناتوانێ کەشتیوانێکی باش بێ بەڵکوو بۆخۆی قەیران خولقێنەو تۆفان زایە**

*******

**خەڵك باوەڕێکیان بە ئیسلاح پەزیری نیزام نیە تا بگا بە ئیسلاحخوازانی حکوومەتی**

**ئورووپایی‌یەکانیش ئێستا بۆیان دەرکەوتوە کە ئەوە دەوڵەت بەسەرکۆماریشیەوە نیە کە قسەی یەکەم دەکا، بەڵکوو نەخشی بنەڕەتی لە دەستی رێبەرو ئەو نیهادانە دایە کە لە ژێر ئەمرو نەهی رێبەر دان و لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەتین و هەڵبژێردراوی خەڵك نین**

# برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغاتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شارو گوندەکانی کوردستان

## کرماشان

چەند رۆژ لەمەوبەر ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو شارستانی کرماشاندا کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتییان وەك، بڵاوکردنەوەی CDی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٣و CDی وتووێژی هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری لەگەڵ بەشی فارسی رادیۆ دەنگی ئەمریکا (بەرنامەی "میزگردی با شما") بەڕێوەبرد.

هەروەها لە درێژەی ئەم چالاکیانەدا زیاتر لە ٨٠٠ ژمارە CDی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ١٣ لە نێو کرماشان‌و شارەکانی "سۆنقۆری کولیایی"و "سەحنە"دا بڵاو کراونەتەوە.

شایانی باسە کە ئەم چالاکی‌یە تەبلیغاتیانەی ئەندامان‌و لایەنگرانی شۆڕشگێڕی حیزب، دەنگدانەوەی باشی لە نێو کرماشان‌و شارەکانی ناوبراودا هەبووەو بەتایبەتی لە پاش وتووێژی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ "برنامەی میزگردی با شما"دا، تەوەری باس‌و خواسی رۆژانەی خەڵك لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و سیاسەتەکانیەتی.

## کەرەندی رۆژئاوا

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نزیك بوونەوە لە کاتی بەڕێوەچوونی نۆهەمین خولی شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە شاری "کەرەندی رۆژئاوا"ی سەر بە پارێزگای کرماشان، کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتیی بەرچاویان لە جۆری نووسینی دروشمەکانی خوارەوە بەڕێوەبرد:

- هەڵبژاردن تەحریمە
- سڵاو لە رێبەرانی شەهید، پێشەوا قازی محەمەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی
- مەرگ‌و نەمان بۆ رێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی
- سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاڵاهەڵگری مافی نەتەوایەتی

شایانی باسە کە هەر لە درێژەی ئەم چالاکیانەدا ئاڵای کوردستان لە سەیرانگای "سەراو"ی کەرەندا، کە شوێنێکی قەرەباڵغە بەرز کراوەتەوە.

## بێڵەواری کرماشان

ئەندامان‌و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نزیکبوونەوە لە نۆهەمین خولی شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئێران کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتییان لە جۆری نووسینی دروشمەکانی خوارەوە بەڕێوەبرد:

- سڵاو بۆ رێبەرانی شەهید پێشەوا قازی محەمەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی
- سڵاو لە قاسملوو
- مەرگ‌و نەمان بۆ رەفسەنجانی بکوژی رێبەرانی کورد
- بەشداری لە هەڵبژاردنی رێژیمی ئاخوندی تەحریم ئەکەین

هەروەها لە هەموو ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغی کراوە، "نە" گوتن بە هەڵبژاردن نووسراوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغاتیان تیا بەڕێوەچووە:

١- قوتابخانەی ناوەندیی کوڕانی گوندی "مەرزبانی"
٢- قوتابخانەی کچانی گوندی "مەرزبانی"
٣- قوتابخانەی دواناوەندی گوندی "رەزێن"
٤- ئیدارە دەوڵەتی‌یەکانی وەك ئیدارەی پۆست‌و چەندین شوێنی گشتیی دیکە لەسەر رێگای سنە - کرماشان

## سنە

رۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٤/٣/٤، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا راگەیەندراوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"یان سەبارەت بە بەشداری‌نەکردنی خەڵك لە شانۆگەری هەڵبژاردندا لەم شوێنانەی خوارەوە بڵاو کردەوە:

شەقامەکان: فەرەح، فەیزئاوا، جۆرئاوا، شاپوور، ٢٥، ئوستانداری، نیزام ئاوا (جاش ئاوا)، دەفتەر فەننی

گەڕەکەکانی: فەرەح، سەرتەپۆڵە، ئەولیابەگ، شێخان، وەلیعەهد، کەمەربەندی ٢٥، تەقتەقان، قوتابخانەی ئیرشاد، هونەرستانی تاڵەقانی، حوسەینییەی سنە، چەمی حاجی نەسروڵڵا، دەوروبەری پاسگای ١٥، پارکی فەرەح، هۆڵی ئازادی، هۆڵی تەختی.

هەروەها رۆژی هەینی، ١٣٨٤/٣/٦، لە چالاکی‌یەکی تری تەبلیغاتی‌دا، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب زیاتر لە ١٥٠٠ بەرگ لەم راگەیەندراوەیان لە پارکی ئاویەرو سەدان بەرگەی تریشیان لە پاساژی ئاشنادا بڵاو کردەوە.

* رۆژی یەکشەممە، ١٣٨٤/٣/١، ئەندامان‌و لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبیان سەبارەت بە داواکردن لە خەڵك بۆ بەشداری نەکردن لە نۆهەمین خولی بەناوهەڵبژاردنی سەرەك کۆماری‌دا، لە زانکۆی کوردستان بڵاو کردەوە کە لە لایەن خوێندکاران‌و مامۆستایانی زانکۆوە پێشوازی لێ‌کرا.

وێڕای دەستخۆشی‌و ماندوونەبوونی لە هاوڕێیانی چالاکی حیزب، هیوادارین لە بەڕێوەبردنی ئەرك‌و پێ‌ئەسپاردە حیزبی‌یەکاندا سەرکەوتوو بن.

## بۆکان

رۆژی ١٣٨٤/٢/٢٧، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبیان بە بۆنەی بەناوهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری‌یەوەو هەروەها CDی رێوڕەسمەکانی حیزبیان لەم شوێنانەی خوارەوە بڵاو کردەوە:

١- زانکۆی "پەیام نوور"
٢- دەبیرستانەکانی سەعادەت، ئەندیشە (کچانە)، ئەمیرکەبیر، شەهیدان، ١٥ی خورداد، ئیستقلال‌و قوتابخانەکانی شەوڕۆژانە خومەینی، هونەرستانی موفەتێح، عیلم‌وسەنعەتی کوڕان
٣- گەڕەکەکانی: میرئاوا، دەوروبەری حەوزەگەورە، دەوروبەری مەیدانی فوتباڵ، مەجبوورئاوا و کولتەپە

## سەقز

بە نزیك بوونەوە لە بەڕێوەچوونی نۆهەمین خولی بەناوهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەقزدا کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتیان لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبدا لەمەڕ تەحریمی شانۆگەری هەڵبژاردن لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوەبرد:

بەهارستانی خواروو و سەروو، گوڵستان، نێو بازاڕی ئەسڵی، کەریم ئاوا، شاناز، بلوار, بەربڕان.

## ورمێ

شەوی ١٣٨٤/٢/٢٥، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب هاوکات لە هەموو خابگاکانی زانکۆی ورمێ‌دا راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان سەبارەت بە بەشداری نەکردنی خەڵکی نیشتمانپەوەری کوردستان لە شانۆگەری هەڵبژاردندا بڵاو کردەوە.

## ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەری

شەوی ٢٦ لەسەر ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٨٤، ئەندامان‌ولایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبیان سەبارەت بە تەحریمی هەڵبژاردن لە نێو هەموو خابگاکان‌و ماڵە خوێندکاری‌یەکان‌و تەواوی زانکۆی ورمێ‌دا بڵاو کردەوە.

هەروەها ٨٤/٢/٢٨، لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی تردا ئەندامان‌و لایەنگرانی شۆڕشگێڕی حیزب لە گوندەکانی ناوچەی "ئەنزەل"دا بەتایبەتی گوندی "کەرێز" راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان سەبارەت بە تەحریمی شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرەك کۆماری لە ٢٧ی جۆزەرداندا‌و CDیەکانی حیزبیان لەسەر سیاسەتەکانی حیزب بەنیسبەت هەڵبژاردنەوە بڵاو کردەوە.

## مەرگەوەری ورمێ

شەوی ٦ لەسەر ٧ی مانگی جۆزەردان، کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتی لە جۆری بڵاوکردنەوەی دروشم‌و تراکتی حیزبی‌و راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب سەبارەت بە تەحریمی نۆهەمین خولی شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران، لە لایەن ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەم شوێنانەی خوارەوەی ناوچەی "مەرگەوەر"و "دەشتی"ی ورمێ‌دا بەڕێوەچوو:

لە بەخشی سیلوانا: گوندەکانی دزەگر، میراوا، گردوان، ژاراوا، فلکان، باوا و گێسیان

## "بۆڕیەر" - ژاوەرۆی مەریوان

شەوی ١٣٨٤/٢/٢٩، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی "بۆڕیەر"دا کۆمەڵێك کاری تەبلغاتیان لە جۆری نووسینی دروشمی حیزبی‌و شۆڕشگێڕانەو بڵاوکردنەوەی تراکت، بە نیشانەی پشتیوانی لە بزاڤی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم شوێنانەی نێو گونددا بەڕێوەبرد:

نەخۆشخانەی گوند، قوتابخانەو سەرجەم کۆڵانەکان

## "نەران"و "تێژ تێژ"

لە لایەن ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتی لە جۆری بڵاوکردنەوەی تراکت‌و بڵاڤۆکی حیزبی لە گوندی "نەران"ی مەریواندا بەڕێوەچوو.

هەروەها لەم رۆژانەدا ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە گوندی "تێژ تێژ"دا، سەر بە ناوچەی کەڵاتەرزان بە بڵاوکردنەوەی تراکت‌و دروشم‌و بڵاڤۆکی حیزبی لە سەرجەم کۆڵانەکاندا چالاکیی تەبلیغاتیان بەڕێوەبرد.

شایانی باسە کە ئەم چالاکیانە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ‌کراو بوو بە هۆی دڵگەرمی‌و هیواداریییان.

## میاندواو

لە رۆژەکانی چوارشەممەو پێنجشەممە، ٢١و٢٢ی بانەمەڕی ١٣٨٤دا، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی میاندواودا کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتیی بەرین‌و سەرنجڕاکێشیان لە جۆری بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ بەشداری نەکردن لە بەناوهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ٢٧ی جۆزەردانی ئەم ساڵدا، بڵاوکردنەوەی تراکت‌و وێنەی رێبەرانی شەهیدو. . .لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوەچوو:

ناوچەی شاماتی میاندواوو گوندەکانی شیرین ئاوا، قزقەڵا، دێی مەنسوور، مەرجان ئاوا، گردەگول، حاجی حەسەن، ئەرمناك، خێرئاوا، تازەکەند، گەنج ئاوا، گەزەڵێن.

هەروەها راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب بە زمانی فارسی لە نێو شاری میاندواودا بڵاوکرایەوە.

شایانی باسە کە ئەم چالاکیانە کەوتنە بەر سەرنجی بیروڕای گشتی‌و بوون بە هۆی دڵگەرمی‌و دڵخۆشی خەڵکی ناوچە.

## شنۆ

شەوی ١٣٨٤/٣/٧، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی تەحریمی نۆهەمین خولی بەناوهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری، کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتیی سەرنجڕاکێشیان لە جۆری بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی سەبارەت بە تەحریمی شانۆگەری هەڵبژاردن، بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی‌و نووسینی دروشمی جۆراوجۆر وەك: "سوێند بە خوێنی شەهیدان ناچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان"، "بژی حیزبی دێموکرات"، "قاسملوو رێگات درێژەی هەیە"و "بژی پێشمەرگە"و چەندین دروشمی دیکە، لە ناوچەی شنۆدا بەڕێوەبرد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغاتیان تێدا کراوە، بریتین لە:

ئاسناوێ، کۆنەقەڵا، چواربوت، بالاگر، دێ شمق، فوجا، خروشاوێ، حەسەن نوران، پرداوێ، سەرگر، لەهێ، سەردەرێ، پوشاوێ‌و سەفەراوێ

وێڕای دەستخۆشی‌و ماندوونەبوونی لە تێکۆشانی چالاکانەی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب هیوادارین کە لە بەڕێوەبردنی ئەکەکانیاندا سەرکەوتوو بن.

* شەوی شەممە، ١٣٨٤/٢/٢٤، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو شاری شنۆدا بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی‌و رۆژنامەی "ئاگری" لەم شوێنانەی خوارەوەدا چالاکیی تەبلیغاتیان بەڕێوەبرد:

مزگەوتی شێخ عەبدولعەزیز، قوتابخانەی حاج رەسوولیان، قوتابخانەی "شەبانەروزی"ی کچانە، قوتابخانەی سەعید ئەمینی کەوسەر، نەخۆشخانەی شار، مزگەوتی نەبی ئەکرەم.

## نەغەدە

چەند رۆژ لەمەوپێش، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی لە شاری نەغەدەو دەوروبەری‌دا، رۆژنامەی "کوردستان"، راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێنەی رێبەری شەهیدو هەرگیزنەمر دوکتور قاسملوو، تراکت‌و بڵاڤۆکی حیزبی‌یان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

گوندی خەلیفان، گوندی گەلوان‌و لە نێو شاریشدا شەقامی بالشی، مەیدانی وەحدەت، شەقامی گادەشت‌و شەقامی پیرانشار.

## مەهاباد - ناوچەی شاروێران

شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی جۆزەردان, لە ناوچەی شاروێرانی مەهابادا, ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان سەبارەت بە تەحریمی خولی مۆیەمی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئێران بەڕادەیەکی بەرچاو لەم گوندانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

قەرەداغ, گابازەڵە, گردی یاقووب, قەرەقشلاق, قزڵقۆپی

## سەردەشت

شەوی ١٣٨٤/٣/٨، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەشت کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتییان لە شێوەی بڵاوکردنەوەی تراکت‌و چاپەمەنی‌و دروشمی حیزبی‌و شۆڕشگێڕانە لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوەبرد:

گەڕەکی گردەسوور بەگشتی، دەوروبەری قوتابخانەی مەنوچێهری، سێ‌ڕێیانی ژاژۆکە، پۆمپی بەنزین، دەوروبەری مزگەوتی قیبلە، گەڕەکی شێخ مەولانە، دەوروبەری نەخۆشخانە، دەوروبەری سینماو پارکی شار، کوچەی دیناران، شەقامی بەناوئیمام، گەڕەکی سوێ بەردەقوچی، چوارڕێیانی فەرمانداریی کۆن‌و نێو سەرجەم مزگەوتەکانی شار.

## شارەدێی نەڵاس و شاری سەردەشت

### شارەدێی نەڵاس:

شەقامی سەرەکی، گەڕەکی نزیك جاددەی گوندی "ئاغەلان"، دەوروبەری جاددەی گوندی "وەرگێڵ"

* شەوی ١٣٨٤/٣/٥، لە نەڵاس‌و شەوی ١٣٨٤/٣/٦ لە نێو شاری سەردەشتدا ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا، CDیەکانی سەبارەت بە کۆنگرەی ١٣و فیدرالیزم‌و وتووێژی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لەسەر هەڵبژاردن‌و هەروەها تراکت‌و دروشمی حیزبی‌و نەتەوەیی‌یان لە پانتایی‌یەکی بەریندا بڵاوکردەوە.

* شەقامی کەمەربەندی، دەوروبەری مزگەوتی قیبلە، گەڕەکی کانی مەڕی، گەڕەکی ئاشان، دەوروبەری سەرچاوێ، گەڕەکی گردەسوور

❊ ❊ ❊

## پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بەسترانی پێنجەمین کۆنگرەی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سوریە

هەڤاڵی بەڕێز کاك ئیسماعیل عومەر
سەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سوریە
لەگەڵ سڵاوێکی برایانە!

بە بۆنەی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە جەنابت‌و ئەندامانی کۆنگرەو لە رێگەی ئێوەشەوە لە ئەندامان‌و دۆستانی پارتەکەتان دەکەین.

هیوادارین کۆنگرەکەتان لە بەجێ‌گەیاندنی ئەرکە سیاسی‌و نەتەوەیی‌یەکانی‌دا کە لە دروشمەکانی کۆنگرەدا بەرجەستە ببوونەوە سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێنابێ‌و حیزبەکەتان لە پرۆسەی دێموکراسیخوازیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەئسیری بەرچاوی هەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی‌تر لەسەر پەیوەندی دۆستانەو برایانەی خۆی لەگەڵ پارتەکەتان پێ‌دادەگرێ‌و ئارەزووی سەرکەوتنی زیاترتان لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی کورد لە سوریە بۆ دەخوازێ.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی مای ٢٠٠٥**

## پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ رێورەسمی رێزگرتن لە یادی بیژەن جەزەنی

**هاوڕێیانی بەڕێز لە رێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران!**

بەشداربوانی هێژای رێزگرتن لە یادو بیرەوەریی بیژەن جەزەنی!

ئێستا رێز لە یادو بیرەوەریی مرۆڤێکی مەزن دەگرین کە ٣٠ساڵ لەمەوپێش، بەوپەڕی دڵئاوایی‌یەوە ژیانی بەخشیە ئازادی‌و دادپەروەری‌و سەرەنجام لە رۆژی ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٥٤دا بە تاوانی پێداگرتن لەسەر باوەڕەکانی لە لایەن دڵڕەشانەوە گوللەباران کرا. بەڵام یادو بیروەری‌یەکانی، وەك رابردوو بزوێنەری ئەو لاوانەیە کە ناچنە ژێر باری ستەمی دەزگای دەسەڵاتدار بەسەر خەڵکی ئێراندا‌و خوازیاری پێکهاتنی گۆڕانکاریی بنەڕەتین لە پێوەندی‌یە سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای ئێراندا.

هاوڕێیانی هێژا!

یادو بیرەوەریی خەباتکارانی گیانبەختکردوو لە رێگای ئازادی‌دا، هەموومان هان دەدا بۆ دیتنەوەی رێگاچارەیەك، چونکە نیشتمانەکەمان ژان بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی‌یەوە دەگرێ‌و دەبێ وەها گۆڕانکاری‌گەلێ بێتە هۆی لێکگەیشتن‌و یەکیەتیی لەنێو هەموو ئەو خەباتکارانەی کە دڵیان بۆ ئازادی لێ دەدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێزەوە یادی خەباتکاری کۆڵنەدەر "بیژەن جەزەنی" دەکاتەوەو هەنووکەش لەسەر بەردەوامبوونی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ رێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران، پێدادەگرێتەوەو هیواداره لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردا، هەتاوی ئازادی لە نیشتمانەکەماندا هەڵ بێ‌و یادی شەهیدانی رێگای ئازادی لە خاکی نیشتمان‌و بە بەشداریی کۆمەڵانی خەڵك بکرێتەوە.

**بە هیوای ئەو رۆژە**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## مەهاباد: مانگرتن و خۆپێشاندانی خوێندکارانی زانکۆی ئازاد

ڕۆژی ١٣٨٤/٣/٦، خوێندکارانی زانکۆی ئازادی مەهاباد بە هۆی خراپی و نالەباربوونی خواردەمەنییەوە مانیان گرت و هەروەها خۆپیشاندانێکیان لە نێو زانکۆدا بەڕێوەبرد کە لە لایەن هێزەکانی پارێزگاری زانکۆوە (حراست دانشگاه) بە گوشار و هەڕەشە نارەزایەتییەکەیان کۆتایی پێهات. ئەمە لە دۆخێك دایە کە لە هەر خوێندکارێك لە ماوەی ٦ مانگدا چوارسەدهەزار تمەن وەردەگیردرێ، کە دەبێ لە ڕێگای دابینکردنی پێداویستییەکانیاندا خەرج بکرێ. بەڵام هیچکات پێداویستییەکانیان لە لایەن بەرپرسانی زانکۆوە بەو شێوەی کە شیاوی خوێندکارانە دابین نەکراوە.

### ـ هاتووچۆی هێزی ئینتیزامی بە مەبەستی پێشگیری لە چالاکیی دژ بە شانۆی هەڵبژاردن

ماوەیەکە کە هێزە دژیگەلییەکانی ئینتیزامی هاتوچۆی شەوانەی خۆیان لە نێو شاری مەهاباددا بە مەبەستی پێشگیری لە چالاکیی ئەو کەسانەی کە دژی شانۆگەری هەڵبژاردن دروشم دەنووسن زۆر کردوە، بەڵام سەرەڕای هەڵسوکەوتی ئەم هێزانە خەڵك هەر بە نووسینی دروشم لە دژی بەناوهەڵبژاردن درێژە دەدەن.

### ـ پیلانی دژیگەلی و نامرۆڤانەی هێزەکانی ئیتلاعات بۆ پەرەپێدانی ماددە هۆشبەرەکان لە نێو لاوانی دا

ماوەیەکە کە هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە کردەوەیەکی نامرۆڤانەو دژیگەلییانەدا خەریکی پەرەپێدانی ئێعتیاد لە مەهاباد دان و لەم پێوەندییەدا زۆر بە جیددی مەواددی هۆشبەر لە نێو لاوەکاندا بڵاو دەکەنەوە.

بەپێی هەواڵەکان، ئیتلاعات لە ڕێگەی پارەدان بە "هێرۆئین"فرۆشەکانەوە هانیان دەدا کە چاکترو بەربڵاوتر ئەم ماددە لە نێو لاواندا بڵاو بکەنەوەو تەنانەت "تریاك"فرۆشەکان هان دەدا کە لەباتی تریاك فرۆشتن، ڕوو لە فرۆشتنی "هێرۆئین" بکەن و لەم پێوەندییەشدا خەرجییەکەیان بۆ قەرەبوو دەکاتەوە.

شیاوی باسە کە نزیك بە مانگێك لەمەوپێش لە مەیدانی "مەنگوڕان"ی مەهاباددا خەڵك هێرشیان کردە سەر "هێرۆئین"فرۆشێك و ماتۆرەکەیان ئاگر تێ بەردا.

### ـ مزگەوتی "بیلالی حەبەشە" بۆتە بنکەی بەڕێوەبردنی ویستە دژی گەلییەکانی بەسیج

ماوەیەکە لە شاری مەهاباددا مزگەوتی "بیلالی حەبەشە" بۆتە بنکەی هێزی بەکرێگیراوی بەسیج و بە ناوی بەسیجی بیلالی حەبەشەوە کاروباری بنکەکانی دیکەی بەسیج وەك دابینکردنی ئەندام و هێزی پێویست بۆیان، لەوێوە بەڕێوەدەچێ.

بەرپرسانی ئەم بنکە دوای ئەندامگیری هێزەکانی خۆیان بۆ جاسوسی لەسەر ئەو کەسانەی کە چالاکیی سیاسی بەڕێوەدەبن ڕادەهێنن و لەم پێوەندییەدا هەرکەس کە ئەرکی خۆی بەڕێوە ببا پلەو کرێی تایبەتی بۆ دیاری دەکرێ.

### بەندیخانەی مەهاباد

بەندیخانەی مەهاباد لە چوار بەندا نزیکەی ٦٠٠ بەندکراوی لەخۆگرتووە. بەندی یەکەمی ئەم بەندیخانەیە تایبەتە بە موعتادەکان کە نزیکەی ٣٠٪ی بەندییەکان لەم بەشەدان. لە بەندەکانی ٢و٣و٤دا بەندکراوەکانی تر بە تاوانی جۆراوجۆر وەك، بکوژ، دز، سیاسی و. . .لە پاڵ یەکدان.

ئامانجی ڕێژیم لەم کردەوە (بوونی بەندکراوی سیاسی لە پاڵ بەندکراوەکانی بەتاوانی ترەوە) ئەوەیە کە جیا لەوەی کە کەسانیتر لە ئاکامەکانی چالاکیی سیاسی ئاگادار بکا، دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە بەندکراوەکانی سیاسی سووك بکا و لە بارودۆخێکی ڕەوانی نالەباردا ڕایان بگرێ. هەر بەم هۆیەوە بەندییە سیاسییەکان لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەی ڕەوانیدا بەسەر دەبەن. بەڵام سەرەڕای ئەم شێوە هەڵسوکەوتەی ڕێژیم لەگەڵیاندا لە لایەن بەندکراوەکانیترەوە ڕێزیان لێدەگیردرێ.

لە بەندی ٣، دیوی ١دا، بەندکراوەکانی مێرمنداڵ نیشتەجێن کە نزیکەی ٢٥ کەس دەبن (بەڵام ژمارەیان کەموزیاد دەکا). ئەم بەندکراوانە بەردەوام لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو دەستدرێژی جینسی دان. ئەم توێژە لەدوای ئازادبوونیان بە هۆی ترس لە ئابڕووچوون، ئەو بارودۆخەی کە تێیدا بوون، باس ناکەن.

بارودۆخی لەشساغی و بێهداشتیی بەندکراوەکان زۆر نالەبارە. لەم بەندیخانەیەدا مەواددی هۆشبەر بە ئاسانی و بە جۆرێك ئاسانتر لە پەرداخێك ئاوو بە هەر ڕادەیەك کە خوازیار بی دەست دەکەوێ.

لەم بەندیخانەیەدا جیا لە بەندکراوانی سیاسی بەندکراوانی تر بە هەر تاوانێکەوە دەتوانن لە کەمکردنەوەی ماوەی زیندانی (تەخفیف)و بەخشین و مەرەخسی کەڵك وەربگرن و هەروەها بە ئاسانی لەگەڵ بنەماڵەکانیاندا پێوەندییان هەبێ. بەڵام حوکمی بەندییە سیاسییەکان لەگەڵ ئەو تاوانەی خراوەتە پاڵیان هاوسەنگ نییەو زۆرجار حوکمێکی توندتر لە ڕادەی تاوانیان بۆ دەبردرێتەوە. ئەم بێعەدالەتییە لە هەمبەر بەندکراوەکانی کورددا زۆر ئاشکراترو ڕوونترەو بەتایبەتی بەندکراوەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەوشێکی دژوارتردا بەسەر دەبەن.

### بڕۆشخواران ـ سەلماس
### گیان لەدەستدانی لاوێکی بێتاوان بە هۆی دەستدرێژی هێزی دژیگەلیی ئینتیزامییەوە

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٢٩، لاوێکی تەمەن ١٧ ساڵە بە ناوی "ساسان ئەیوەری"، خەڵکی گوندی "بڕۆشخواران"ی سەلماس کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر بە هۆی دەستدرێژی کوێرانەو بێبەزەییانەی هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیمەوە بە توندی بریندار کرابوو، لە نەخۆشخانەی "موتەهەری"ی ورمێدا گیانی لەدەست دا.

### گوشاری ڕێژیم بۆ بە بەسیجکردنی مامۆستایان و قوتابیان لە ڕەوانسەردا

چەند ڕۆژە ڕێژیمی دژیگەلیی ئاخوندی و دەزگا ئیتلاعاتی و نیزامییەکانی لە شاری ڕەوانسەردا گوشاریان بۆ مامۆستایان و قوتابیان و بەگشتی فەرهەنگییەکان هێناوە کە بنن بە بەسیج و ئەگەر ئەم داواکارییەی ڕێژیم قەبووڵ نەکەن مووچەی مانگانەیان لێدەبڕێ و لەسەر کار لادەبرێن.

# هەواڵەکانی کوردستان

### شنۆ: لە ئاکامی دەستدرێژی کوێرانەی هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیمدا هاووڵاتییەك بە توندی بریندار بوو

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٤/٣/٧ی، هاووڵاتییەکی بێتاوان بە ناوی "عەبدولرەحمان"، خەڵکی گوندی "میرئاوا"، سەر بە ناوچەی شنۆ، لە کاتی ڕۆیشتن بۆ لای مەڕومالات، بێهیچ هۆکارێ لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامییەوە دەدرێتە بەر دەستدرێژ و لە ئاکامدا بە توندی بریندار بوو کە ئێستا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ورمێدا بەستەری کراوە.

### سنە: هێرشی کوێرانەی تاقمێك گۆپاڵبەدەست و بەکرێگیراوی ڕێژیم بۆ سەر خەڵك

شەوی ١٣٨٤/٣/٧، نزیك کاتژمێر ٩ی شەو، لە شەقامی "٦ی بەهمەن"ی سنەدا نزیکەی ١٠ کەس لە گۆپاڵبەدەستان و بەکرێگیراوانی سەر بە ڕێژیم کە جلوبەرگی ڕەشیان لەبەردا بوو بە شێوەیەکی دڕندانە بە کاردو گۆپاڵ هێرشیان بردە سەر خەڵك و دووکانەکانی نێو "موجتەمەعی تیجاریی کوردستان"و دەستیان کرد بە شکاندنی شووشەو تابلۆی دووکانەکان و سووکایەتیکردن و جنێودان بە کوردو خەڵکی سنەو هەروەها چەند کەسێکی بێتاوانیشیان بریندار کرد.

شیاوی باسە کە لەو بارودۆخەدا هێزی بەناوئینتیزامی دەچنە شوێنی ڕووداوەکەو نەتەنیا هیچ هەوڵێك بۆ پێشگیری لە پەلاماری کوێرانەی ئەم تاقمە نادا بەڵکوو داوا لە هێزەکانی خۆی دەکا کە کارێکیان پێیان نەبێ. ئەم کردەوە دژیگەلییانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە لایەن خەڵکەوە بێوەڵام نەمایەوەو لە هەڵمەتێکی بوێرانەدا کاردانەوەی خۆیان بە بریندارکردن و شکاندنی سەروگوێلاکیان نیشان داو لە ئاکامدا گۆپاڵبەدەستانی ڕێژیم ناچار بە هەڵاتن هاتن.

### کوژران و بریندار بوونی دوو هاووڵاتیی بێتاوان لە لایەن سوپای پاسدارانەوە

ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٣/٤، هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیم بە بیانووی ئەوەی کە پێشمەرگە لە ناوچەیەدایە لە شوێشەداو لەسەر ڕێگای "بیەرە"، تەقە لە ماشینێکی تۆیۆتا دەکەن کە لە ئاکامی ئەم کردەوە دڕندانەیەدا کەسێك بە ناوی "ئەمیر کامرانی"، دانیشتووی سنە گیانی لەدەست داو کەسێکیتریش بە ناوی "کەماڵ سەعیدی" دانیشتووی سنە بریندار بوو.

### ـ کۆچیدوایی لایەنگرێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری حیزب

ماوەی چەند ڕۆژ لەمەوبەر، دۆست و لایەنگرێکی دڵسۆزو ئەمەکناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "ڕەئوف خورەنگ"، خەڵکی گوندی "ڕیخەڵان"ی ناوچەی مەریوان، دانیشتووی شارستانی سنە بە هۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچیدوایی کرد.

وێڕای پرسەوسەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری کاك ڕەئوف، ئاواتەخوازین کە ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ.

### ـ تێکهەڵچوون لە شورای شار لەبارچوونی کۆرپەلەی ئەندامێکی شورای شاری لێکەوتەوە

لە کۆبوونەوەیەکی حەوتووی ڕابردووی شوورای شاری سنەدا تێکهەڵچوونێك لە نێوان دوو ئەندامی ئەم شوورایە بە ناوەکانی "سەیدمێهدی تەخت فیروزە"و "لەیلا فرووتەن نژاد" لەسەر کڕین و فرۆشتنی نایاسایی زەوییەکانی کوردستان پێك دێ.

لەم کۆبوونەوەیەدا لەیلا فرووتەن نژاد، تەخت فیروزەیی بە فرۆشتنی نایاسایی زەوییەکانی کوردستان بە کەسانی غەیری بوومی تاوانبار کردبوو، هەربۆیە تەخت فیروزەش بە تووڕەیییەوە پەلاماری لەیلا فرووتەن نژاد دەداو لە ئاکامدا ناوبراو لە بێهۆشیدا بەرێی نەخۆشخانە دەکرێ کە بە لێکدانەوەی دوکتورەکان کۆرپەی ٦ مانگەی لەیلا فرووتەن نژادبە هۆی گوشارو ئێسترسەوە لەبار چووە.

### بانە: دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان کەوتوونەتە بەر گوشاری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم

ماوەیەکە ڕێژیمی دژیگەلیی ئاخوندی لە ڕێگەی ئاوەدانکردنەوەی مۆڵگە نیزامییەکانەوە بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکاندا گوشارێکی زۆری بۆ خەڵکی ناوچەی بانەو دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان هێناوە. بۆ نموونە ڕێژیم لە گوندی "گۆماو"دا مۆڵگەیەکی داناوە کە گوشارێکی زۆریان بۆ خەڵك هێناوەو لە ڕۆژی ١٣٨٤/٣/٢دا هێزەکانی نیشتەجێ لەم مۆڵگەدا تەقە لە کاروانی کاسبکاران دەکەن و لە ئاکامدا کەسێك کە بە کوڕی "ڕەحمان ئەحمەد سارە" ناسێندراوە بریندار دەبێ و بەرێی نەخۆشخانەی سەقز دەکرێ.

### ـ ڕێژیم لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە خەڵك بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا هان دەدا

بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شارستانی بانە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەکرێگیراوانی بەسیجی و شووراکانی شارو نامەناردن بۆ یانەوە داوایان لێدەکەن کە خەڵك بۆ بەشداری لە بەناوهەڵبژاردنی سەرەك کۆماریداو هاتنە سەر سندووقەکانی دەنگدان هان بدەن.

### ـ هاووڵاتییەك بە شێوەیەکی ناڕوون و گوماناوی کوژرا

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٢٥ی هەتاوی، تەرمی کەسێك بە ناوی "بێهرووز سەقزی" کە کاری شاگردیی تراشکاری بوو لە گەڕەکی "ساڵح ئاوا"ی شاری بانە دۆزرایەوە.

### سەلماس: هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیم لە درێژەی کوشتوبڕی ڕۆژانەی کاسبکاراندا، کاسبکارێکیان لە ناوچەی کوشت

چەند ڕۆژ لەمەوپێش، کاروانچییەك بە ناوی "مەحکوم"، خەڵکی گوندی "کۆڵدەران"، سەر بە ناوچەی سەلماس، لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، جێگیر لە مۆڵگەی "هشتراکی شیپران"دا، دەدرێتە بەر دەستدرێژ و لە ئاکامدا گیانی لەدەست دەدا.

شایانی باسە کە هێزەکانی ڕێژیمی دژیگەلی ئاخوندی ڕۆژانەو بە شێوەیەکی دڕندانە هێرش دەکەنە سەر کاسبکارانی بێتاوان کە جیا لە کاروکاسبی لەسەر سنوورەکاندا هیچ سەرچاوەی داهاتێکیان نییەو لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا دەبێ گیانیان بکەوێتە سەر دەستدرێژی بێبەزەییانەی هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیمەوە.

### نۆدشە: کۆچیدوایی خوشکە "کافیە سەعدوڵلایی"، ژنێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر

ماوەیەك لەمەوپێش خوشکە "کافیە سەعدوڵلایی"، خەڵکی شارۆچکەی "نۆدشە"ی هەورامان بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچیدوایی کرد.

خوشکە کافیە یەکێك لەو شێرەژنانە بوو کە لە ڕەوتی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورددا بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، قوربانی بەنرخی لە پێناو وەدیهاتنی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورددا پێشکەش کردووەو لەم پێناوەدا لە هیچ چەشنە پشتگیری و هاریکارییەك درێغی نەکردووە.

ناوبراو خێزانی شەهید "ئەمین مەساعدی"و دایکی شەهید "محەممەدڕەحیم مەساعدی"و هەروەها پووری شەهیدان "مارف نەزەری"و "محەممەدسەعید نەزەری"یە.

وێڕای سەرەخۆشی لە کەسوکارو بنەماڵەی خوشکە کافیە ئاواتەخوازین کە ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ

### ورمێ: کوژرانی لاوێکی بێتاوان لە لایەن بەکرێگیراوانی دژیگەلیی ئاخوندییەوە

چەند ڕۆژ لەمەوبەر، لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ بە ناوی "کەماڵ شەریفی"، خەڵکی گوندی "سەیداوا"ی ورمێ، لەسەر گالۆنێك گازۆئیل لە نێو گوندی "بردووك"دا لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە تەقەی لێدەکرێ و گیانی لەدەست دەدا.

### مەریوان: کردەوەکانی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان

بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن کومیتەی ئیمدادەوە:

١ـ بە هەر کەسێك ٢ کیلۆ ڕۆن، ٢ کیلۆ قەند، ٣ کیلۆ برنج بە نرخێکی زۆر کەم (٢٠٠ تا ٣٠٠) تمەن دەدەن.

٢ـ بەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ٦٠ ساڵ سەرترە ١٨٠ هەزار تمەن دەدەن

٣ـ کومیتەی ئیمداد بە منداڵەکان ٥٠ هەزار تمەن و بە گەورەکان ١٠٠ هەزار تمەن دەدا

### مەریوان: بەرپرسانی سوپای پاسداران بە دانی وادەو بەڵێنی فریوکارانە دەیانەوێ قوتابیانی قوتابخانەکان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا هان بدەن

بە مەبەستی هاندانی قوتابیان بۆ بەشداریکردن لە شانۆگەری هەڵبژاردندا ماوەیەکە کە بەرپرسانی سوپای پاسداران لە قوتابخانەکاندا خەریکی پێکهێنانی کۆبوونەوەو قسەکردن بۆ قوتابیانن و دەیانەوێ لە ڕێگەی دانی وادەو ئیمتیازی وەکوو ڕۆیشتنە "زانکۆ"و... لاوان بۆ چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان فریو بدەن، بەڵام قوتابیانی ئاگاو وشیاری مەریوان گاڵتەیان بەم بەڵێنانە هاتووەو هیچ بایەخێکیان بۆ وتەی بەرپرسانی سوپا دانەناوە.

### ـ بە هۆی بەربەرەکانێی خەڵکی شارەدارو هێزە ئینتیزامییەکان بە شپرزەییەوە هەڵاتن

ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٣/٤، شارەداری مەریوان کە دەیویست بە هاوکاری هێزی بەناوئینتیزامی خانووی کەسێك بە ناوی "موختار" لە گەڕەکی "ساوجییەکان"دا بڕوخێنێ لەگەڵ کاردانەوەی خەڵکدا بەرەوڕوو بوون هەربۆیە ناچارهاتن بە شپرزەیی و بە جێمانی ماشینێك لێیان ئەو شوێنە چۆڵ بکەن.

شیاوی باسە کە توێژی هەژاری کۆمەڵگا بە هۆی کەم داهاتییەوە ناتوانن لە ڕێگەی یاسایی و وەرگرتنی مۆڵەتەوە خانوو ساز بکەن و جیا لەوەش یان دەبێ بەرتیلێکی زۆر بە کاربەدەستانی شارەداری بدەن یان خانووەکەیان لە لایەن شارەدارییەوە دەڕووخێندرێ.

### ـ پیلانی بەسیج بۆ بەدناوکردنی مامۆستایان

ماوەیەکە کە هێزی بەکرێگیراوی بەسیج بە مەبەستی بێحورمەتی و سووکایەتیکردن بە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری مەریوان دەستی داوەتە ناردنی "سوپاس نامە" بۆ بەشێك لەو مامۆستایانە. ئەمە لەکاتێك دایە کە ئەم کەسانە هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ بەسیجدا نەبووەو ئەم پیلانە تەنیا بۆ بەدناوکردنی مامۆستایان و ئەوەیە کە خەڵك قەزاوەتی خراپ لەسەر مامۆستایان بکەن.

هەرچەند ئەم پیلانەی بەسیج لە ماوەیەکی کاتیدا ببێتە هۆی دەنگدانەوەی خراپ لەسەر ئەم مامۆستایانە بەڵام لە درێژماوەداو بە ڕوونبوونەوەی ڕاستییەکان ڕووڕەشی و بەدناوی بۆ بەکرێگیراوانی بەسیج دەمێنێتەوە.

### گوندی تەوریوەر: کۆچیدوایی خوشکە "سوریە موحەممەدی"، مرۆڤێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر

چەند ڕۆژ لەمەوپێش لە گوندی "تەوریوەر"ی ژاوەرۆی سنەدا ژنێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بە ناوی خوشکە "سریە موحەممەدی" کۆچیدوایی کرد.

خوشکە سریە ئەندامی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو تێکۆشەرە کە بەوپەڕی لێهاتوویی و بوێرییەوە بەردەوام یارمەتیی شۆڕشگێڕان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە ناوچەدا داوەو لەم پێناوەدا لە هیچ چەشنە پشتگیری و هاریکارییەك خۆی نەدەبوارد.

وێڕای پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری خوشکە سریە ئاواتەخوازین کە ڕۆحی شادو ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێت.

### سەردەشت: کوژرانی گوماناویی کارمەندێکی نەخۆشخانە

ڕۆژی شەممە، ١٣٨٤/٢/٢٤، فەرمانبەرێکی نەخۆشخانەی سەردەشت بە ناوی بەختیار قادری کوڕی ڕەسوول قادری کە لیسانسی "علومی ئازمایشگاهی"ی هەیەو هەروەها یەکێك لە ئەندامانی تەریقەتی نەقشبەندییە بە شێوەیەکی ناڕوون و گوماناوی کوژرا.

بەرپرسانی نەخۆشخانەو ئیتلاعاتی سەردەشت لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەم کردەوەیە بە خۆکوژی لەقەڵەم بدەن و لەنێو خەڵکدا کردوویانە بە دەنگۆ کە ناوبراو خۆکوژی کردوە بەڵام لە ڕوانگەی خەڵکەوە ئەم کردەوە بە کوژرانی حیرفەیی و زانایانەی ناوبراو چاوی لێدەکرێ.

### مانۆری هێزەکانی ڕێژیم لە چەند گوندی ناوچەی سەردەشت

ڕێکەوتی ٢/٢٦ تا ١٣٨٤/٣/٢، لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامییەوە لە گوندەکانی "کانی خەیاران"و "سوورەوەن"دا مانۆڕێك کە بەڕواڵەت پێشتر بە خەڵك ڕاگەیەندرابوو بەڕێوەچوو.

شایانی باسە کە ئەم جۆرە مانۆڕانە سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژیم لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ بە گومانی خۆی خەڵك چاوترسێن بکا، سروشت و ژینگەی ناوچەش تووشی زەرەروزیان دەکا.

### سەردەشت: ڕێژیم لە پڕوپاگانداکانی شانۆگەری هەڵبژاردندا لە پیلانی جۆراوجۆر کەڵك وەردەگرێ

لە کاتی دەست پێکردنی تەبلیغات بە مەبەستی گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردنەوە، ئۆرگانە تەبلیغییەکانی ڕێژیم لە ناوچەی سەردەشتدا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەست بە کار بوون و لەم پێوەندییەشدا هانایان بۆ زۆر پیلان و فێڵوتەڵەکەی ڕەنگاوڕەنگ بردووە کە ئەمە نموونەی بەشێك لەو پیلانانەیە لە خوارەوە:

١ـ ئیمام جومعەی شارو شارۆچکەو گوندەکان هان دەدرێن کە تەبلیغات بۆ بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردندا بکەن

٢ـ هێزە چەکدارەکانیان لە ناوچەدا بۆ داواکردن لە خەڵك بە مەبەستی بەشداری لە هەڵبژاردندا بڵاو کردۆتەوە

٣ـ یارمەتیی ڕاگیراوی بەسیجی و پاسدارەکانیان لەم ماوەدا دابین کردوە

٤ـ کۆنەجاشەکانی ناوچە وەك: حەمەئاغاو نەجمەکوێرو عەزیز گروێ و. . .بانگ کراون و بە هەر یەکیان پارچەیەك زەوی دراوە

٥ـ کومیتەی ئیمداد لەم ماوەدا دەستی داوەتە تەخشانوپەخشان کردن و بڵاوکردنەوەی کەلوپەل لە نێو خەڵکدا

٦ـ پێکهێنانی کۆبوونەوەی بەرین و بەربڵاو بۆ سەرجەم چین و توێژەکان لە لایەن کەسانی وەك: سەردار سەفەرزادە، بەرپرسی سوپای پاسداران و. . .

### پشتیوانیی ڕۆژنامەنووسانی کورد لە هاوکارەکانیان

کۆمەڵێك لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆی کورد بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێك وێڕای ڕاگەیاندنی پشتگیری خۆیان لە هاوکارەکانیان، هەڵسوکەوتی مەجلیسی حەوتەمیان لەگەڵ هەواڵنووسانی ڕاگەیەنە هەواڵییەکاندا مەحکووم کرد.

دەقی ئەو ڕاگەیەندراوەی کە، ئیجلال قەوامی، ئاکۆ کوردنەسەب، موحەممەدسدیق کەبوودەوەند، کاوە حسێن پەناهی، مادێح ئەحمەدی، ئارەش ساڵحی و عەدنان حەسەنپوور ئیمزایان کردوە ئەمەیە:

"بۆ دووهەمین جارە کە لە لایەن مەجلیسی حەوتەمەوە تێکهەڵچوون و سووکایەتیکردن بە هەواڵنووسان دەبینین، جێی سەرسووڕمانی زۆرە مەجلیسێك کە خۆی بە پایبەندبوون بە بەهاکان و پشتیوانی لە مافەکانی خەڵك دەناسێنێ بە ئەدەبیاتێکی نائەخلاقی و دوور لە شانی نوێنەرێکی مەجلیس، داری هەڕاج لە چالاکی و ڕوونکردنەوەکانی بنەمای چوارەمی دێموکراسی دەدا.

بێگومان ئەم جۆرە کردەوانە نەتەنیا شوێنەوارێك لەسەر ئیرادەی پۆڵایینی ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنووسان دانانێ، بەڵکوو زۆرتر لە پێشوو لە ڕێگەی مافی خەڵکداو بەرگری لە ئازادی و عەدالەت هەنگاو دەنێن.

ئێمە کۆمەڵێك لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی وێڕای هاودەردی و پشتیوانی لە هەواڵنووسانی ڕۆژنامەی "شرق"و بڵاوکراوە نەتەوەییەکان، هاندەری ئەم کردەوانە کە لە دۆگماتیسمی فیکرییەوە سەرچاوەی گرتووە مەحکووم دەکەین".

شایانی باسە کە دوو حەوتووی پێش نوێنەرێکی مەجلیس سووکایەتیی بە هەواڵنووسی ڕۆژنامەی "شرق" کردبووو هەروەها لە ئاخرەکانی ساڵی ڕابردوودا هەواڵنووسێکی ڕۆژنامەی "همبستگی"یش لە پارلمان وەدەرنرا.

### بۆکان: نووسینی وشەی "کوردستان"، دەبێتە هۆی لێدان و دەستبەسەرکردنی لاوێك لە لایەن هێزی دژیگەلیی ئینتیزامییەوە

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٣٠، لاوێکی خەڵکی بۆکان کە بە مۆتۆرسیکلێت و بۆ سەیران دەچێتە پارکی "ساحلی"ی ئەو شارە، لە لایەن مەئموورێکی پۆلیسی ١١٠وە بە بیانووی ئەوەی کە لەسەر ژمارەی مۆتۆرسیکلێتەکەی نووسیبووی "کوردستان" پێشی پێدەگیرێ و دەکەوێتە بەر لێدان.

ژمارەیەك لە خەڵکی دەوروبەر کە ئەم ڕووداوە دەبینن، دێن بە هانای ئەم لاوەوە، هەربۆیە مەئمووری پۆلیسی ١١٠ بە تەقەی

بۆ لاپەڕەی ١١

# ئاوڕێك لە کارنامەی سەرکۆمارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ئەیوب شەهابی‌راد

لە سیستەمێکی دەسەڵاتدارەتی وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران دا، کە هەموو کاروباری وڵات لەسەر بنەمای شەریعەت‌و بەپێی خوێندەوەیەکە کە ئاخوندەکان لەو شەریعەتە هەڵی دەهێنجن‌و تەواوی ڕەنگەکان‌و بیرو بۆچوونە جیاوازەکان نوقمی دیاردەیەکی دەست سازی ئاخوندەکان بە ناوی ئوممەتی یەکینەی ئیسلامین‌و هەموو بڕیارەکانی ئەو وڵاتە لەدەست بەناو نوێنەری خودا لەسەر زەوی واتە وەلیی فەقیه دان، بێگومان ناتوانین پاشخانی فکری‌و کارنامەی کارو کردەوەکانی سەرکۆمارێك لەو نەریت‌و یاسایانەدا کە کۆماری ئیسلامی لەسەریان دامەزراوە جیا بکەینەوە و لەراستی‌دا دەتوانین بڵێین کە لە سیستەمێکی ئاوا ڕەهادا، سەرکۆمار نە تەنیا پەسندەری ئەو ڕێژیمەیە بەڵکوو ئاوێنەی باڵانوێنی نێوەرۆکی ڕاستەقینەو فەلسەفەی بوونی خودی سیستەمەکەیە.

باس کردن لە بەرنامە، کاروکردەوەو شێوەی بیرکردنەوەی سەرکۆمار لە وڵاتێك دا کە دیکتاتۆریی ڕەشی ئاخوندی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتەی تەنیوەو هیچ شوێن‌و پێگەیەك لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا بۆ دیموکراسی‌و بەها ئینسانی‌یەکانی بەدی ناکرێ‌و ڕێگا لە بوونیان گیراوە، ڕەنگە زۆر جێگای باس‌و خواست نەبێ. چونکە لەم جۆرە ڕێژیمانەدا، دەسەڵاتداران تەنیا مۆرەکانی بەڕێوەبردنی کاروبارو پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی سیستمی زاڵن لە چوارچێوەی بازنەی بەستراوی حاکمییەت دا. بەو پێیە هەڵسەنگاندنی کارنامەی هەر سەرکۆمارێك لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا لە ڕاستی‌دا هەڵسەنگاندنی بەشێکە لە حاکمییەت. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا خەڵکی ئێران شاهیدی هاتنە سەرکاری سەرکۆمارێك بوون کە بەپێچەوانەی فەلسەفەو ئایدیاکانی ڕێژیم‌و سەرکۆمارەکانی پێشوو هەڵگری هێندێك دروشم‌و بۆچوون بوو کە بەشێکی بچووك بوون لەو ویست‌و ئامانجانەی کە گەلانی ئێران ساڵانێکی دوورودرێژە لەپێناویان دا خەبات دەکەن. بۆ دان پێداهێنانی زیاتر بەو ڕاستی‌یە کە نە تەنیا سەرکۆمارێك، بەڵکوو هیچ گرووپ‌و لایەن‌و کەسایەتی‌یەك لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ناتوانێ ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلانی ئێران، لەم وتارەدا ئاوڕێك لە کارنامەی سەرکۆمارەکانی ڕێژیم دەدەینەوە.

## ئەبولحەسەنی بەنی‌سەدر، سەرکۆماری یەکەم (١٣٦٠ ـ ١٣٥٨)

ئەبولحەسەنی بەنی‌سەدی، کەسایەتی‌یەك کە خومەینیی بە بابە بانگ دەکرد لە کاتێکدا بوو بە سەرکۆمار کە دەسەڵاتپەرستان هەر یەکەو لەلایەکەوە هەوڵیان دەدا بۆ



وەدەستهێنانی هێزو دەسەڵات لە ئێران دا. پەسندەرانی میحراب‌و مینبەر یەکەم تیری خۆیان بە داخستنی زانکۆکان وەشاند، سانسۆر دەستی پێ‌کردو حیزبە سیاسی‌یەکان هەریەکەو بە بیانوویەك لەناو دەبران، بە هەزاران کەس ئێعدام کران‌و سیلاوی خوێن هەموو وڵاتی داگرت، کەشوهەوای وڵات ئاڵۆز و هەر ساتەی ڕووداوێك دەخولقاو سەرکۆماریش دەست بەستراو و بێ‌دەسەڵات مابۆوە. هێشتا شەپۆلی جۆش‌و خرۆشی شۆڕش دانەمرکابۆوە کە ئاگری شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران ـ عێراق هەڵایساو بوو بە بیانوویەك بۆ بەردەوامی‌و قایمکردنی پێگەی دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندی بەسەر وڵاتدا. هەلومەرجێك هاتبووە گۆڕێ کە هەموو ڕووداوەکان لە پشتی پەردەوە هیدایەت دەکران‌و ڕاستی‌یەکان لەوێوە دەشێوێندران.

بە تەنگتر بوونەوەی ئاڵقەی گەمارۆی کارو چالاکیی سەرکۆمار، وادیار بوو کە نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵك هیچ ڕێگایەکی جیا لە ڕۆیشتن لە بەردەم تیغی سانسۆری دەسەڵاتپەرستان دا نەماوەو دەبێ بڕوا, بە ڕۆیشتنی سەرکۆماری تازە هەڵبژێراو کە باوەڕی بە جیایی دین لە دەوڵەت هەبوو، بە خائینیان ناوبردو هەزاران تۆمەت‌و بوختانیان دایە پاڵی‌و یازدە میلیۆن دەنگ لە چاوەڕوانیی هاتنەدیی ئاواتەکانیان مانەوە.

## سەید عەلیی خامەنەیی، سەرکۆماری دووهەم (١٣٦٧ ـ ١٣٦٠)

وادیار بوو مەلاتاریا کەسێکی باوەڕ پێکراوتر لەوی وەگیر نەکەوتبوو. هەرچەند ئێستا گەلانی ئێران ساڵانێکی دوورودرێژە کە بە گۆشت‌و ئێسکیانەوە دەسەڵاتی ڕەشی ئەو وەلی فەقیه هەست پێ‌دەکەن. خامەنەییی جێی باوەڕی خومەینی‌و دارودەستەکەی لەم شوێنکاتەدا هات بۆ ئەوەی کە یاساو ڕێسا تێئوریزە کراوەکانی حاکمانی کوشت‌و کوشتارو منارە بخاتە قۆناغی پراکتیکەوە، واتە پتەوتر کردنی پێگەی ڕێژیمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران. فاکتەرەکانی ئەو مەبەستەش: ناردنی پۆل پۆل لاوانی ئێران بۆ مەیدانەکانی شەڕێکی نارەوا کە جیا لە پتەوترکردنی دەسەڵاتی ڕێژیم هیچ ئاکامێکی دیکەی بۆ گەلانی ئێران بەدواوە نەبوو، هەروەها سەرکوتی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان‌و بە تایبەت بزووتنەوەی کوردو کوشت‌و کوشتارو کاولکاری‌یەکانی لە کوردستان دا بە دڕندانەترین شێوەو بێدەنگ کردنی روناکبیران‌و ناچار کردنیان بە کۆچی بە کۆمەڵ بۆ دەرەوەی وڵات، کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧داو سەربـاری هـەموو ئەم



نەهامەتییانە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتربوونی باری ئابووریی وڵات‌و گرانی‌و ئاوسانی لە ڕادەبەدەر، هەر هەموویان نموونەگەلێکی بچووکن لە کارنامەی قۆناغی سەرکۆماریی وەلیی فەقیهی ئێستای وڵاتەکەمان. خومەینی جامی ژەهری خواردەوەو بەدوای مەرگی ئەودا خامەنەیی سەرکۆمار بوو بە "ولی امر مسلمین"ی جیهان‌و ویلایەتی موتڵەقەی فەقیه، واتە پارێزەری بەناو دین‌و ئوممەت.

## عەلی ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری سێهەم (١٣٧٦ ـ ١٣٦٧)

عەلی ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی یان ئەکبەر شا یا بە قەولی ئەکبەری گەنجیی ڕۆژنامەنووس (عالیجناب خاکستری) کە هەر لە یەکەم شەوی بوون بە سەرۆك کۆماری‌دا، بوو بە ئایەتوڵڵا. هەرچەند ڕەفسەنجانییش هەر درێژەدەری ڕێبازی سەرکۆماری پێشوو بوو، بەڵام بۆ ئەوەی کەشوهەوای سەرکوت‌و کوشتار کەمێك جیاوازی لەگەڵ پێشوو هەبێ نازناوی "سەرداری سازەندەگی"ی لەسەر خۆ دانا. ڕەفسەنجانی کە یەکێك لەو کەسانە بوو کە نەخشێکی گرنگی لە درێژەدان بە شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران‌و عێراقدا هەبوو، ئەمجارە لە پۆستی سەرکۆماری‌و لە نەخشی بە ناو "سەرداری سازەندەگی"دا هاتە مەیدان تا ئەم دەستەواژەیە بکاتە بیانوویەکی دیکە بۆ گۆڕینی شکڵ‌و مێتۆدەکانی سەرکوتی گەلانی ئێران.


ڕەفسەنجانی لە پەنا ئەو سەرکوت کردنانەدا تێ‌دەکۆشا خەڵك بە کردنەوەی فلان‌و فیسار پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە بخافڵێنێ‌و تەنانەت ئەو فەزایەش کە بۆ دەربڕینی هێندێك دەنگی موخالیفی دەخولقاند، هەموویان نەدەبوا لە هێڵی سووردا تێ‌پەڕیبان. لەم قۆناخەدا بوو کە دیاردەی ئاغازادەکان سەریان هەڵداو دەستیان کرد بە دابەشکردن‌و پاوان کردنی سەروەت‌و سامانی وڵات بە شێوەیەك کە مافیای دەسەڵات‌و سەروەت‌و سیستمی حکوومەت لەناو حکوومەت کە تەنیا لە چوارچێوەی بازنەی تەسکی دەسەڵاتداران دا دەخولایەوە، وڵاتیان لە چنگی خۆیان دا قۆرخ کردبوو، لەم لاوەش ڕەفسەنجانی هەر ڕۆژە سەردانی شارێکی دەکردو ئەوە تەنیا ژمارەی بودجەو ئامارەکان بوون کە بە دەنگی بەرز لە پشتی تریبوونەکانەوە دەخوێندرانەوە. ئەگەر زیندانی کردنی ئازادیخوازان، بێکاری، گەندەڵی‌و فەحشا، ئیعتیادو هتد کە هەر ڕۆژە لە حاڵی پەرەگرتن دابوون بە بەشێك لە کارنامەی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانی دابنێین بێگومان یەکێك لە بەرچاوترین کارەکانی ئەو قۆناخەی ڕەفسەنجانی، چالاك تر کردنی دەزگای ئیتلاعات‌و ڕاگەیاندنی ڕێژیم بوو کە بە وەڕێخستنی هات‌و هاواری تەبلیغی لە نێوخۆو دەرەوە، کەشوهەوایەکی پڕ لە ترس‌و خۆفی پێك هێنابوو کە ئەمنییەتی گیانی‌و ماڵیی لە هەموو هاووڵاتییان‌و ئازادیخوازان زەوت کردبوو ئەم ڕەوتە بە تیرۆرکردنی ڕووناکبیران، کەسایەتی سیاسی‌یەکان‌و ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، خۆی لە شکڵی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بۆ جیهانیان نیشان دا.

ڕەفسەنجانی بەپێی یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن کە لە ساڵی ١٣٦٧دا پەسند کرا، کە (تەنیا دەیتوانی دوو دەورە بەدووی یەك دا سەرکۆمار بێ) وازی لە



سەرکۆماریی هێنا. بەڵام ئەکبەر شا لە کاتی کاندیداکردنی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتیی مەجلیسی شورای ئیسلامی‌دا بە هێنانەوەی لانیکەمی دەنگەکان بەشێکی بچووك لە ڕق‌و بێزاریی گەلانی ئێرانی بەرامبەر بە خۆی‌و کارنامە ڕەشەکەی هەست پێ‌کرد. بەڵام "عالیجنابی خاکستەری" بە کاندیداکردنی دووبارەی خۆی بۆ پۆستی سەرکۆماریی لەم ساڵدا، وادیارە دەیهەوێ بە تەواو مانا ڕق‌و بێزاریی خەڵکی ئێران بەرامبەر بە خۆی‌و ڕێژیمەکەی ببینێ.

## محەمەدی خاتەمی، سەرکۆماری چوارەم (١٣٨٤ ـ ١٣٧٦)



سەیدی بە ڕواڵەت دەم بەپێکەنین‌و مەزلووم بە ٢٢ میلیۆن دەنگی خەڵك کە بەرهەرمی ڕەوتێکی مێژوویی گەلانی ئێران بۆ گەیشتن بە ویست‌و داخوازە ڕەواکانیان بوو، هاتە سەرکار. یەکەم جار بوو لە تریبوونەکانی ڕێژیمەوەو ئەویش لەلایەن ئاخوندێکەوە باس لە لانی‌کەمی مافەکانی مرۆڤ و باس لە "وتووێژی ژیارەکان"و "مافی شارستانی‌و هاووڵاتی"ی بکرێ. بەڵام خاتەمی هەر زۆر زوو لە نەخشی سەرەکیی خۆی‌دا دەرکەوت: یەکەم بە کۆنترۆڵ کردنی هەستی پڕ لە جۆش‌و خرۆشی ڕووناکبیران، خوێندکاران‌و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بۆ گوشار خستنە سەر ڕێژیم‌و هێنانەدیی خواستەکانیان. دووهەم بێدەنگی ڕاگرتن لەبەرامبەر شەپۆلی زیندان‌و ئەشکەنجە، کوشت‌و کوشتاری ڕووناکبیران‌و خوێندکاران‌و سەرکوتی هەمەلایەنەی هەر حەرەکەتێکی ئازادیخوازانە. سێهەم دووری کردن لە دروشمەکانی خۆی‌و پشت کردن لە دەنگی خەڵك‌و ویست‌و داخوازەکانیان‌و پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی. هەربۆیە خزمەتێك کە خاتەمی بە زیاتر مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا کردی، زۆر پترە لە خزمەتی بناژۆکانی ڕێژیم‌و پاساوی ئەم خزمەتەشی بە "پشتیوانی کردن لە مافی نەیاران" دەدایەوە. بێگومان خاتەمی‌و داروودەستە بە ناو ڕیفۆرمخوازەکەی کە دەمامکی بە ڕواڵەت دیموکراتیك‌و مۆدێڕنیان لە ڕووی خۆیان دابوو، دەیانەویست بە شێوەیەکی تێئۆریك‌و ئەمڕۆیی هەم سیمای لێڵ‌و ناڕوونی کۆماری ئیسلامیی جوانتر نیشان بدەن‌و هەم بزووتنەوەی هەمەلایەنەو سەرانسەریی گەلانی ئێران‌و ویست‌و داخوازەکانیان بەرەو لایەنێکی دیکەدا کە هەمان یاریکردن‌و خولانەوە لە بازنەی بەستراوەی پاراستنی کۆماری ئیسلامی‌یە، رابکێشن. بەڵام تێپەڕینی کات، وشیاری‌و ئاگایی‌و خەباتی بەردەوامی خەڵکی خەباتگێڕی ئێران بە هەموو جیهانیانی سەلماند کە باس کردن لە دیمۆکراسی‌و مافی مرۆڤو هەر چەمکێکی دیکەی ئینسانی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا ناتوانێ لە ڕادەی دروشم بچێتە دەرو سیستمی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیی هەڵگری هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی دیمۆکراتیك نیە.

ئێستا کە بڕیارە لە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵدا پێنجەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران دا بەڕێوە بچێ‌و پاڵێوراوانی ئەم پۆستەش دەست بژێر کراون، ڕێژیم پەنا بۆ هەر تاکتیك‌و فێڵ‌و تەڵەکەیەك دەبا تا بەڵکوو خەڵکیی بێنێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی ڕەوایی‌یەك لەم خەڵکە وەربگرێ. ئەگینا سەرکۆمار ئەم خولەش هەر کەسێك بێ ناتوانێ کارنامەیەکی ڕەنگینتر! لەوانی پێش خۆی هەبێ. چونکە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا فاکتەرێکە تەنیا بۆ دووپات کردنەوەو درێژتر کردنەوەی دەسەڵاتی توتالیتاری ئاخوندی‌و مانەوەی لە دەسەڵات دا.

# ژنانی ئێران پێشەنگی تەحریمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری

کوێستان فتووحی

ژنانی ئێران وەك زۆربەی چین‌و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران‌و تەنانەت زیاتر لەوانیش بەو ئاکامە گەیشتوون کە هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌و هەڵبژاردنەکانی دیکەش لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا، ناتوانن ببنە هۆی گۆڕانکاری‌یەکی جیددی بە قازانجی ئەوان‌و خەڵکی وڵات.

ئەوان ٨ ساڵ لەمەوبەر شانبەشانی لاوانی ئاگاو خەباتگێڕ چالاکانەو ئازایانە هاتنە مەیدان‌و بە پشتیوانیی بێدرێغی خۆیان خاتەمییان گەیاندە پۆستی سەرکۆماری. چونکە لە لایەکەوە لە بێ‌مافیی خۆیان لە دەسەڵاتدارەیتی کۆماری ئیسلامی‌دا وەزاڵە هاتبوون‌و لە لایەکی دیکەشەوە پێیان وابوو ئەگەر دروشم‌و بەڵێنەکانی خاتەمی جێبەجێ بن، گۆڕانکاری‌و بەرەوپێشچوون بە قازانجی خەڵك بە گشتی‌و ژنان بە تایبەتی دێتە دی.

بەڵام دیتیان لە ماوەی دوو دەورە دەسەڵاتدارەتیی خاتەمی‌دا، لەگەڵ ئەوەش دا کە مەجلیسێکی ڕیفورمخوازیشی لە پشت بوو، گۆڕانکاری‌و پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بە قازانجی ژنان ڕووی نەدا. بۆ وێنە لە نێو کابینەو پۆستەکانی دەسەڵات دا، جێگایەك بە ژنانەوە ڕەوا نەبینراو لە ئاستی مودیرییەت‌و ڕێبەریی وڵات دا، وەك پێشوو ژنان پشت گوێ خران. هیچ بڕیارو پەسندکراوێکی تازە یا چاوخشاندنەوەیەك لە قانوونە دواکەوتووانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی‌دا، بە قازانجی ماف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان نەبینرا. لە هەر بوارێکدا کە چاو لـێ‌بکەین ئەو جیاوازی‌و نابەرابەرییانەی پێشوو هەر هەبوون، هەروەك خۆیان مانەوە. تەنانەت زۆر ڕووداوو دیاردەی تاڵ بە نیسبەت ژنانەوە، لەو ماوەیەدا کە سەرکۆمارو مەجلیسی ڕیفورمخواز لەسەر کاربوون، سەریان هەڵدا یا پەرەیان گرت. قەتڵە زنجیرەیی‌یەکانی ژنان لە شارەکانی تاران، مەشهەدو کرمان، بەرهەمی ئەو



کۆماری ئیسلامی "نا"

سەردەمەن کە قۆڵی بەرواڵەت ئەمڕۆیی‌و مەعقووڵ‌و نوێخوازەکەی ئەو ڕێژیمە لەسەر کار بوون. یان هاتنەگۆڕی گەڵاڵەی "خانەهای عفاف" لە سەردەمی خاتەمی‌دا، بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستی‌یە کە قۆڵ‌و تاقمە بە ڕواڵەت ڕیفۆرمخوازەکەی نێو ئەو حاکمییەتەش، لە ماهییەت‌و تواناییان دا نیە، وەزعی ژنانی ئێران باشتر بکەن. چونکە لەجیاتیی نەهێشتنی بێ‌مافیی ژنان‌و ئەو هۆکارانەی کە بوون بەهۆی پەرەگرتنی بێکاری، نەداری، گرانی، ئێعتیادو فەساد، بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن بارێکی شەرعی‌و قانوونی‌و بێهداشتی بە لەشفرۆشی بدەن

خاتەمی کە بە دروشم‌و ڕیاکاری‌یەکانی، دەیەویست ڕواڵەتێکی جوان نەك هەر لەخۆی‌و دەوڵەتەکەی، بەڵکوو لە نیزامی کۆماری ئیسلامییش نیشان بدا.

ئێستا کە شانۆسازیی هەڵبژاردنی سەرکۆماری نزیك دەبێتەوە، ژنانی ئاگاو تێگەیشتووو یەکسانیخوازی ئێران بە بوونی ئەو هەموو گیروگرفت‌و ڕۆژرەشی‌یە کە لە سایەی ئەو ڕێژیمەوە تووشیان بووە، هیچ دەلیل‌و هاندەرێکیان نیە بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنەدا، چونکە کاتێك بە بوونی سەرکۆمارو مەجلیسێکی ڕیفورمخواز کە ئەو پشتیوانی‌یە بەرینەی خەڵکیشیان لە پشت بوو، هیچ گۆڕانێك بە قازانجی ماف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان ڕووی نەدا، لەمەودوا کە دەسەڵات بە تەواوی دەکەوێتە دەست قۆڵ‌و تەیفە هەرەپاوانخوازو کۆنەپەرستانەکانی کۆماری ئیسلامی، سروشتی‌یە کە هیچ دەسکەوتێکیان لە بەشداری لە هەڵبژاردن‌و سەرکۆماری تازە پێ‌نابڕێ. ئەمەش لەمێژە لە ژنانی وڵاتەکەمان ڕوون بۆتەوە کە دەبێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی‌دا، بۆ گەیشتن بە یەکسانی‌و مافەکانی خۆیان هەوڵ بدەن. هەر بۆیە ژنان لە هەموو ئەو بزووتنەوەو شێوە خەباتانەدا داوای نەمانی دیکتاتۆری‌و زۆرداری‌و نیزامی ویلایەتی فەقیهی دەکەن‌و چالاکانە بەشدارن.

ئێمە دڵنیاین ژنانی تێگەیشتووو ئازادیخوازی ئێران ئەو شانۆسازی‌یە تەحریم دەکەن‌و بەمجۆرە بێزاریی خۆیان لە نێوەرۆکی سیستمی نائینسانی‌و پڕ لە نابەرابەریی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدەنەوە. ئەوان ڕێگا نادەن ڕێژیم بە بردنیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، وەك ئامرازێك بۆ شەرعییەتدان بە نیزامێکی دواکەوتووو بێزراو کە دوژمنایەتیی ژنان تایبەتمەندی هەرە زەقیەتی بەکاریان بێنێ.

❊ ❊ ❊

# لە رۆژێکی هەزارانەی بەهاری دا

عومران سەلاحی
وەرگێرانی: ع . وریا

لە رۆژێکی بەهاری دا لەژێر دارێکی پڕ شکۆفە لـە پـارکی "لالـە" پیاوێك کـە قـۆڵی دەسـتی چـەپی نـابووە گیرفـانی لەسـەر تـەختێك دانیشتبوو، قسەی دەکرد:

راست دەفەرمووی گیروگرفتە ئابووری یەکان هەمیشـە دەبنـە هـۆی چاوخشاندنەوە بە ژیان دا. ناکرێ نان و گوشـت و رۆن نـەکرێ، بـەڵام دەتوانی کتێب لە بەرنامەی ژیان دەرباوێی. ئینسان ئەگـەر خـواردنی نەبێ دەمرێ، بەڵام ئەگەر کتێبی نەخوێندەوە چی لێ نایە، لەوانەشـە ببێتە هـۆی پێشـکەوتنی. بـە کـورتی دەرهاویشـتنی ئـەو شـتانەی پێویست نین هیچ زیانێکیان نیە.

ئەو برایەی خۆت پێنج کچی هەن. چواریانم بـەو ئاواتـەی کـە کـوڕ دەبن، هاتنە سەر دنیا. پێنج ساڵ لەمەوبەر وەختی بەمێرد دانی کچە گەورەکەم هاتبوو، دەمەویست بە مێردی بدەم، بـەڵام ئەوەنـدەم پـوول نەبوو جیازی بۆ بکرم. نە پاشـەکەوتێکم هـەبوو نـە شـتێکی ئـەوتۆم هەبوو تا بیفرۆشم. ئیمکانی ئەوەشم نەبوو قەرز بکەم. رۆژێك هەر لەو پارکە دانیشتبووم و رۆژنامـەم دەخوێنـدەوە. لـە لاپـەڕەی "أگهـی" (اعلانـات)دا نووسرابوو: "ئامادەین گورچیلە بکڕین" لە دڵی خـۆم دا گوتم لەم جیهانەدا کەم نین ئـەو کەسـانەی بـە تاقـە گورچـیلەیەکەوە دەژین، بۆچی ئەو ملکـە خـودا داوە لـەکیس خـۆم دەم. یـەکێك لـە گورچیلەکانم فرۆشت و کچی گەورەم وەدوای بەختی خۆی خست.

بۆ ساڵی دوایی کچی دووهەمم کاتی بەمێرد دانی هـاتبوو. دیسـان هەر بەزمەکەی جاری پێشوو و، تەنگەتاوی لەباری ماڵی یـەوە. مـن ئابڕووم هەبوو و نەمدەتوانی کچـی دووهـەمم بـەبێ جیـاز، رەوانـەی ماڵی مێـرد بکـەم. رۆژێـك هـەر لـەو پارکـە و لەسـەر ئـەو تەختـە دانیشتبووم، بیرم لە ئەندامەکانی دیکەی لەشم دەکردەوە. دیـارە ئـەو ئەندامە جووتانە کە هەمبوون بۆ وێنە چاوم. لـە دڵـی خـۆم دا گـوتم باشە ئەو دنیایە ئەوەندە شتی جـوانی تێدایـە کـە حـەز لـە دیتنیـان بکەم؟ بۆ دەبێ ئەو کاولە دنیایە بە دوو چاوان ببینم و دوو قات ئازار بچێژم؟ هەرچی چاوم بە لاپەڕەی "أگهی"ی رۆژنامەکە دا خشاند دیتم کەس نیە کڕیاری چاو بێ. بۆ خۆم لەبارەی ئامادەیی خۆم بۆ فرۆشتنی چاوێکم شتێکم نووسی و بەشێوەی "أگهـی مزایـده" لـە یـەکێك لـە رۆژنامەکان دا بڵاو بووە. بۆ سبەینێ کڕیار پەیـدا بـوو و بـەم جـۆرە کچی دووهەمیشم بە شوو دا، ئێستا چاوێکم شووشەیە.

ساڵێك بەسەر چوو و نۆرەی مێرد کردنی سێهەم کچـم هـاتبوو. لـە هەموو شتێك تەمابڕاو ببووم. نەمـدەزانی چ بکـەم. وەخـت بـوو لـە خەفەتان بمرم. گوێیەکانم بیرکەوتنەوە، گوتم وەڵڵاهی یەکیان دەفرۆشم. بەڵام کێ هەیە کڕیاری گوێ بێ؟ داماو و ناهۆمێـد هـەر لـەو پارکـە دانیشـتبووم و چـاوم بـە رۆژنامەیـەك دا دەخشـاند. لـە لاپـەڕەی "أگهی"یـەکان دا ئـەو رستەیە سـەرنجی راکێشـام "هـەموو جـۆرە ئەندامێکی لەش دەکرین!"، دەتگووت دنیایان داومەتێ. تەلەفۆنم بـۆ کردن و لێم پرسین ئەرێ گوێش دەکڕن؟ گوتیان کابرایەك پێوەنـدی بـە دامەزراوەکەی ئەوانەوە گرتوە و گوتوویەتی گوێیەکی لـە شـەڕێك دا لەدەسـت داوە، ئێسـتا بـێ گـوێ ناتوانـێ کتێـب وەخوێنـێ. بـە سەرسوڕمانەوە پرسیم: جا گوێ چ پەیوندی یەکی بە کتێب خوێندنەوە هەیە؟ گوتیان کاکی کڕیار لەکاتی خوێندنەوەدا چاویلکە دەکاتە چاوی و ئەو گوێ یەی بۆ ئەوە دەوێ دەسکی چاویلکەی لەسەر دابنێ. هـەر زۆر زوو سەودامان بوو و توانیم کچی سێهەمیشم بەمێرد بدەم. ئێستا توکی سەرم درێژ کردۆتەوە و گوێ یەکەی خۆم پـێ داپۆشـیوە، ئیـدی کەس نازانێ یەك گوێم هەیە. ساڵێك رابرد و نـۆرەی چـوارەمین کچـم هات. بەتەواوی ناهۆمێد ببـووم. راسـت لەوپـەڕی ناهۆمێـدی دا لـە دامەزراوی گۆڕین را پێوەندییان پێوە کردم و گوتیـان پێویسـتیان بـە دەستێکی چەپ هەیە. دەستبەجێ خۆم گەیاندە نەخۆشخانە و دەسـتی چەپم فرۆشت و بە پوولەکەی کچی چوارەمیشم رەوانەی ماڵی مێـردی کرد. دەستێکی زۆر چاك بوو و هەموو کارێکی پێ دەکرا. لەو کاتەوە ئەلقەی زەماوەنـدم کـردە قـامکی دەسـتی راسـتم. ئێسـتا کڕیـار چ کارێکی بە دەستی چەپەم دەکا هەر خودا بۆ خۆی دەیزانێ. سـاڵ تـێ وەرسووڕا، دەبوایە دوایین کچم بە مێرد بدەم. دیسان بێ پوولی یەکەی جاران و گیروگرفتەکانی پێشووم سەریان هەڵ دایـەوە. هاتمـە لای ئـەو حەوزەی نێو ئەو پارکە و بیرم لە پاشماوەی ئەندامەکانی لەشم کردەوە. لاقم بە هیچ جۆر نەدەکرا بیفرۆشم. ماشێن ئەگەر ئاوێنەکانی تەنیشت و دەرگا و سپەریشی نەبن دەتوانێ بڕوا، بەلام بێ چەرخ مومکین نیـە بڕوا. لووتیشم بۆ فرۆشتن نـەدەبوو، چـونکە ئیـدی بەتـەواوی دزێـو و ناشیرین دەبووم. زمانیشمیان نـەدەکڕی، چـونکە زۆر تونـد و درێـژە، زمانێکیان دەویست پێ هـەلا گـوتن و پەسـن بیـژی بزانـێ. خۆزگـە دەتانزانی بە چ کوێرەوەری و دەردەسەری یەك دوا کچی خـۆم بـەمێرد دا، ئەویش مێردی کرد و وەدوای ژیانی خـۆی کـەوت. بـەڵام ئێسـتا بۆخۆم لەماڵ و ژیان بووم. ژنەکەم رام ناگرێتەوە و دەڵێ جا تازە بـە چ دڵخۆشی یەکەوە لەگەڵ تۆ دا بژیم.

# لەپشت میکرۆفۆنەکانەوە:

رەسووڵ سوڵتانی

سەفەر نەبایە
گەڵای گومانم نەدەوەرین
سەفەر نەبایە
ڕووی ڕەشی حەقیقەتەکانم ماچ نەدەکرد
قەت نەدەگەیشتمە بەر دەرگای خۆری لەش پیسی زستان و
قەت نەمدەزانی
مانگ بە دزییەوە دەست دەگەڵ شەو تێکەڵ دەکا.
سەفەر لە سنووری هەڵفڕین دا بە سرتە گوتی:
ئەو گوڵانە هیچ کات عاشق نەبوون و
هیچ کات حەزیان لە بەهار نەکردووە
گوتی: ئەم ئەستێرانە بێ دەسنوێژن.
گوتی: لەوێ
پیاوانێک هەن
حەقیقەت لە نیگایان دەڕژێ و
حەقیقەتی هەموو چاوچنۆکی یەکانی زەوی و
دەلەسەکانی گەورەیی
پیاوانێک
کە لەو دیو ئایەتە پیرۆزەکانی درۆوە
بانگی ئەنەلحەق دەخوێنن و
هێند دڵاوان
کەس لە مەرگ بێبەش ناکەن
چ دڵاوان ئەوان و
چ فیداکارانە ئێوە و
چ گەمژە ئەوانەی گاڵتەیان بە حەقیقەت نایە....
سەفەر گوتی:
لەکۆشی ئێوارەیەکی زستان دا
یان لەبەردەم بەیانیانێکی نیگەران
دەچیتە ژێر بارانی حەقیقەتێکی ڕەش
دەبینی:
لەوێ
حەقیقەت هەر ئەوەیە لە گیرفانەکانی سیاسەت دایە
سەفەر گوتی:
تەنیا لەپشت میکرۆفۆنەکانەوە
"شەهید نەمرە وەکوو شاخ"
گوتم: حەقیقەت چی یە؟
گوتی: ئەو شاراوەیەی نایدرکێنن ئەوان...
گوتم: ڕوون ترین درۆ....؟
گوتی: بزەی سەرلێوی ئەوان
سەفەر گوتی:
سەفەر
بەرەو شەهیدترین پاییز
بەرەو پەژیوانترین چەم لە دەریا
درێژەی دەبێ
نابڕێتەوە.


* * *

# دووهەمین فستیڤاڵی شێعری منداڵان لە بۆکان



ئەنجومەنی ئەدەبی شاری بۆکان دووهەمین فستیڤاڵی شێعری منداڵانی لە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی رۆژی سێشەممە ١٠ی جۆزەردانی ١٣٨٤ی هەتاوی لە سالۆنی سینەما وەحدەتی ئەو شارە بەرێوە برد. لەو فستیڤاڵە شێعری یەدا پتر لە ١٥٠ منداڵ شێعریان خوێندەوە و هەروەها لەنێو ئاخنی بەرنامەکاندا چەند بڕگەی شانۆیی و مۆسیقا پێشکێش کران. ئەم فستیڤاڵە بە سروودی "خوایە وتەن ئاوە کەی" دەستی پێ کرد، پتر لە ٤ کاتژمێری خایاند و لە ئاکامدا لەلایەن بەرێوەبەریی فستیڤاڵەکەوە خەلات بەسەر منداڵانی بەشداردا دابەش کرا. پێویستە بگوترێ کە ئەم فستیڤاڵە لەلایەن خەڵکی شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری یەوە بە گەرمی یەکی کەم وێنەوە پێشوازی لێ کرا.
یەکەمین فستیڤاڵی شێعریی شاری بۆکان بە بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی ئەدەبیی ئەو شارە لە ١٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی بەرێوە چوو بوو.

رەئوف خەتیبی



## شێرکۆ بێکەس:

# من هەر لە منداڵییەوە لەژێر بنمیچێکدا لەدایك بووم کە شێعر و کوردایەتی پێکەوە کۆ کردبۆوە

هەڤپەیڤین: ئەمیر شوعاعی وەند

**شێرکۆ بێکەس ئەو دەنگە شێعری یە نیە کە پێویست بکا بە خوێنەرانی بناسێنین. ماوەیەك لەوەپێش لە دەرفەتێك دا دواندمان و بەو شێوەیە وڵامی پرسیارەکانی داینەوە:**

**پ: وەك دەزانین روانگەی جیاواز بە نیسبەت شێعرەوە هەیە وەك خۆت چ پێناسەیەکت بۆ شێعر هەیە؟**

و: کەس ناتوانێ یەك پێناسەی دیار و سنووردار بۆ شێعر دابنێ. هەروەك ناتوانین ژیان بەیەك جۆر رەنگ بکەین و یان بیخەینە یەك چوارچێوەوە، شێعریش هەروایە. هەر لەبەر ئەوەشە لە سەردەمی ئەفلاتونەوە هەتا ئێستا بە هەزاران شێعری جیاواز شێعر تاریف کراوە. شێعر هەمووان بووە و هیچیشیان نەبووە. پێموایە ئەو جیاوازیانەش بۆ رەهایی فەزای شێعر خۆی ئەگەڕێتەوە. هەر شاعیرە و یان رەخنەگرێك بەو جۆرە باسی شێعر کردوە کە خۆی ویستویەتی یان لێکیداوەتەوە. ئەم مەسەلەیە رەنگ و دیدی جیاواز لەخۆ دەگرێ. واتە رێژییە. بۆ نموونە رۆمانسیەکان شێعر لە چاوی هەست و نەست تەماشا ئەکەن. ئەمە بە پێچەوانەی ریالیزمەکانەوە کە زیاتر عەقڵانین و شێعر لە دنیای رۆژانەدا بەرجەستە ئەکەن. سوریالیەکان هەر تەواو پێچەوانەی هەموو ئەو لێکدانەوانەی ترن بۆ شێعر و پێیان وایە کەنارێکی بێبنە و زمانی شێعر رەهایە لەوەدا و باو بکات بە ناباو و هەموو شتێ. هەموو مانایەك سەرەوژێر بکاتەوە. رەنگە من هەر بۆخۆم چەندین تاریفی جیاجیام بۆ شێعر هەبووبێ. شێعر بەلای منەوە باڵندەی زمانە و نەهێنی ئەو هونەرەیە کە پەی پێ بردنی هێندەی پەی بردن بە خودا گرانە!. ئەتوانم زیاد لەو شیکردنەوەیش مانای جیاواز بۆ شێعر بکەم بەڵام کۆتاییەك نیە لە وێستگەیەکدا رامناگرێ و بڵێ تەواو ئەمەیانە شێعر!.

**پ: لە شێعر دا زۆرتر بایەخ بە چ لایەنێك دەدەن؟**

و: شێعر رۆحی ناو جەستەیەکە کە ناتوانی ئەندامەکانی لەیەکتر جودا بکەیتەوە. بە واتایەکی تر لە وردترین ریشاڵە دەمارەوە بۆ هەموو ماسولکەکان و ئێسکەکان و تەواوی پێکهاتەکان یەك یەکتری تەواو ئەکەن. زمان رۆحی شێعرە بەو مانایەی کە ئەو نەبوو شێعر بوونی نییە. ئاهەنگ و موزیکی ناو شێعر جووڵەی شێعرە کە جووڵە نەبوو ژیانی نییە. مانا لە چرای بەردەمی ئەچێت کە نەبوو رۆیشتن و پێگەیشتن و سەرسامکردن و وێنە بوونیان نابێ. فۆرم پەنجەرەی شێعرە یان ئەو پەیکەرەیە کە شێعرەکەی لەسەر وەستاوە کە نە بووو رمان و داروخان روو ئەدات. خەیاڵ واتە فرینی شێعر یان ئەو فانتازییایەی کە لە قسەی ئاسایی جیا ئەکاتەوە کە نەبوو کۆوێ وشەی هەڵکورماو ئەبینین و بەس. بەمجۆرە شێعر ساختمانێکە لە خشتێکەوە هەتا ستوونێکی گەورە و تا دیوار و تا نهوم بە نهومی پێکەوە بە تەواون. من وەك هەموو شاعیرێکی تر بایەخ بە هەموو پێکهاتەی شێعر ئەدەم. شێعر نووسین جۆرێکە لە (وەستایەتی) ئەبێ بزانی چی ئەکەیت ئەویش نابێت ئەگەر دوای بەهرە روونـاکبیری و ئەزموون قاڵبوونەوە دروست نەکەن. من بایەخ بە هەموو کارێکی ناو تابلوکانم ئەدەم لە رەنگەوە بۆ بۆشایی و هێڵ و تا ئەگاتە سەر هەڵبژاردنی چوارچێوە و ناوی تابلوکەیشمە.

**پ: قوناغی ئێستای شێعری نوێی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

و: لە ئێستەدا شێعری کوردی بەگشتی تووشی کۆمەڵێ نەخۆشی بووە چارەسەری هەندێ لەو نەخۆشیانە پێموابێ ئاسان نین. دیارە مەبەستم لە بەشی هەرەزۆری ئەو شێعرانەیە کە رۆژانە لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا ئەبینرێن: زمانی سەقەت، روانگەی بینینی بێ سەرەو بەر و نادیاری شاعیر لەوەدا کە بۆ خۆشی نازانێ چی ئەڵێت. نە شارەزایی لە دارشتنی شێعرە و بیناکردنی شێعردا. بێ ئاگایی ئەوانە لەبارەی هونەری شێعر نووسینەوە. لاساییکردنەوە. بە شەوارە کەوتنی جۆرەکانی شێعر. لە هەمان کاتدا ئەو شێعرە جوانانەیش هەن کە بۆ خۆیان بەبێ هیچ ڤیزە و پەساپۆرتێك ئەگەنە هەموو دڵێك. دیارە ئەم نموونانە کەم و دەگمەنن. بەڵام لە هەموو زەمانێکیشدا هەر ئەو کەم و دەگمەنانە شێعر بوون.

**پ: بیرو رات سەبارەت بە شێعری نوێی کوردستانی رۆژهەڵات چی یە؟**

و: ماوەی پانزدە بیست ساڵێکە رۆژهەڵاتی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ ئەدەبەکەی گەش ئەبێتەوە. بەلای منەوە ئەم گەش بوونەوەیە بۆ جۆرێك لە ئازادی زمانی کوردی ئەگەڕێتەوە. رەنگە ئەو ئازادییە کەم و سنووردار بێ. بەڵام بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو بارودوخەی ئەوێ پەنجەرەی رووناکن و پێویستە بایەخ و بەهایان بەکەم تەماشا نەکرێ. ئێستا شێعر لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، چۆە ئەو بەری رووبارەکەی هێمن و هەژار و تەنانەت لە شێوازەکەی سوارەیش بەولاوەتر چووە. بەڵام لە نموونە کەمەکاندا. نەك زۆرەکان. لە هەمان کاتدا پەتای شێعرە فورمالیستەکانی تاران کە ئەویش لە دەرەوە بۆی هاتووە، بەشێك لە شاعیرانی نەوەی تازەی ئێمەیش تووش کردووە. مەبەستم لەو شێعرانەیە کە لەدوای یەکەم خوێندنەوە ـ ئیتر بیرەچنەوە بەجێ ناهێڵن. تامیان لە تامی چوکۆلاتەیەك لە دەمدا هەر ئەوەندە و کەمترە. چونکە هیچ رەنگێکان تێدا نیە بەم زمانەوە بیانبەستێتەوە. خوازراون و لە دڵی ئەم زمانەدا لەدایك نەبوون. چونکە بۆنی هەناسەی ئەم زمانە و ئەم کولتوورەیان لێ نایەت. من حەز ئەکەم ئەوە بزانی ئەو شێعرانەی پێیان ئەوترێ شێعری عالەمی لە رەحمی خۆماڵێدا دروستبوون و ئینجا بوون بە هی هەموو دنیا.

هۆگۆ و بۆدلین و رامبۆ و فرلین لە زمانی فەرەنسییەوە. لە کەش و ئاو و هەوای فەرەنساوە لە ناوخۆیی خۆیانەوە لە وڵاتی خۆیاندا، لە پاشخانی رووناکبیری فەرەنساوە بەرەو دنیا چوون. ئەوان کە نووسیویانە بەر لە هەموو کەسێ و دوای خۆیان بۆ خوێنەر و بیسەری فەرەنسی نوسیویانە. چونکە من پێموایە ئەوەی لە دڵی زمانەکەی خۆیدا نەژی ناتوانێ لە دڵی هیچ زمانێکی تری دنیا دا بژی. "جیمس جویس" (....) کردوویەتی بە گەورەترین رۆماننووس و لەو بلندەوە هاتووە و ئینجا چۆتە ناو دڵی پاریس و لەندەن و دنیاوە. بە گشتی شێعری نوێی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نموونە جوانەکانی دا شایەنی ئەوەن لە دیوانی شێعری نوێی هەموو کوردستاندا جێی لەبەرچاوی خۆیان هەبێ.

**پ: وەك ئاگاداری ماوەیەکە رەوتێك بەناوی "شێعری رۆژهەڵات" سەری هەڵداوە بیرورات لەسەر ئەمە چی یە؟**

و: لە ماوەیەکدا رەوتێك دروستبووبێ یان سەریهەڵدابێ بە نێوی "شێعری رۆژهەڵات". من شێعر دەخوێنمەوە جا یان شێعرن یان شێعرنین. تۆ ئەتوانی ناوی هەر شتێك لەخۆت ئەنێی بینێی بەڵام بە ناو نییە بە شێعرە. ئەگەر مەبەستیشت لەو شێعرە "تەجریدیانە" بێت کە ناو بەناو بڵاو ئەبنەوە. ئەوە لە دنیای شێعر دا تازە نین و لە سەرەتای سەدەی رابردوو دا بەشێك بووە لە رەوتی دادایی و سورئالیەکان و فۆرمالیستەکانی روسیا.

**بە سەرهەڵدانی بوارەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر رۆڵ و ئەرکی شێعر کەم بۆتەوە بەرەبەر خەریکە ولە زمانی شێعرییەت نزیك دەبێتەوە، ئایا تۆش لەسەر ئەو باوەرەی؟**



هەرگیز! هونەر، هونەر ناسرێتەوە. ئەشێ لە یەکتری زیاد کەن بەڵام لە یەکتری کەم ناکەنەوە. جوانیەکان هاودەمی یەکترن. ئەو جۆرە قسانە تازە نین ئەو کاتەی سینەما دروست بوو وتیان ئیتر شانۆ بەسەر چوو. تەلەفزیون هات وتیان دەوری سینەما نەما. ئەرکەکانیش یەك یەکتری تەواو ئەکەن. خۆ ئەگەر وا بوایە لە دەمێکەوە لە فەرەنسا یان ئەڵمانیا یان ئینگلتەرەوە دەوری شێعر یان ژانرێکی تر بەسەر دەچوو وایە. کە لە راستیدا شتی وا نەبووە. هەموو هونەرەکان جیا بە جیا خوێنەر و بینەری خۆیان هەیە. کەم تا زۆر. تازەترین ئاماری بەسەر کردنەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە دەرئەخات کە خوێنەری شێعر لە زیادبووندایە! زیاد بوونەوەی ژانرەکانی تری وەك چیرۆك و رۆمان و سینەما لە زمانی شێعر بە مانای ئاوێتەبوونی هونەرەکان لەنێو یەکتردا ئەگەیێنێ. نەك دابڕان و دوور کەوتنەوە و سڕینەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی تێبگەین کە ژانرە ئەدەبیەکان بێ یەکتری ناژین و بەردەوام نابن.

**پ: بۆچی زۆربەی شێعرەکانی شێرکۆ زمانی رووداو و کارەساتی کوردستانن؟**

و: من هەر لە منداڵییەوە لەژێر بنمیچێکدا لەدایك بووم کە شێعر و کوردایەتی پێکەوە کۆ کردبۆوە. بێکەسی باوك، بێکەسی شێعر و لە هەمان کاتدا بێکەسی ناو رووداوەکانیش بوو. سەرکەوتنی راپەرینی جەماوەری شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ بوو. کە فامم کردەوە شێعرەکانی ئەو لە ژوور سەرم داگیرسابوون. دوای ئەوەیش کاتێ گەیشتینە هەرزەکاری و تەمەنێکی بەرەو ژوورتر. کەوتینە ناو زریانی بەسەرهات و رووداوەکانەوە. بەچاوی خۆمان خوێنی لەبەر رۆیشتووی میللەتەکەمان ئەبینی. لە سەردەمی چاو کردنەوەدا بووین کە مرۆڤی پێشمەرگە لەدایك بوو. شورشی ئەیلول تەقیەوە. چووینە شاخ. لە نزیکەوە گوندە سووتاوەکانمان و قوربانیەکانمان ئەبینی. سەردەمی لاوێتی ئێمە سەردەمی ئاگر باران بوو. من بۆ خۆم نەمئەتوانی دەست بە کڵاوی خۆمەوە بگرم با نەیبات!. نەمئەتوانی شێعر لە خوێنی رژاوی دایك و منداڵی کورد جیا بکەمەوە. شێعر لەو خوێن و قوربانیانە موقەدەستر نەبوو. بەڵام هەمیشە ئەوەم لەبەرچاو بووە هونەری شێعر بەرز رابگرم و نەیکەمە خۆراکی دروشمی رووت و قووت. من لەو باوبۆران و باهوزانەدا هاتمە ناو دنیای شێعرەوە. چارەنووسی شێعر و قوربانی پێکەوە داگیریان کردم. من چەندجار و لە زۆر دیداردا وتومە: کاری من لە شێعردا هەڵکەندنە لەونا یادەوەری میللەتەکەمدا. من درێژەم بەو ئەزموونەم داوە و هەوڵم داوە بەپێزتر و دەوڵەمەندتری بکەم و هەر جارەی شارایەك بخەمە سەر ئەو خەرمانە شێعرانە. دیارە بەشێکی بەرچاوی بەرهەمەکانم بەو ئاراستەیە رۆیشتوون. بەڵام لە هەمان کاتدا "ژیان"م لەوێدا گیر نەکردووە. لە چەندین شێعرو دیواندا پەل وپۆم بۆ زۆر جیهانی دیکەی جیاواز هاویشتووە. ژن وەك دایك و خۆشەویست و گیان و لەشیش رووبەرێکی کەمیان لە شێعری مندا نییە. هەروەها سروشت. تۆ ئەگەر تەماشای سەرجەمی شێعرەکانم بکەیت ئەبینیت خەمەکانی مرۆڤ لە هەموو لایەکی جیهاندا لای من بوونەتە جۆرێك لە پەیامی شێعری. راستە کوردستان و تراژیدیەکانی بە پلەی یەکەم دێن. چونکە لانکەی زمان و وشەمن. بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو مەسەلە جوانەکان، هەموو رەنگەکان بۆ من رەنگدان بوون!.

**پ: وەك دەزانین وەرگێران رۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەکردنی ئەدەبدا هەیە. ئایا وەرگێران توانیویە ئەدەبی کوردی بەتایبەتی شێعر بە ئەدەبی جیهان بناسێنێ؟**

و: بزووتنەوەی وەرگێران لە هەموو زەمانەکانی دنیادا سەرچاوەیەکی هەرە گرینگی رووناکبیریە. بەبێ وەرگێران کلتوورەکەمان لەیەك دائەبرێن. بەبێ وەرگێران ئەزموون دەوڵەمەند نابێت. ئەوە هەر وەرگێرانە ئەبێتە پردی روشنبیری نێوان گەلانی دنیا. بەهای وەرگێران بۆ میللەتانی دنیای سێهەم هەر ئێجگار پێویستە، هێندەی نان وئاو. ئێمە تازە بە تازە لە سەرەتای بزووتنەوەی وەرگێراندایین. ئەوەی تا ئێستا کراوە قەترە بە دەریایە. بەڵام تۆ نابێ ئەوەت لەبیر بچێت. وەرگێران کاری دووکەس و سێکەس نییە. واتە لەرێگای تاکەکانەوە بزووتنەوەیەکی وەرگێرانی چالاك و بە برشت و دروست نابێت. سەدان دەزگا و دامەزراوی خۆی دەوێت. ئەویش نابێت ئەگەر میللەتێ خاوەنی قەوارە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبێت. ئێستا لای ئێمە واتە لە باشووری کوردستاندا لەبەر ئەوەی جۆرێك لە ئازادی و جۆرێك لە قەوارەی خۆمان هەیە. با ناتەواویش بێ. ئەبینی بزووتنەوەی وەرگێران لەچاو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، گەشتر و بەبەرهەمترە. چونکە جۆرێك لە دەسەڵاتی سیاسی کورد و دەسەڵاتی دارایی و ئابووری لە پشتەوەیە. کەواتە ئەوە "ئازادی و هێزی ئابووری"یە کە ئەم بزووتنەوەیە گەورەتر و بەرفراوانتر ئەکات. نەخێر تا ئێستا شێعر و ئەدەبیاتی ئێمە نەك لە دنیادا تەنانەت لای دەوڵەتە دراوسێیەکانیش نەناسراوە.، لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر ئاماژەم بۆ کردن. ئەوی کراوە با بڵێین بۆ تەرجەمەکردنی هەوڵی تاکەکەسین لە دوو سێ شاعیرێك تێپەریوە. کە ئەویش هیچ پێك ناهێنێ ئێمە وا چاوەروان ئەکەین لەم بەشەی کوردستاندا و لە ئایندەدا بایەخێکی زۆر جیددی زیاتر بەم لایەنە گرنگە بدرێ و چەندین چەندین دەزگای جۆربەجۆریان بۆ دروستبکرێ.

**پ: بۆچی ئەدەبی کوردی بە گشتی و شێعر بەتایبەتی خراونەتە خانەی ئەدەبی بەرگری و بەرهەڵست کارانەوە؟**

ئەدەب ئەدەبە جا ئیتر هەر ناونیشانێ بۆ خۆی هەڵبژێرێ. ئەوەی ناوی لێنراوە "ئەدەبی بەرگری" ئەدەبی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیانی میللەتەکەمان وەك زۆربەی زۆری میللەتانی سەرزەمینی روسیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، ئەمریکای لاتین، ئەفریقا و زۆربەی وڵاتی تریش. تا ئێستاش ئەدەبی موقاوەمەتی سەردەمی جەنگی دووهەمی جیهان لە بڵاوبوونەوەدایە. چ وەك شێعر و چ وەك چیرۆك و رۆمان. ئەو ئەدەبە بۆوە بە بەشێك لە کلتووری ئەو گەلانە. ئەمە ناو نانێ "خراوەتە" ئەو خانەیە. تێخزان کاری زۆرەملێیە و ئەدەبیش دوورە لەم خاسیەتەوە. میللەتی ئێمە ئەوەندەی هەیە لەژێر ئەشکەنجەی داگیرکەران دا بووە. ئەوەندەی هەیە بێبەش بووە لە هەڵمژینی هەوایەکی ئازادی و سەرفرازی. ئەوەندەی هەیە زمانەکەی مەلێکی باڵکراو بووە. دیارە ژیانێك وا بووبێ، شێعریش رەنگدانەوەی ئەو ژیانە ئەبێت. بۆیە زۆر ئاسایی و سروشتی یە ئەگەر بەشێك لە ئەدەبەکەی ئەدەبی بەرنگاربوونەوە بووبێت. ئەم هێڵە لە شێعری کوردی دا لە ئەحمەدی خانییەوە دەست پێ ئەکات و لەلای حاجی قادری کۆیی ئەگاتە ئاستێکی دیارتر و لە سەردەمی (بێکەس) و هاورێیەکانی دا ئەبێتە جۆرێك لە پەیامی شێعری. تا "ئازادی" گەلێك گەمارۆ بدرێ و هەتا "داگیر کردنی" خاکێك لە ئارادا بێ، ئەو ئەدەبەش ئەبێت. بەڵام ئێمە لە هەموو حاڵەتێکدا مەبەستمان لە ئەدەبە و لە گوتاری شێعرییە نەك گوتاری سیاسی و بانگەشەکردنی ئایدیولۆژی. ئێمە بە سەدان شێعری خراپی غەزەل و تەصوفیشمان هەیە. لە ئێستاشدا هەر وایە. من بۆ خۆم ناپرسم ئەو شێعرە دەربارەی چییە؟!. من ئەمەوێ شێعر بخوێنمەوە. شێعر بە کۆنی و تازەیی نییە. بە ژانرەکەی نییە، بەلکوو بە "شێعریەتە". دوای دووسەد ساڵ و تا ئەمرۆ بەشێك لە شێعرەکانی نالی هەر زیندووە. شێعریش هەیە هەر ئەمرۆ ئەنووسرێ، بەڵام هەر ئەمرۆش ئەمرێ.

**پ: کۆی بەرهەمە چاپکراوەکانت کامانەن و بەرهەمی تازە و داهاتووت چی یە؟**

و: وەك وتم من تا ئەو ساتەوەختە ٣٥کۆمەڵەشێعرم زیاتر بە کوردی چاپکراون و بڵاو بوونەتەوە. ئەویش مانای ئەوە نییە من هەر هەموو ئەو شێعرانەی خۆم بە دڵە. نا، شاعیرێکیش نییە لە دنیا دا سەرجەمی بەرهەمەکانی یەك ئاستی هونەرییان هەبێ. وەك ئەزموون مرۆڤ خۆی هەموو ساڵەکانی چون وەك نین. هەموو روانینەکانی چون یەك نین. هەموو رامانەکانی وەك یەك نین. بۆ شێعریش هەر وایە. دوا دیوانی شێعرم "سروودی بەردینەکان" بوو وەك دەقێکی واڵا. نازانم پرۆژەی داهاتووم چی ئەبێ و چۆن ئەبێ. لە وەختی خۆیدا سەرهەڵدا و دەرئەکەوێ.

**پ: کاریگەری ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی و هەروەها کاریگەری ئەدەبیاتی کوردی لەسەر ئەدەبیاتی فارس چۆن دەبینی؟**

و: کاریگەری هەر ئەدەبێ لەسەر ئەدەبێکی ترەوە، لەرێی زمان و وەرگێرانەوە دروست ئەبێ. لە رێی بڵاوبوونەوە و خوێندنەوەوە دەگاتە لای تۆ و من و لە دوایی دا کاریگەری خۆیان بەجێ ئەهێڵن. گومان لەوە دا نییە زمانی میللەتە سەردەستەکان، واتە ئەو زمانانەی کە جڵەوی حوکمرانیان بەدەستەوەیە خاوەنی دام و دەزگای پەروەردە و چاپ و پەخش و قودرەتی ماڵیان هەیە. کاریگەری ئەو زمانانە هەمیشە قوڵتر و دیارترە. زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی زمانەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانن لە هەمان کاتدا زمانی ئەدەبێکی گەورەترن کە مێژوویەك و پاشخانێکی کولتووری بەرچاویان هەیە. سەدان ساڵە کاریان تێدا ئەکرێ و دەیان دامەزراویان بۆ زمان و ئەدەبی خۆیان دروست کردووە. لەبەر ئەوە هەر ئەبێ ئەوان کاریگەرییان بەسەر ئەدەب و هونەری ئێمەوە هەبێت نەك "تێزی" هەژار بەسەر زمان و ئەدەبی ئەوانەوە. ئەمە مەسەلەیەکی بێ چەندو چوونە: بۆ نموونە لە ئێراندا ئەدەبی فارسی کاریگەری بەسەر ئەدەبی کوردییەوە هەبووە و هەیە. لە عێراقدا ئەدەبی عەرەبی و لە تورکیەشدا ئەدەبی تورکی. ئێمە کرێچین و ئەوان بوون بە خاوەن ماڵ. لەبەر ئەوە زمانی سەعدی و حافز و جەلالەدینی رومی لە ئێراندا جێپەنجە و جێ دەستیان دیار ئەبێ نەك شاعیرێکی کورد کەوماوەی هەناسەدانیشی نەبووە، نە خۆی و نە زمانەکەشی. کاریگەری هەر ئەدەبێ لە ئەنجامی کاریگەری رووناکبیری و توانای ئەفەراندن و داهێنانەوە ئەبێت. گەلی کوردستان تا ئەمرۆش لە چەند بەشی وڵاتەکەی خۆیدا نە زمان و نە کلتووری ئازاد نییە ئیتر چۆن ئەتوانێ کاریگەری بەسەر ئەدەبێکی دەوڵەمەندترەوە هەبێت. لەگەڵ ئەمانەشدا، کورد خاوەنی چەندین کەڵەشاعیر و نووسەری گەورەیە بەڵام هێشتا ئێمە دەرفەتی ئەوەمان نەبووە ئەم ئەدەبە بە دەوروبەر بناسێنین جا ئیتر چۆن ئەتوانێ کاریگەریمان بەسەریانەوە هەبێت!

***

# گوویا نیوز:

## سێ کاندیدای سەرکۆماریی ئێران دەستیان لــە تیرۆری قـــاسملوودا هەبووە

سایتی "گویا نیوز" لـە راپۆرتێـكدا قسـەكانی كەسـێكی بـە نـاوی D بـڵاو كردەوە كـە هاوڕێیـەكی بـە نـاوی ناسـر تـەقیپور (ئەنجامـدەری تـیرۆری دوكتـور عەبـدولرەحمانی قـاسملو)، پـێش ئـەوەی بكـوژرێ, باسـی لـە چۆنیەتیی ئـەو كردەوەیە كردوە، ئـەوەی خـوارەوە دەقـی راپۆرتەكەیە:

"بەنی سەدر" سـەرکۆماری پێشـووی ئێـران لەگـەڵ شـایەدحاڵێكی تـازەی كوشتارەكەی ڤییەن بە ناوی D كە بـووە هـۆی كـوژرانی دوكتـور عەبـدولرەحمان قـاسملوو سـەرۆكی پێشـووی حیزبـی دێموكراتی كوردستانو عەبدوڵڵا قـادریو فازیل رەسوول، گفتوگۆیەكی ساز داوە كە لـەو گفتوگۆیـەدا رۆڵـی سـێ كـەس لـە كاندیداكانی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماریی ئێران لەم جینایەتەدا ئاشكرا بووە.

لـەو راپۆرتـەدا رۆڵـی رەفسـەنجانی، مەحموود ئەحمەدینەژادو موحسین رەزایـی لە تیرۆری دوكتۆر قاسملوو، قادریو فازیل رەسوولو هەروەها دكتۆر كەسرا وەفاداری كـە لـە ١٨ی ئـەم مانگـەدا كـوژرا، لـە زمانی كەسێكەوە كە تیرۆرەكـانی ئـەنجام داوە، ئاشكرا دەكرێ.

بە گوێرەی ئەو راپۆرتە، فەرمانی ئـەو كارە لـە لایـەن خامەنـەییو بـە رێگـەی هاشمیی رەفسەنجانیەوە دراوەتە موحسین رەزاییو ئەویش داویـەتی بـە فەرمانـدەی سوپای قودسو تیمەكانی گفتوگـۆ لەگـەڵ قـاسملوو. ئـەو كەسـەی بەرپرسـی ئـەو تیرۆرەیـە نـاوی ناسـر تـەقیپوورە، ئـەو كەسـێكە كـە لەگـەڵ عەسـگەری، راسپێردراوی كوشـتنی قـاسملووو فازیـل رەسوولو عەبدوڵڵا قادری بوون. تەقیپوور پـێش ئـەوەی بكـوژرێ، زانیبـووی كـە دەیانـەوێ لـەناوی بـەرن هـەر بۆیـەش مەسەلەكەی بـۆ هاوڕێیـەكی خـۆی بـاس دەكـاو پێـی دەڵـێ ئەگـەر بـە سـاغی گەڕامەوە، ئەوا ئەوانە لـە بـیر بەرنـەوەو ئەگـەریش كـوژرام بـڵاوی بكەنـەوە. لـە كۆتایی زستانی ئەمساڵدا هاوڕێیەكـەی كـە لـە ئێـران رایكردبـوو، چـووە لای بەنیسـەدرو تـەواوی مەسـەلەكەی بـۆ گێڕایەوە.

پێش ئەوەی كە بـاس لـە هەوڵـەكانی بەنیسەدر سەبارەت بەو مەسەلەیە بكرێ, D كۆتـایی سـاڵی ٢٠٠٢، یـەكێك لـە ئەفسەرەكانی سوپای پاسداران، بـە نـاوی ناسر تـەقیپوور، هەنـدێك زانیـاری دایـە مـنو داوای لـێ كـردم ئەگـەر هـەر رووداوێك بۆ ئەو رووبدا، ئـەو مەسـەلەیە بڵاو بكەمەوەو هۆكاری ئـەو كردەوەیـەی وەها بۆ من روون كردەوە: "رەنگە من بە دەستی هێزەكـانی سـوپای قـودس ـ ئـەو بۆخۆی یەكێك لە ئەفسەرە پلە بەرزەكانی ئەو سوپایە بوو ـ بە هۆی ئەو ناكۆكییەی كە لەگەڵ فەرمانـدەی سـوپا هەمـە، بـە مەبەسـتی پاراسـتنی نهێنیـیە ئەمنیەتییـەكانی نیـزام، لـەنێو بچـم". قسەكەی ئەو راست دەرچوو، چونكە پـاش ماوەیەك لە كاتی مەلەكردنی لە رووبـاری كاروندا كوژرا. ئەندامی دیكەی تیمەكـە (عەسگەری)یش سـاڵی ٢٠٠٤ لـە كـاتی چوونی بۆ شوێنی كارەكەی, گوللـەی بـەر كـەوتو كـوژراو گوتیـان پاسـەوانەكە هەڵـەی كـردووەو لێـی داوە. تـا ئێسـتا نەمتوانیوە ئەو زانیارییانە بڵاو بكەمەوە، بەڵام ئێستا ئەوان بەو شێوەیەو لـە زاری تەقیپوورەوە بڵاو دەكەمەوە:

*"ساڵی ١٩٨٩، لە لایـەن هـاشمیی رەفسـەنجانی سـەرکۆماریی ئـەو كاتـەوە، راسـپاردەیەك خرایـە ئەسـتۆی سـوپای قـودس، چـونكە كردەوەكـانی دەرەوەی سنوور لەسەر شانی سوپای قودس بـوون . فەرمانی كوشتنەكان لـە لایـەن رابـەرەوە دەدرایە سـەرۆك كۆمـار، تەنانـەت پـێش ئەوەی رەفسەنجانی ببێتە سـەرکۆمار، بـە هۆی ئـەوەی جێگـری سـەرۆكی گشـتیی هێزە چەكدارەكان بـوو، راسپاردەكان لـە لایەن ئەوەوە دەردەكران. هەر راسپاردنێك لـە لایـەن فەرمانـدەی گشـتیی سـوپای پاسدارانەوە دەگەیشتە فەرماندەی سوپای قودس".

ئـەو راسـپاردەیە لـە نێـوبردنی سـەركردایەتی حیزبـی دێمـوكراتی كوردستان بـوو، بـە هـۆی ئـەوەی بـۆ رابەرایەتیی ئێران مەترسییان هەبوو.

*"داڕێژەری ئەو كردەوەیـە، یـەكێك لـە ئەندامـە بـەرزەكانی سـوپای قـودس بەناوی حاجی غـەفوور بـوو. ئـەو ئێسـتا بەرپرسی حەراسەت (دەزگای هەواڵگرییە كە سەربە وەزارەتی ئیتلاعاتەو لە هەموو دامودەزگایـەكاندا بەشـێك بـەو نـاوە هەیە). بە پێی پلانەكان، ئـەو كردەوەیـە دەبوایە لە دوو قۆناغدا بە ئەنجام بگاو بـە ئەنجامیش گەیشت. لە قۆنـاغی یەكـەمدا پێشنیازی گفتوگۆو گەیشتن بە ئـەنجامێك لەسەر مەسەلەی كـورد، لەگـەڵ دوكتـۆر عەبـدولرەحمان قـاسملوو سـەرۆكی حیزبـی دێموكرات دەكرا، لەو قۆناغـەدا دەبوایـە رێككەوتنێك بكرێ. لە قۆنـاغی دووەمدا، چەند مانگ دواتـر دەبوایـە گفتوگۆكـانی كۆتایی ئەنجام بدرێنو رێككەوتنەكە ئیمزا كرابـا. تـیرۆری سـەركردایەتیی حیزبـی دێمـوكراتی كوردسـتان دەبوایـە لـەو قۆناغەدا بە ئەنجام بگا. بۆچی پلانەكە لە دوو قۆناغدا بوو؟ چونكە دەبوایە دەوڵـەت وەك ئاشتیخوازو داواكاری چارەسەركردنی كێشەكان نیشـان بـدرێو ئـەو كەسـانەی دژایەتیی چارەسەری كێشـەی كوردسـتان بوون، وەك تاوانبار دەناساند".

D لە درێژەدا دەڵێ: بۆ ئەو كارە سێ تیم پێك هێنرا: ١ـ تیمی گفتوگۆكان كـە حـاجی غـەفوور بـەناوی نهێنی ئـەمیر مەنسوور بوزورگیـان، ئەنـدامو بەرپرسـی پەیوەندی لەگەڵ دوو تیمەكەی دیكە بوو. ٢ـ دوو تیمی تیرۆر، یەكێكیان پێكهاتبوو لـە ناسـر تـەقیپورو ئـەوی دیكـەش بەرپرسەكەی مەحموود ئەحمەدینەژاد بـوو. پێوەندیی تیمـی یەكـەم بـە باڵیۆزخانـەی ئێران لە ئوتریشدا لـە رێگـەی ئەحمـەدی نـەژادەوە بـووو ئـەو چـەكەكانی لـە باڵیۆزخانـەوە وەرگـرتو دایـە دوو ئەندامەكەی دیكەی تیمی تیرۆر. بە پێـی پلانەكە، گفتوگۆی یەكـەم لـە رۆژەكـانی ٢٨و ٣٠ی كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٨٨ لە ڤیەنی پایتەختی ئـوتریش ئـەنجام درا، ٧ی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٩ دیسان لە ڤییەن درێژە بە گفتوگۆكان درا.

ناسر تەقیپوورو عەسگەری هەفتەیەك پێش رێكـەوتی گفتوگۆكـان، لـە رێگـەی ئیمـاراتی عەرەبیـیەوە بـە پاسـپۆرتی ئوروپایی، چوونە ئـوتریش. باڵیۆزخانـەی ئێـرانیش لـە رێگـەی ئەحمەدینـەژادەوە چەكو پێداویستیـیەكانی دیكـەی بـەوان گەیانـد. حـاجی غـەفووریش زانیـاریی دەربارەی شوێنو كاتی كۆبوونەوەكە دایـە ئەوان.

D لە درێژەدا لـە زاری تـەقیپوورەوە دەڵێ: شاندی كوردی چـەند جـار شـوێنو كاتی كۆبوونەوەكەی گۆڕی، ئەو كارەشیان هەندێك كێشەی دروست كرد. تیمی تیرۆر داوای لە شاندی گفتوگۆ كرد تـا دەتـوانن كـاتی كۆبوونەوەكـە درێـژتر بكـەن تـا هەلێكی باشـیان وەدەسـت بكـەوێ. ئـەو هەلە سەعات یەكی پاشـنیوەڕۆ وەدەسـت كـەوت. یـەكێك لـە ئەنـدامانی شـاندی گفتوگۆ بە ناوی موستەفەوی دەرگـای بـە كراوەیی هێشتەوەو منو عەسـگەری بـێ هـیچ كێشـەیەك چـووینە شـوێنی گفتوگۆكانو بەرەو سەركردایەتیی حیزبـی دێموكراتی كوردستان، قـاسملووو قـادریو كەسی سێیەم بـە نـاوی فازیـل (خـەڵكی باشووری كوردستانو مامۆستای زانكۆ لە ڤیەن بوو)و گوللەبارانمان كـردن. قـاسملوو تەنانەت نـەیتوانی لەسـەر كورسـییەكەی هەسـتێو دوو كەسـەكەی دیكـەش دەستبەجێ كوژران. بە هۆی تـاریكبوونی شوێنی گفتوگۆكان، جەعفەری شاهروودی (ئەنـدامی تیمـی گفتوگۆكـانو لـە فەرماندەكانی سوپا)ش بریندار بوو. منو عەسگەری خێرا ئەوێمان بـەجێ هێشـتو لـە ئـوتریش چـووینە دەرەوە. جەعفـەری شاهروودییان گواستەوە بـۆ نەخۆشـخانەو دوای ٢٤ سـەعاتو پـاش هەوڵـەكانی باڵیۆزخانـەی كۆمـاری ئیسـلامی ئـازاد كراو چـووە باڵیۆزخانـە, لـەوێ مایـەوەو دوای ماوەیەك هاتەوە ئێران.

تەقیپوور دەربارەی ئامادەكارییەكانی ئەو كردەوەیە گوتبووی: لە كۆبوونەوەكانی تاراندا و پێش ئـوتریش، حـاجی غـەفوور باسی لە چۆنیەتیی كـاری سـێ تیمەكـە دەكرد. ئەحمەدینەژاد ئـەو كێشـانەی كـە رەنگ بوو بێتـە پێشـەوە, دەخسـتە روو و حاجی غەفووریش وەڵامی دەدایەوە . لـە كۆتاییدا حاجی غەفوور گوتی: "هـەموو شتێك جێبەجێ كراوە، لە ئوتریشیش هیچ كێشەیەكمان بۆ نایەتە پێشـەوە. دەچینو كارەكەمان ئەنجام دەدەینو هیچ شتێك روو نادا". لە راسـتیدا لـە هەنـدێك شـوێن، دەوڵـەتی ئـوتریش بـۆ پاراسـتنی پێوەندییەكانی لەگەڵ ئێـران، هاوكـاریی گواستنەوەی شاندەكانی بـۆ ئێـران كـردو پۆلیسـیش لێكۆڵینەوەیـەكی ئـەوتۆی نەكرد. جگە لەو كارە تیرۆریستییە، ناسر تـەقیپوور كـاری دانانـەوەی بۆمـب لـە دوكانی فازیل لە لەندەنیشی ئـەنجام داوە. مەبەست لەو كارە كوشـتنی فازیـل بـوو، بەڵام لەجیاتی ئەو، كوڕەكەی بەركەوت.

حـاجی غـەفوور لـە هێنـانی تێكنۆلۆژیای ناوكی لە وڵاتـانی تـازە بـە سەربەخۆیی گەیشتووی ئاسیاوە بۆ ئێران، وەك قەزاقسـتان رۆڵێكـی كاریگـەری هەبووە.

ئـەو راپۆرتـە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانی ئاڵمانیو دراوەتـە دوكتـۆر پیتێـر پیلیتس ئەندامی پارلەمانی ئـوتریش لـە سەركردەكانی حیزبی سەوزەكان. دوكتـۆر پیلیتس كەسێكە كە لە كاتی تیرۆرەكـانی ڤیەندا بە بەردەوامی لێكۆڵینەوەی لەسەر كردون. هەروەها ئەو ئەندامی ئەنجومـەنی ئاسایشی پەرلەمانی ئوتریشە.

دوكتۆر پیلیـتس داوای كـرد تـا ئـەو كاتـەی هـیچ هـەوڵێكی رەسمـی ئـەنجام نـەدراوە ئـەو زانیارییانـە لـە زاری شایەدەكەوە ئاشكرا نەكرێ، هەم بە هـۆی پاراسـتنی گیـانیو هـەمیش بـۆ ئـەوەی ئێران هـیچ هـەوڵێكی پێشـگیری ئـەنجام نـەدا، هـەر بۆیـەش وێـڕای گرووپێكـی تەلـەڤیزیۆنی، رۆژی هـەینی ٢٠ی ئـەم مانگـە چـووە فەرانسـەو لـە شـوێنی دانیشـتنی بەنیسـەدر، لەگـەڵ ئـەو شایەدحاڵە بۆ ماوەی دوو سەعات قسەیان كـرد. پیلیـتس وەڵامـەكانی لەگـەڵ ئـەو لێكۆڵینەوانەی لە ئـوتریش ئـەنجام دراون، لێك دەدایـەوە. لـە ئـەنجامدا گـوتی ئـەو قسـانە زۆر شـتی نادیـاری بـۆ روون كردینـەوەو ئێسـتا دەزانـین پلانـی ئـەو تیرۆرانە چۆن داڕێژراوەو ئێـرانو ئـوتریش چییان كردوە.

ئەو گرووپە تەلەڤیزیۆنییە فیلمێكیـان لـە گفتوگۆكـانی دوكتـۆر پیلیـتسو بەنیسەدر دروسـت كـردو گفتوگۆیـەكیان لەگەڵ بەنیسەدر ئەنجام دا كە شەوی ٢٣ی ئەم مانگـە لـە ئـوتریش بـڵاو كرایـەوە. هـەروەها دوكتـۆر پیلیـتس ٢٣ی ئـەم مانگـە كۆنگرەیـەكی رۆژنامەنووسـیی سازداو گوتی: "هەر كارێك بتوانم دەكـەم تا رێوشوێنی یاسایی بۆ ئەنجامدەرانی ئەو كارانە بگیرێتە بەر".

ئەو شایەدحاڵی تـازەی بـە (شـایەدی D) ناو بردو لە زاری ناسـر تـەقیپوورەوە گوتی : "فـەرمانی ئـەو كـارە لـە لایـەن رەفسـەنجانیو موحسـینی رەزاییـیەوە دراوەو ئەحمەدینەژادیش تیمـی دووەمـی تـیرۆری پێـك هێنـاوە. ئـەو زانیارییانـەم داوەتە یەكیەتیی ئورووپا، ئەو سێ كەسـە ئێسـتا كاندیـدای سـەرۆك كۆمـارین، یەكیـەتیی ئورووپـا دەبـێ بزانـێ لـە هەڵبژاردنـەكانی سـەرۆك كۆمـاریدا، ململانـێ لـە نێـوان تێكنۆكراتـە میانڕۆیـەكاندا نیـە، بـەڵكوو لـە نێـوان كەسـانێك دایـە كـە لـە تـیرۆرە سیاسییەكاندا راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەستیان هەبووە".

لە درێـژەدا گـوتی: "مـن قسـەكانی (شایەدحاڵی D)م لەگـەڵ ئـەو بەڵگانـەی سـەبارەت بـە تیرۆرەكـان لـە ئارشیڤی پۆلیسدا دەرهێنـاوە، لێـك دایـەوە، ئـەو قسـانە زۆر زانیـاریی تـازەو دروسـتیان تێدایە كە هـەلی بەدواداچـوونی یاسـایی سـێ كاندیـدای سـەرۆك كۆمـاریو بەرپرسانی تیرۆر دەڕەخسێنن".

هـەروەها تـەقیپوور ئـەوەی بـۆ (شـایەدحاڵی D) روون كردۆتـەوە كـە دەوڵەتی ئوتریش بۆ پاراستنی پێوەندییـە سیاسی ـ ئابوورییەكانی خۆی لەگـەڵ ئێران، پێشگیری لەو كەسانە نـەكردوە تـا لەو وڵاتە بچنە دەرەوە.

لە بەشـێكی دیكـەی ئـەو راپۆرتـەدا باس لە چۆنیەتیی تیرۆری دوكتۆر كەسـرا وەفـاداری لـە پـاریس كـراوە كـە ئـەوە دەقەكەیەتی:

رۆژی ١٨ی ئـەم مانگـە دوكتـۆر "كەسـرا وەفـاداری"یـان بـە چـەقۆ لـە ماڵەكەی خۆیدا كوشت، ئەو مامۆستای زانكـۆو كاندیـدای سـەرۆكایەتیی ئەنجومەنی زەردەشتییەكانی ئێران بـووو كەسانێكی زۆریش دەنگیان دابوویە.

هـەروەها چـەند سـاڵ لەمەوبـەر لـە سیمینارێكدا لە لەندەن بەشـداری كـرد، كاتێك كە دەیەویست بچێتە نـاو شـوێنی سیمینارەكە، كەسێك پێـی گـوت كـارم پێتـە، بردیـە لایـەكو چـەند كەسـێك دەورەیانداو بە زۆر لەوێ بردیانە دەرەوەو تـا كۆتـایی سـیمینارەكە رایـانگرتو هۆشدارییان دایە كە ئەگەر جارێكی دیكە لە سیمیناری وادا بەشداری بكا، ئەوا ئەو كـات بـە هۆشـدارییەكی ئاسـایی رازی نابن.

شایەنی باسە ناوبراو لـە چالاكانی پاراستنی مافی مرۆڤ بوو.



***

# نوێنەرێکی پارلمانی ئۆتریش:

## بەڵگەگەلێكمان سەبارەت بە بەشداریی رەفسە نجانی لە دەرکردنی فەرمانی تیرۆری دوکتور قاسملوو بەدەست هێناوە

نوێنەرێكی پارلمانی ئۆتریش لە حیزبی سەوزەكان, رۆژی دووشەممە رایگەیاند كـە لـەم دوایانـەدا بەڵگەگـەلێكیان بەدەسـت هێناوە كە دەیسەلمێنێ, ئەكبەری هـاشمیی رەفسەنجانی كاندیدای سەركۆماریی ئێـران لە دەركردنـی فـەرمانی تـیرۆری دوكتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملووو دوو رێبـەری كوردی دیكەدا بەشدار بووە.

سیاسـەتڤانێكی حیزبـی سـەوزەكانی ئـۆتریش, دوێنـێ رایگەیانـد كـە ئـەو بەڵگەگەلێكی بەدەست هێناوە كە نیشانی دەدا, ئەكبـەری هـاشمیی رەفسـەنجانی, كاندیدای سەركۆماریی ئێران, راسـتەوخۆ فەرمانی تـیرۆری دوكتـور عەبـدولڕەحمان قاسملووی لە ساڵی ١٩٨٩دا دەركردوە.

وتەبێـژی حیزبـی سـەوزەكان "پیتێـر پیلیتس" لە هەڤپەیڤینێكدا بۆ راگەیەنـە گشـتییەكان گـوتی: سەرچـاوەی زانیارییەكەی, رۆژنامەڤانێكی ئێرانییـە كە سێ رۆژ لەمەوبـەر لـە "ڤیێرسـای"دا چـاوپێكەوتنی لەگـەڵ كردبـوو. رێـزدار پیلیتس گوتی: ئەم سەرچاوەیە, ئامادەیـە لە بەرامبەر هەر بەرپرسێكی ئۆتریشـیدا ئۆرگیومێنتەكانی خۆی بخاتـە روو,و مـن بەوپـەڕی وزەوە هـەوڵ دەدەم ئـەم پەروەندەیە بكرێتەوە. بە پێی هەواڵەكان, ئـەو سەرچـاوەیە بـەهۆی مەسـایلی ئەمنییەتییەوە بـە D نـاو دەبرێو لـەم دوایانـەدا دوای ئـەوەی كـە ماڵەكـەی پشكێنراوە, ئێرانی بەجێ هێشتوە. ئەم سەرچـاوەیە لـە كۆتاییـەكانی سـاڵی ٢٠٠١دا لە رێگای تیمسارێكی پێشـووی سـوپای پاسـدارانەوە, زانیاریگـەلێكی وەدەسـت هێنـاوە كـە دەریدەخـات, ئەكبەری هاشمیی رەفسەنجانی, لە تیرۆری دوكتـور قـاسملووو دوو كـوردی دیكـەدا دەستی هەبووە.

رێزدار پیلیتس كە نوێنـەری پارلمـانی ئۆتریشە, دەڵێ كە: ئەو چاوی كـەوت بـە زانیاریگـەلی بڵاونـەكراوەی پۆلیسـی ئـۆتریش لـەو كارەساتەدا كـە ١٦ سـاڵ لەمەوبـەر رووی داو, دەتوانـێ لەگـەڵ زانیارییـەكانی سەرچـاوە ئێرانییەكـەدا بەراوردی بكاو بە دەرەنجام بگات.

رێزدار پیلیتس گوتی: لە كۆی شـەش كـەس لـەو كاندیداتۆرانـەی كـە بـۆ هەڵبـژاردنی سـەركۆماری لـە ٢٧ی جۆزەرداندا تەئیید كراون, سێ كـەس لـە كاندیـداتۆرەكان گومـانی بـەهێزیان لـێ دەكـرێ كـە دەسـتیان لـە تـیرۆرە نێونەتەوەیییەكاندا هەبووبێ.

رێـزدار پیلیـتس دەڵـێ: جگـە لـە ئەكبـەری هـاشمیی رەفسـەنجانی كـە پێشـبینی دەكـرێ جێگـای محەممـەدی خاتەمی بگرێتەوە, دوو كەسەكەی دیكە بریتین لە: موحسێن رەزایـی فەرمانـدەی پێشـووی سـوپای پاسـدارانو مـەحموود ئەحمەدینەژاد, شارەداری ئێستای تاران.

شـایانی باسـە لـە رێكـەوتی ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا, دوكتور عەبـدولڕەحمان قـاسملوو, رێبـەری حیزبـی دێمـوكراتی كوردستانی ئێرانو دوو كـەس لـە كـادرە پایەبـەرزەكانی ئـەو حیزبـە لـە ڤیـەن پایتەختی ئۆتریش بە دەستی سێ كەسـی چـەكدار كـە دەگـوترێ هێنـدێكیان پاسپۆرتی دیپلۆماتیكیان پێ بووە, تیرۆر كران. ئەم سێ كەسە خاكی ئۆتریشـیان بەجێ هێشـتو كـەس لـەو پێوەندییـەدا دەستگیر نەكرا.

سەرچاوە:
www.radiofarda.com

# بارودۆخی منداڵانی کوردستان و ئێران لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا

## بەبۆنەی رۆژی جیهانیی منداڵانەوە

**خاڵی کانی**

منداڵان وەك بەشێکی هەستیارو هەرەگرنگی هەر کۆمەڵگایەك لە زۆر یەك لە وڵاتانو بەتایبەت وڵاتە نادێموکراتیکەکاندا مافو هەبوونیان پشتگوێ دەخرێ, بەبێ لەبەرچاوگیرانی رۆڵی گرنگیان لە بنیاتنانی داهاتووی کۆمەڵگاو دوارۆژی ژینگەو ژیانی کۆمەڵگاکەیان, مافەکانیان پێشێل دەکرێ, دەرەتانی گەشەکردنیان پێ نادرێو بواری پێشڤەچوونیان بۆ نارەخسێندرێ.

منداڵان بەهۆی تایبەتمەندییەکانی قۆناغی ژیانی مرۆڤ, لە ریزی پێشەوەی قوربانییانی هەموو جۆرە خەسارێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی دان. قەیرانە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانو یەك لەوان شەڕ, کارتێکەرییەکی خێراو زۆر نێگەتیڤی هەیە لەسەر رەوشی منداڵانو ئاقاری ژیانیان بەرەو داهاتوویەکی زۆر نالەبارو ئاڵۆز دەبا.

رادەی رێزگرتنی هەر دەوڵەتو وڵاتێك لە مافی منداڵانو چەسپاندنی مافو داخوازییەکانیان بەستراوەتەوە بە رادەی رێزگرتنی ئەم دەوڵەتو وڵاتە بۆ مافی مرۆڤ. ناکرێ لە دەوڵەتو رێژیمێك کە رێز لە مافی مرۆڤ ناگرێو بەها ئینسانییەکان پێشێل دەکا, چاوەڕوانی ئەوە بین رێز لە مافی منداڵان بگرێو بە چاوی هیواو بە پەرۆشەوە بڕوانێتە داهاتووی ئەوانو بیر لە پاشەڕۆژی روونیان بکاتەوە.

ئەسڵی پێویستیی منداڵان بە یارمەتیو پشتگیریی گەورەکان بەهۆی لاوازی جەستەییو دەروونییانو هەروەها گرنگیی رۆڵی منداڵان لە کێشانەوەی نەخشەی سبەی کۆمەڵگا, رێکخراوو کۆمەڵە جیهانییەکانی ناچار بە پەسندکردنی زۆر پەیماننامەو کۆنوانسیۆن بە قازانجی منداڵانو بە مەبەستی وەبەرچاوگرتنی مافو پێداویستییەکانی گەشەکردنیان کردووەو لەو پەیماننامەو رێککەوتننامانەدا هەموو وڵاتانی ئەندامو واژۆکەر مولزەم بە چەسپاندنی نێوەرۆکی پەسندکراوەکان کراون.

ئێران لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٧٢دا چووە ریزی وڵاتانی ئەندامی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵان, بەڵام بە مەرجی ناتەبانەبوونی نێوەرۆکی پەیماننامەکە لەگەڵ یاساو رێسا شەرعیو ئیسلامییەکان. هەر ئەو مەرجو مافەی کە رێژیم بۆخۆی داناوە, بۆتە هۆی ئەوەی خۆی لە بەرامبەر هیچکام لە بەندەکانی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵاندا بە دەروەستو بەرپرسیار نەزانێ. ئەگەر لە هێندێك لە وڵاتاندا نەبوونی یاسای پشتگیری لە مافی منداڵان یا کەموکوڕیی یاسا ببێتە هۆی پێشێلکرانی مافی منداڵان, بەڵام لە ئێرانی ئیسلامیدا ئەوە خودی یاساکانی رێژیمە کە رووبەڕووی منداڵان دەبنەوە. بۆ وێنە بە فەرمیبوونی ئێعدامو لە سێدارەدانی مێرمنداڵانی تەنانەت خوارتر لە ١٦ ساڵ. تازە ئەگەر لە ژێر گوشاری نێونەتەوەییدا حوکمی ئێعدامەکە رابگرن کە تەمەنی منداڵەکە گەیشتە ١٨ ساڵ بەڕێوەی دەبەن, لە حاڵێکدا ئەو تاوانە لە تەمەنی منداڵیدا کراوەو نابێ سزای بەو رادە قورسەی بەسەردا بسەپێ.

لە هەموو سیستەمەکاندا ئەركو سزا لە بەرامبەر هەبوونی مافدا دێتە گۆڕێ, بەڵام ئەوە لە کۆماری ئیسلامیدا تەواو پێچەوانەیە. وەك ئەوەی مێرمنداڵێك کە دەستدرێژی کرابێتە سەر, بۆخۆی بۆی نیە سکاڵا لە دادگا تۆمار بکا, ناتوانێ لە بانکدا حیساب بۆخۆی بکاتەوەو کاری پێ بکا, بۆی نیە لە کاروباری سیاسیو کۆمەڵایەتیدا رۆڵ بگێڕێو بۆ وێنە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکا, بازرگانی بکا, بەڵام ئەنجامدانی ئەو کارانەی بە تاوان دادەنرێ, سەرەڕای نەگەیشتنی پێگەیشتوویی فکریو جەستەیی بۆ ئەو سزای لێ دەکەوێتەوەو دەبێ مل بۆ ئەو سزا نارەواو نادروستە راکێشێ.

دنیای منداڵان, دنیایەکە لێوڕێژ لە گەشەو نەشە, جوانیو ناسکیو خولیا, بەڵام لە سایەی دەسەڵاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بزەو خەندەش لەسەر لێوی منداڵان فڕیوە, بێهیواییو وشکیو نەبوونی فەزایەکی سالمو شاد دنیای منداڵانەی منداڵانی ئەمڕۆی ئێرانی خستۆتە ژێر چەپۆکی خۆیو هەر چەشنە دڵخۆشیو نەشەیەکی لە ژیانی ئەوان تۆراندوە.

لە نەبوونی روانگەیەکی سەردەمیانە سەبارەت بە منداڵانو رەنگدانەوەی لە سیاسەتو پلاندانان لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کۆمەڵگای ئێران لە پێوەندی دەگەڵ منداڵانیشدا تووشی کۆمەڵێك قەیرانی قووڵ بووە. منداڵانی سەرشەقامو هەروەها وەبەرکارنانی منداڵان دوو دیاردەی بەرچاوی کۆمەڵگای ئێرانن کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستیاندا کەمتەرخەمن, گرنگییەك بە خەسارو دەرەنجامە نالەبارەکانی ئەم دیاردانە نادەن. "رێژەی منداڵانی سەرشەقام لە ئێراندا لە چاو ساڵی ١٣٥٧ کە ٢٠ هەزار کەس بووە, لە ساڵی ١٣٨١دا گەیشتۆتە یەك میلیۆن کەس."[1] ئەم رێژەیە رۆژ بە رۆژ لە زیادبوون دایەو ئامارێکی ورد لەو کاتەوە تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە. تەنیا لە ٩ مانگی رابردوودا و تەنیا لە شەقامەکانی شاری تاران ١٤٣٦١ منداڵ کۆ کراونەتەوە.

بەشێکی یەکجار کەم لەو منداڵانە لە دامودەزگاکانی بێهزیستیدا نیشتەجێ دەکرێنو دەحاوێندرێنەوە. دیارە پرۆژەی کۆکردنەوەی ئەو منداڵانەش نە لە روانگەی هەست بە بەرپرسیارەتیکردنی دەوڵەت بەرامبەر بە چارەنووسی ئەو منداڵانەو بەخشینی ژیانێکی شیاوو دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنو حاوانەوە, بەڵکوو تەنیا بە مەبەستی جوانکردنی روخساری شارو شەقامو سڕینەوەی ئەسڵی کێشەکە بەڕێوە دەچێ. وەك بەڵگەش بۆ راستیی ئەم وتەیە دەتوانین ئاماژە بە راپۆرتی یەکێك لەئەندامانی شورای شاری تاران بکەین کە لە راپۆرتەکەی خۆیدا "حاواندنەوەو ساماندەهیکردنی ٥٠ منداڵی سەرشەقامی لە ریزی تۆپاندنی چل سەگی بەرەڵڵا دانابوو."[2]

هەژاری, کەلێنی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری نێوان چینەکانی کۆمەڵگا, بێکاریو ئیعتیادی بنەماڵە کە هەر هەموویان بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامین, بوونەتە هۆی پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە. لەگەڵ ئەوانەشدا خۆ بە بەرپرسیار نەزانینی رێژیم لە بەرامبەر ئەم دیاردەیەدا خەسارو زیانەکانی دەیان قات پتر دەکا.

ئەمڕۆ هەزاران منداڵ لە سەرانسەری شارەکانی ئێران لە کوورەخانەو کارگە سەنعەتییەکانداو لە نالەباترین دۆخی کارو ژینگەدا, هێزی کاری خۆیان بە نرخێکی زۆر هەرزان دەفرۆشنو لە کارگەگەلێکدا دەپرووکێنەوە کە گەورەکانیش ناتوانن تێیدا کار بکەن. لەو کارگەیانەدا هیچ جۆرە رێوشوێنێکی خۆپاراستنو لەشساغی بۆ ئەو منداڵە کرێکارنە لەبەرچاو ناگیرێو لە ساڵدا زیاتر لە ٣٠٠٠ منداڵ تەنیا لە کارگە سەنعەتییەکاندا تووشی زیانەکانی کار دەبن. لێرەدا بەر لەوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامی وەك پشتیوانیی منداڵانی کرێکار خۆ دەر بخەن, ئەوە هەلومەرجی دژوارو یەکجار نالەباری ژیانە کە بنەماڵەکان ناچار دەکەن منداڵانی خۆیان وەبەر کار بنێن, بۆ ئەوەی پاروویەك نان بۆ بژێویی خێزانەکەیان وەدەست بێننو, دیارە ئەمەش سەرەڕای بوونی هەموو یاساکانی کۆماری ئیسلامییە کە دژی بەرژەوەندییەکانی کرێکارانن.

بارودۆخی منداڵانی کورد لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆر لەوە نالەبارترو دڵتەزێنترە کە بە نووسین باسی لێوە بکرێ. هەواڵی تەقینەوەی مینو گیان لە دەستدان یا کەمئەندام بوونی منداڵان لە کوردستان رۆژانە بۆتە باسێکی ئاسایی. بەشێکی زۆر لە منداڵانی کورد بە جێی ئەوەی لە قوتابخانەکان خەریکی خوێندنو فێربوون بن, دەبێ لەشی ناسكو لاوازیان بخەنە ژێر کاری سەختو تاقەت پڕووکێن, لە ناوچە سنوورییەکان ناچار بە کۆڵبەری بن یا لە کوورەخانەکانداو لە قرچەی گەرمای هاویندا شانبەشانی بنەماڵەکەیان ئارەق بڕێژن یا دەنا لە پشت دارە تەوندا حەزو خولیاکانیان لە تانوپۆی فەرشی بەر دەستیان گرێ بدەنو هەر بە منداڵی پشتیان بچەمێتەوە.


سەرەڕای هەموو ئەوانە, منداڵانی کوردی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە زوڵمو هەڵاواردن فرچك دەگرن, تەنانەت مافی ئەوەشیان بە خۆیانو دایەو بابیان نادرێ کە ناوی دڵخوازو کوردانەیان بۆ هەڵبژێرن, لەگەڵ گەورەبوونیشیان بەرەبەرە پتر هەست بە مەینەتو ئازارەکانی دۆخی داسەپاو دەکەن.


بەگشتی سیاسەتو پلانەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر منداڵان, پەروەردەو خەملاندنیاندا وەك سیاسەتەکانی دیکەیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا زۆر ناسەردەمیانە, سواوو تەنیا لە خزمەتی بەرژەوەندییە ئیدئۆلۆژییەکانی دایە. هەر ئەو جۆرەی کە لە سەرەتای وتارەکەشدا باسمان کرد, ناکرێ لە رێژیمێکی دژی گەلیو پێشێلکەری مافی مرۆڤو بایەخە مرۆییەکان چاوەڕوانی ئەوە بکرێ کە رێز لە منداڵو مافەکانی بگرێو بیهەوێ داهاتوویەکی گەشو روونیان بۆ دابین بکا.

❊❊❊

١) هەواڵنێریی ئێران "ئیرنا", ١٣٨١/٧/١٧

٢) هەواڵنێریی خوێندکارانی ئێران "ئیسنا", ١٣٨٤/٢/١٨








# نامەیەکی سەرئاوەڵا بۆ منداڵانی جیهان

**ئاسکە عوسمانی**



ئەو ساڵیش بە حەسرەتەوەو لە رێگەی شاشەی تەلەڤزیۆنەکانەوە چاوم بە رێوڕەسمەکانی ١ی ژوئەن کەوت. ئەو رێوڕەسمانەی بەبۆنەی رۆژی جیهانیی منداڵانەوە بۆ وان رێك خرابوون. لەو رێوڕەسمانەدا منداڵانی بەختەوەر لە تەنیشت دایكو باوکیان نوقمی خۆشیو شادی بوون. بۆ ساتێکیش بزە لەسەر لێوەکانیان نەدەکەوت. هەموو وجوودیان خۆشیی لێ دەباری. بە خۆم نەبوو, کەوتمە بیری منداڵانی خۆمانو یەك لەوان خۆم. بلێی لە میلیۆنان منداڵی کورد چەندەمان بزانین کە رۆژێك هەیە بەناوی "رۆژی جیهانیی منداڵان"؟ ئەو رۆژەی وا جەژنیان بۆ دەگیرێ, دیارییان پێشکێش دەکرێ, گوێ بۆ ویستو داخوازەکانیان رادەگیرێ؟ ئەوە تاڵە, بەڵام تاڵتر لەوە دایکانو باوکانی ئێمە چەندەیان دەزانن کە رۆژێك هەیە بەناوی رۆژی جیهانیی منداڵانو پێویستە لەو رۆژەدا کاتەکانیان یان بەشێك لە کاتەکانیان بۆ منداڵەکانیان تەرخان بکەن؟ بەڵام, بلێی ئەوە سووچی ئەوان بێ؟ نا... نا... من دەزانم دایکانو باوکانی ئێمە ئەوەندە چەوساوەن, ئەوەندە لە ژێر باری ستەمی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا پشت چەماوەن, ئەوەندە رۆژو شەوو ژیانیان تاڵو پڕ مەینەتە, کوا بە بیریاندا دێ کە رۆژێ هەیە, بیانوویەك هەیە بۆوەی ئاورێکی خۆشەویستی لە جگەرگۆشەکانیان بدەنەوە.

چەندە جوان بوون ئەو دیمەنانەی لە جێژنەکانی رۆژی منداڵان بڵاو دەبوونەوەو چەندە تاڵن سات بەساتی ژیانی منداڵانی کورد. چەندە بەختەوەرن منداڵانی سەربەستی جیهانو چەندە هەژارو بێئەنوان منداڵانی کورد. چەندە ئاسوودەو دڵخۆش بەداهاتووی گەشی ژیانن منداڵانی خوداپێداوو چەندە لێڵو تەماوییە چارەنووسی منداڵانی کورد. لێرەدا دەمەوێ بۆ چەند ساتێ لەگەڵ منداڵانی بەختەوەری جیهان قسە بکەم.

**منداڵانی بەختەوەری جیهان!**

خوزگە تەنیا بۆ جارێ سەردانی کوردستانتان دەکرد, چاوتان بە منداڵانی سەرشەقامو کرێکار دەکەوت, ئەوانەی تا خوا حەز کا حەزیان لە خوێندنە, بەڵام دەرەتانی خوێندنیان نیە, خوزگە چاوێکیان بە منداڵانی دەموچاو تاوبردوو لە کوورەخانەکان دەکەوت, تا لە ژیانو مرۆڤایەتی بێزار بن.

ئێمەی منداڵ لێرە هەر لە ئێستاوە مەینەتییەکانی نەتەوەی بندەستمان لە کۆڵ ناوە, باوەڕ ناکەن؟ وەرن چاو لەو هەموو منداڵە دەست پەڕیوو لاق نەماوەو کەمئەندامە بکەن, کە مینیان پێدا تەقیوەتەوە. ئەوان چووبوون بۆ یاری, بەشێکیشیان بۆ کۆڵبەری. زۆریشیان هەر لە جێدا مردنو قەت نەگەڕانەوە باوەشی بنەماڵەکانیان.

ئێمەو نەتەوەکەمان بندەستەی دەسەڵاتێکین کە بە خوێنی سەرمان تینوە, بەڵام دەزانن کە ئەوە گەورەکانی ئێوەن بەجۆرێ پشتیوانی لەو رێژیمە دەکەنو یارمەتیی دەدەن؟ وەرن چاو لە ژیانی ئێمە بکەنو بچن بە دایكو باوكو گەورەکانتان بڵێن کە ئێمەش منداڵانی کورد مرۆڤین, مافو ژیانمان هەیە, ئاواتو حەزو خوزیامان هەیە, با لەبەر ئێمەش بێ واز لەو رێژیمە بێننو چیتر پشتیوانیی لێ نەکەن. خوزگە ئەو نامەیەی من دەگەیشتە دەستی ئێوە, خوزگە کاتی ئەوەتان دەبوو کە بیخوێننەوە, خوزگە لە ئازارو مەینەتییەکانی ئێمە دەگەیشتن, خوزگە دەمانتوانی ئێمەش وەك ئێوە بینو بژین خوزگە... خوزگە... .

❊❊❊

# پرۆژەی ناوکی ئێران و درێژەکێشانی وتووێژەکان

رەحمان سەلیمی

کاتێك وەزیرانی کاروباری دەرەوەی وڵاتانی ئورووپایی ئاڵمان، ئینگلیس‌و فەرانسە لە ساڵی ١٣٨٢دا گەیشتنە تاران‌و چاویان بە حەسەن رووحانی، بەرپرسی شوورای بەرزی ئەمنییەتی میللی‌و دەمڕاستی کۆماری ئیسلامی لە کێشە ناوکی‌یەکاندا کەوت، وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا بیریان لەو دەکردەوە کە بە دوور لە حوزوورو دەستێوەردانەکانی ئامریکا لە ئێراندا، دەتوانن وەك بەرگێکی بەرەندە لەو دەرفەتە مێژوویی‌یە کەڵك وەرگرن، دەرفەتێك کە بە دوای ئاشکرابوونی چەندین سایتی بەڕێوەبردنی پرۆژە ئەتۆمی‌یەکان لە ئیسفەهان‌و نەتەنزو هاتنەئارای ئەو گومانە کە ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی هەوڵ دەدا، هاتبووە پێشێ، کە بەتایبەت ئەو مەترسی‌یە بەدوای تاقیکردنەوە مووشەکی‌یە دوورهاوێژەکانی رێژیم وەك پرۆژەی مووشەکی شەهابی ٣و فەتح (بە بوردی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمیتر) گەیشتە ئەوپەڕی خۆی.

کۆی ئەو رووداوانە، وڵاتانی ئورووپایی‌و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیان (IAEA) گەیاندە ئەو باوەڕەی کە زەخت بخەنە سەر کاربەدەستانی رێژیمی تاران تا پرۆتۆکۆلی هاوپێچی پەیماننامەی پێشگرتن لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی (NPT) مۆر بکەن، کە ئەوەش بوو بەهۆی دژکردەوەی توندی رێژیم بەتایبەت قۆڵی بونیادگەرا. بەو تێبینی‌یەی کە مۆرکردنی NPTو ئیزن دان بە کارمەندانی IAEA کە لە هەر کاتێکی دیاری‌نەکراودا بتوانن سەر لە هەر شوێنێکی دیارینەکراو بدەن، سەربەخۆیی‌و غورووری دەسەڵاتداران دەخاتە ژێر پرسیارەوەو رێخۆشکەر دەبێ بۆ رەخنەو نفووزی دەستێوەردانەکانی بێگانەو لە نیهایەتدا ئەوەیان بە بێ‌حورمەتی‌و تەوهینێکی گەورە بە دەوڵەت‌و میللەتی ئێران دەزانی. بەڵام ئاکامی فشارە نێونەتەوەیی‌یەکان قۆڵی بونیادگەرای کردە دەستپێشخەر بۆ مۆرکردنی NPT، بەو بیانوویە کە ئەمنییەتی میللی‌و مەسڵەحەتی نیزام کەوتوونەتە مەترسی‌یەوە. کە ئەم هەڵوێستە ئێرانی بەشێوەیەکی کاتی لەو قەیرانە رزگار کردو پرۆسەی دوورو درێژیی وتووێژەکانی نێوان وڵاتانی ئورووپایی‌و ئێرانی لێکەوتەوە. پرۆسەیەك کە راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی بەشێوەیەکی کاتی‌و دواتر هەر چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی هەر بەم شێوەیە بەسەر رێژیمدا سەپاند.

ئامریکایی‌یەکان درێژبوونەوەی ماوەی وتووێژەکانیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا نەدەدیت، چون لە لایەك لە ململانێی ئابووری‌دا بەرژەوەندی‌یەکی ئەوتۆیان لە ئێراندا نەبوو، لە لایەکیش بۆ درێژەی سیاسەتی دێموکراتیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی ناڤین پێویستی‌یان بە یەکلایی‌کردنەوەی پەروەندەکە بوو. راگەیاندنی کاربەدەستانی رێژیمی ئێران بۆ دەستپێکردنەوەی چالاکیی ناوکی کە تەنانەت لەلایەن مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌یەوە پەسند کرابوو، ئەگەری ئەو یەکلایی‌کردنەوەیەی ئەوەندەی دیکەش دەبردە سەرێ. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە وڵاتانی ئورووپایی بە مەرجێك ئامادە بوون پێشگیری لە ناردنی پەروەندەی ناوکیی ئێران بۆ شورای ئەمنییەت‌و هەروەها داکۆکی لە وەرگرتنی ئێران بۆ ئەندامەتی لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانی (wto) بکەن، کە ئێران تەواوی چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی خۆی راگرێ. مەترسیی نزیکبوونەوەی ئێران لە چەکی ئەتۆمی‌و پێداگرتنی ئامریکا بۆ هەرچی زووتر بە ئاکام گەیشتنی کۆبوونەوەکان، قۆناغێکی ناسك‌و هەستیاری لەو پێوەندی‌یەدا هێنایە گۆڕێ. هەر بۆیە لە کۆبوونەوەی رۆژی ٤ شەممە، ٢٦ی مای ٢٠٠٥دا لە ژنێڤ بەو پێیە کە ئێران سوور بوو لەسەر دەستپێکردنەوەی چالاکیی ئەتۆمی‌و هەروەها ئورووپاو ئامریکا بەشێوەیەکی کەم وێنە هەڕەشەیان دەکرد، کۆتایی بە وتووێژەکان دێنن‌و بە لایەکی‌دا دەشکێننەوەو وا وێدەچوو بە شکستهێنانی وتووێژەکان، بوار بۆ ناردنی پەرەوەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ شوورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموار بێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە سێ سەعات‌و نیوی خایاند، دیسان دەستی دیپلۆماسی بێ پرنسیپ‌و باجدەری مەلاکان لە ساتوسەودایەکی نوێ‌داو بە دانی باجگەلێکی دیکە ماوەی وتووێژەکانی بۆ نزیك ٢ مانگی دیکە درێژ کردەوە تا بەڵکوو سەرکۆماری داهاتووی ئێران، بتوانێ کلیلی چارەسەری کێشەکان لە گیرفانی عەباکەی دەربێنێ‌و ئێران لەو قەیرانە کە دەڕوا بناغەکانی رێژیم بڕووخێنێ، رزگار بکا. لە حاڵێکدا هەڵوێستی پایەبەرزانی رێژیم پێش کۆبوونەوەی ژنێڤ وای نیشان دەدا کە بۆنبەستێکی جیددی لە وتووێژەکاندا هاتۆتە ئاراوەو ئیمکانی درێژەدانیان زۆر ئەستەمە. بۆ وێنە موحسێن مووسەویان وتەبێژی وەڤدی ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا رای‌گەیاندبوو کە وتووێژەکانی برۆکسێل (کە چەند رۆژ پێشتر بەڕێوە چووبوو) لەوپەڕی ئاڵۆزی‌و دژواری‌دا بەڕێوە چوون. هەروەها "حشمت‌الله فلاحت‌پیشە" نوێنەری مەجلیسی شوورای ئیسلامی باسی لە گەیشتنی وتووێژەکان بە هێڵی سوور کردبوو.

ئەو رێککەوتنەکاتی‌یەی ژنێڤ ئەو راستی‌یەمان بۆ روون دەکاتەوە کە:


یەکەم، لە هەڵسوکەوتی وڵاتانی ئورووپایی سەبارەت بەم کێشەیەدا جۆرە چاوەڕوانی‌یەك بە نیسبەت هەڵوێستی جیددیی ئامریکا لەمەڕ ئەو کێشەیەو هەروەها مەسەلەی مافی مرۆڤو تێرۆریزم دەبیندرێ. بەتایبەت لەم دوایانەدا رایس وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا رای‌گەیاند کە چاوەڕوانی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌و رادەی بەشداریی خەڵك لەو هەڵبژاردنانە دایەو بوون یا نەبوونی رەوایی کۆماری ئیسلامی دیاریکەری سیاسەتەکانی داهاتووی ئامریکا بە نیسبەت ئێرانە.

دووهەم، هەموو هەڵوێستە نالۆژیکی‌و ناواقیع‌بینانەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کێشەی ناوکی تووشی شکست هاتوون‌و جۆرە یاری‌کردنێك بە غورووری ئێرانی‌یەکانی تێدا بەدی دەکرێ کە وێدەچێ هیچ بایەخێکی بۆ دەسەڵاتدارانی رێژیم نەبێ.

سێهەم، هەزینەکردنی قورس‌و گران بۆ پرۆژە نهێنی‌یە ئەتۆمی‌یەکان بە پاساوی دەستڕاگەیشتن بە وزەی بەرق فەلەج‌بوونی ئابووریی ئێرانی لێکەوتەوە کە راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵك داناوەو رێژیمی بەرەوڕووی ناڕەزایەتی‌یەکی گشتی‌و جەماوەری کردوە، کە ئەم پرسە جیددییانە بیروڕای گشتیی جیهانی بەو قەناعەتە گەیاندوە کە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی هێزو بە هەموو قیمەتێك لە هەوڵی سازکردنی چەکی ئەتۆمی دایەو لەم بارەیەوە ناکرێ هیچ متمانەیەکی پێ‌بکرێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستی‌یە کە رێژیمی نامەسئوول‌و تیرۆریستپەروەرو ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی هیچ تەعەهودێکی ئینسانی‌و نێونەتەوەیی بۆ کەڵك وەرنەگرتن لە چەکی کۆمەڵکوژ نیەو ئەگەری لە ئیختیارنانی ئەو جۆرە چەکانە بە گرووپە تەندڕەوو تیرۆریستی‌یەکانی هەیە، دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی کە دنیا ناتوانێ چیتر لە بەرامبەر ئەو رێژیمەدا بێدەنگ بێ تا وەکوو سەدو کۆسپێکی گەورە لە بەردەم ئاشتی‌و هێمنی لە ناوچەو جیهاندا بجوولێتەوە.

ئەمڕۆ ئیتر هیچ وڵاتێك ناتوانێ بە بیانووی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی‌دا پرۆژە مەترسیدارو دژە مرۆڤایەتی‌یەکان بە ئەنجام بگەیەنێ‌و هەڕەشە لە مرۆڤو ژیان‌و ژینگەو... بکا. واتە ئەم کردەوانە لە چوارچێوەی نێوخۆیی‌دا ناگونجێن‌و پێوەندییان بە جیهانەوە هەیە، کەوابوو رەوایە تەواوەتی مرۆڤایەتی لە بەرامبەر ئەم کردەوانەدا هەڵوێست بگرێ‌و موژدەی ئاشتی‌و ئازادی بۆ جیهان بە دیاری بێنێ.






## راپۆرتێك لەسەر بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی شوورای ئینتێرناسیونال سوسیالیست لە رۆژەکانی ٢٣و٢٤ی مانگی مای ٢٠٠٥ لە شارەکانی "تێل ئاڤیڤ"ی ئیسرائیل‌و "رامووڵڵا"ی فەلەستین

کۆبوونەوەی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست کە ئەمجارە لە رۆژەکانی ٢٣و٢٤ی مای ٢٠٠٥، بەدوای یەکدا لە شارەکانی "تێل ئاڤیڤ"ی ئیسرائیل‌و "رامووڵڵا"ی فەلەستیندا بەڕێوەچوو، تەوەری کاری خۆی لە بنەمادا تەرخان کردبوو بۆ مەسەلەی "ئاشتی‌و دێموکراسیی سیاسی‌و ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا لە روانگەی ئەنتێرناسیونال سوسیالیستەوە".

هەربۆیە بەشی گرینگ‌و بنەڕەتی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە لەسەر باس بەم بۆنەیەوە بەڕێوەچوو. سەبارەت بەم بابەتە جیا لە کاربەدەستانی دەوڵەتیی ئیسرائیلی‌و فەلەستینی، ژمارەیەك لە بەرپرسانی یەکەمی رێکخراوی "الفتح"و حیزبی کرێکاری ئیسرائیل‌و هەروەها ژمارەیەك لە بەرپرسانی حیزبە سوسیالیستی‌یەکان‌و حیزبە سوسیال دێموکراتەکانی ئورووپایی وتاریان پێشکەش کردو لەسەر گرینگی ئەم بابەتە پێیان داگرت. هێندێك لە دواندەرەکان بریتی بوون لە: "ئانتۆنیۆ گوترێس" (Antonio Guterres)، سەرۆکی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست‌و سەرۆك وەزیری پێشووی پورتەغال، "توربیورن یاگلاند"، بەرپرسی کومیتەی رۆژهەڵاتی ناڤینی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست‌و سەرۆك وەزیری پێشووی نۆروێژ، "مانوئێل شاوس" (Manuel Chaves)، رێبەری حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیا، "پیرۆ فاسینۆ" (Pero Fassino)، رێبەری حیزبی دێموکراتە چەپەکانی ئیتالیاو بەرپرسی کومیتەی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست بۆ ئاشتی‌و دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ، خاتوو "پیالۆ کاتێلێ" (Pialo Catelle)، سەرۆکی ئەنتێرناسیونال سوسیالیستی ژنان، "ماسیمۆ دالیما" (Massimo Dalema) لە رێبەرانی حیزبی دێموکراتە چەپەکانی ئیتالیاو سەرۆك وەزیری پێشووی ئەو وڵاتە، "فیلیپ گونزالێس" (Felipe Gonzales) لە رێبەرانی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیاو سەرۆك وەزیری پێشووی ئەو وڵاتە، "جۆرج پاپاندریوو" (George Papandreou)، رێبەری حیزبی سوسیالیستی یوونان‌و وزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە.

لەدوای باس‌و خواستی پێویست لەسەر بابەتی کۆبوونەوەکە، لە رۆژی ٢٤ی مانگی مای‌دا کۆبوونەوەکە یەکەم بەشی کاری خۆی بە باس‌و وتووێژ سەبارەت بەو راگەیەندراوێ کە کومیتەی رۆژهەڵاتی ناڤینی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست لە کۆبوونەوەی خۆی‌دا لە رێکەوتی ٩ی مانگی مای ٢٠٠٥ لە لەندەن داڕێژرابوو، تێپەڕ کرد. ئەم راگەیەندراوە لەدوای باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕای پێویست لە دەنگدانێکدا بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا. لەم راگەیەندراوەدا بەشێکیش سەبارەت بە ئێران تەرخان کراوە.

دوایین بەشی کاری کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ مەسەلەی بردنەسەرەوەی پلەی ئەندامەتیی چەند حیزب‌و رێکخراوێك لەوانەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەبێ بە خۆشی‌یەوە بڵێین کە لەدوای خستنەبەر دەنگدان بە تێکڕای دەنگەکان پلەی ئەندامەتیی چووەسەر. بە خۆشی‌یەوە یەکێك لەو حیزبانەی تریش کە پلەی ئەندامەتیی زیادی کرد یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە کە لەمەودوا ئەندامێکە کە هەموو مافێکی لە ئەنتێرناسیونال سوسیالیستدا هەیە.

شیاوی باسە کە بە نوێنەرایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەڕێز خوسرەو عەبدوڵلایی، ئەندامی دەفتەری پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب بەشداری لەم کۆبوونەوەیەدا کرد. بەڕێزیان لە پەراوێزی کاری کۆبوونەوەکەدا سەرەڕای چاوپێکەوتنی دووبارە لەگەڵ بەرپرسانی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست بەتایبەتی بەڕێزان "ئانتۆنیۆ گوترێس"، سەرۆکی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست، "لوئیس ئایالا"، سکرتێری ئەنتێرناسیونال سوسیالیست، "توربیون یاگلاند"، بەرپرسی کومیتەی رۆژهەڵاتی ناڤینی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست، "کۆنی فریدریکسۆن"، بەرپرسی گرووپی کاری ئەنتێرناسیونال سوسیالیست سەبارەت بە مەسەلەی کوردو خاتوو "مارلێن هاس"، سەرۆکی ئەنتێرناسیونال سوسیالیستی ژنان، لەگەڵ شاندەکانی نوێنەرایەتیی حیزبە بەشداربووەکان لە کۆبوونەوەکەدا، لەوانە: شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان، حیزبی سوسیالیستی فەڕانسە، حیزبی سوسیالیستی بێلژیك، حیزبی سوسیالیستی یوونان، حیزبی کرێکاری ئیسرائیل، حیزبی دێموکراتە چەپەکانی ئیتالیا، حیزبی کرێکاری هولەند، کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقای باشوور، حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئیس‌و رێکخراوی "ئەلفەتح"ی فەلەستین چاوپێکەوتنی پێك هێناو سەبارەت بە مەسەلەکان‌و گێرەوکێشەکانی ناوچەو بەتایبەتی بارودۆخ لە ئێران‌و کوردستانی ئێرانداو داخوازی نەتەوە چەوساوەکانی ئێران، باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد.

لەم چاوپێکەوتنانەدا کاك خوسرەو عەبدوڵلایی، بەشی بەرچاوی شیکردنەوەکانی خۆی لە بارەی ئێرانەوە تەرخان کردبوو بۆ مەسەلەی دامەزرانی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"و ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیەو هەروەها راگەیەندراوی کۆنگرەی بە زمانی ئینگلیسی‌و فەڕانسەیی خستە بەر دەست شاندە نوێنەرایەتی‌یەکان.

***

## دیداری بەرپرسی پەیوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب لە پارلمانی ئورووپا

رۆژی سێ‌شەممە، ٢٠٠٥/٥/٢٤، هاوڕێیان شاهۆ حسێنی‌و میرۆ عەلیار گەیشتنە برۆکسێل‌و لە پارلمانی ئورووپادا چاویان کەوت بە رێزدار "میکایل گالێر"، ئەندامی پارلمانی ئورووپا لە فراکسیۆنی حیزبی دێموکرات مەسیحی‌یەکان. لەو دیدارەدا بە وردی تیشك خرایە سەر رەوشی ئێران‌و کوردستانی ئێران‌و بەتایبەت هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌و مەسەلەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران‌و داخوازە رەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا. لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی‌و سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی رێژیم دەرهەق بە گەلی کوردستان کەوتە بەرباس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر کرا. لە کۆتایی ئەو دیدارەدا بەڕێز "گالێر" خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە راگەیاند.

شایانی باسە کە گالێر ئەندامی هەیئەتی پارلمانی ئورووپا لە پێوەندی لەگەڵ ئێران دایە.

## کۆبوونەوەی کومیتەی حیزب‌و کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی سویس

رۆژی شەممە، ٢٠٠٥/٥/٢١، لەسەر داوای کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەك لەگەڵ کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری "بێرن"ی سویس پێك هات.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە راگرتنی دەقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد.

دواتر هەردوولا لەسەر ئەو هاوکارییانەی کە لە چەند مانگی رابردوودا پێکەوە هەیانبووەو لەسەر خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کۆڵینەوە.

پاشان شاندی نوێنەرایەتی حیزب باسێکیان لەسەر کومیتەی هاوکاریی هێزە کوردستانی‌یەکان لە وڵاتی سویس کردو چەندین خاڵیان بۆ بەهێزکردن‌و چالاککردنی ئەو ناوەندە پێشنیار کرد.

لە کۆتایی‌دا هەردوولا لەسەر هاوکاری زیاترو پتەوترکردنی پێوەندی‌یەکان پێیان داگرت‌و خوشحاڵیی خۆیان لە ئاکامەکانی کۆبوونەوەکە دەربڕێ.

## بەشداریی کومیتەی حیزب لە کۆبوونەوەی هاوکاریی حیزبە کوردستانی‌یەکان لە لەندەن

رێکەوتی ٢٠٠٥/٥/٥، کۆبوونەوەی کومیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانی‌یەکان لە لەندەن پێك هات. بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە ساخبوونەوەو بڕیاردان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بوو:

١ـ تێکۆشان بۆ بەرینترکردنەوەی کومیتەو یەکیەتی‌و هاریکاری لە بەڕێوەبردنی کارەکانی‌دا

٢ـ ناردنی پیامی هاودەردی بە بۆنەی کارەساتی تیرۆریستی مانگی مای لە هەولێرو هەروەها پەلەکردن لە رێکخستنی نێو ماڵی کورددا وەکوو تێکەڵبوونەوەی دوو ئیدارەکەو دەستبەکاربوونی پارلمانی کوردستان

ئەو رێکخراوانەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون برتین لە:

١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ٢ـ پارتی دێموکراتی کوردستان، ٣ـ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ٤ـ حیزبی سوسیالیستی کوردستان، ٥ـ یەکگرتووی ئیسلامیی عێراق، ٦ـ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی عێراق.

# باسێكی تیئۆریك لەمەڕ تێگەیشتن لە مافە سروشتییەكانی مرۆڤ

ئاراس یارانی — بەشی یەكەم

هەندێك لە بیرمەندو لێزانو فیلسووفەكان وای بۆدەچن هەتا ئێستا بە نرخترینو پڕبەهاترین دەسكەوتو بەخششی سەدەی رابردوو لە رووی مرۆیییەوە بریتیبووە لە چەكەرە كردنو گەشەكردنو پیادەكردنی بنەماكانی مافی مرۆڤ، كە لە چوارچێوەی پابەندبوونی نێودەوڵەتییەوە تەكانێكی دا بە دابینكردن تەنانەت مسۆگەر كردنی هێندێك لە مافە زەوتكراوەكانی گەلانی ژێردەستەو نەتەوە ستەم لێكراوەكان بە تایبەت كەمینە بندەستە ماف خوراوەكان. ئەگەر لە رووی مێژووییەوە سەیری چۆنیەتیی هاتنە كایەی بیرۆكەی مافەكانی مرۆڤ بكەین ئەوا بێگومان بۆمان دەردەكەوێ كە سەرەتای پەیدابوونی ئەو مافانە تەنیا زادەی زەینی مرۆڤی سەدەی رابردوو نیە. بەڵكوو رەگو ریشەیەكی داكوتراوو كۆنترو لەمێژینەتریان هەیەو پێشتر پێیان دەگوت مافە گشتییەكان، مافە سروشتییەكانو مافەكانی كەسایەتی. ئەو مافانەش هەر لەگەڵ هاتنە دیی مرۆڤ دا بۆ خودی مرۆڤ رەوا دەبن لەوانەش: مافەكانی ژنان، مافی ئازادی، مافی یەكسانیو دادپەروەری، مافی زمانو كولتوورو نەتەوە، مافی ئایدئولوژیاییو ئایینو... هتد. ئەو مافانەش مەرج نیە شەرعییەت لە قانوونی ئەساسیو دەستوورو یاسای دەوڵەت وەربگرن بە قەد ئەوەی هێزو قورسایيو شەرعییەتی یاسایی خۆیان لە خودی خۆیان دایەو ئەو شەرعییەتە لە سروشتی خودی مافەكەوە بەدی دەكرێو زیاتریش بە مافە سروشتییەكان ناسراونو مەرج نیە لە نێو دەقی دەستووردا دەقنووس كرابن. مافە سروشتییەكانی مرۆڤ لە بنەڕەت دا بیرۆكەی فەلسەفی مێژووییو تەنانەت زەینو فكری پیاوە ئایینییەكانی كلیساكانی ئەو كاتیشیان مژووڵ كردبووو خۆی لە خۆیدا چیرۆكی گەڕانی مرۆڤە بەدوای دادپەروەرییەكی رەهای دوور لەهەر چەشنە زەبروزەنگو سەركوتو چەوساندنەوەیەك "لە واقیعدا بیرۆكەی مافە سروشتییەكانی مرۆڤ نزیكەی ٢٥ سەدە پێش ئێستا سەری هەڵداوە بەڵام بنەماكانیچەسپاندوو نووسراو نەبوونەو بە پێی گۆڕانكارییە سۆسیولۆژیو سیاسییەكان لە هەڵبەزو دابەزدا بوونە، لە رووی فەلسەفییەوە یاسا سروشتییەكان نموونەیەكی بەرزو پەرەسەندوی یاساینو لە رووی ئەخلاقەوە زۆر پیرۆزترو زاڵتریشن بەسەر یاسا دەقنووس كراوەكان، چونكە یاسا دانراوەكان "قوانین وزعی" زۆرجار هەر لە بەرژەوەندی دیكتاتۆرە كاربەدەستەكانی جیهاندا بوونو هەر ئەم دیكتاتۆرانە بێباكانە گشت مافە سروشتییەكانی مرۆڤیان سەركوت كردوە. فیلسووفە فەرانسەییەكانی رووناكی وەك تنویر، دیدرۆ، دالێمبێ، ڤۆلتێرو رۆسۆ پێگەی مافو ئازادییان بە هیچ بڕوا بە ئایینو خودایەك نەدەبەستەوەو لەوبڕوایەدا بوون كە ئەوە مافو شێوەی سروشتیی مرۆڤن كە بنەمای مرۆڤایەتین. ژان ژاك رۆسۆ لە یەكێك لە شاكارەكانیدا بە ناوی پەیمانی كۆمەڵایەتی (contrat social)دا دەنووسێ: "مرۆڤ سەربەست دێتە دنیا كەچی لە هەموو جێگایەك دا لەنێو زنجیران دایە".[1] بۆ ئەوەی رۆژێك مرۆڤەكان سەربەستانە وێكڕا لە كۆمەڵگایەكی سەربەست دا بژین. رۆسۆ بوونی هێندێك نرخو بیروباوەڕی نێوكۆو پەژراندنی "تصویب كردن" ئایینێكی كۆمەڵایەتی بە پێویست دەزانێ. لەو سەردەمە بە هۆی جیابوونەوەی دینو دەوڵەت لەیەكتری، روانین بۆمافە سروشتییەكانیش گۆڕانی بەسەردا هاتو جۆرە مافێكی نادینی سەری هەڵدا كە بۆ هەموو خەڵكو گشت نەتەوەكان بە پێكهاتەی جیاوازەوە دەستی دەدا، ئەم مافانە تەنیا پێوەندییان بەخودی مرۆڤەوە بوو كە تەنانەت " ئەگەر یەزدانیش بوونی نەبێ، مرۆڤەكان خاوەنی هەندێك مافی دیاریكراون"[2] و هەموو پرنسیپە ئەخلاقییەكان لە خاڵێك دا بە چەشنێكی ئەوتۆ لێك بەستراون كە ئاستەمە بتوانین خۆمانی لێببوێرین. لێرەدا پێوەندییەكی بەتین لە نێوان مافەكانی مرۆڤو ئازادیدا دروست دەبێو لە راستیدا هەموو ئەو ئایدیاو خەونانە تەنیا بە لە ئارادابوونی ئەگەری ئازادی مانا پەیدا دەكەن. (لە روانگەی ڤۆلتێرو كانتەوە "ئازادیی قەڵەمو پەناو پشتیوانو پاسەوانی مافی خەڵكە"و دیسان ڤۆلتێر پێی وایە مافی ئەوەی ئێمە بتوانین قەڵەمو زمانی خۆمان لەسەر بەرپرسایەتیی خۆمان بەكار بێنین پێوەندیی بە مافە سروشتییەكانەوە هەیە) لۆك كە زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە " ئەگەر دەوڵەتێك لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا مافە سروشتییەكانی خستە ژێر پێیەوە ئەوا خەڵك مافی خۆیانە بۆ رووخاندنی ئەو سیستمە تێبكۆشن، لەسەر ئەو بڕوایەیە كە هەموو مرۆڤەكان بە ئازادیو بەبێ پەیڕەوی كردن لە هیچ حكوومەتێك لە دایك دەبن".[3] بەم چەشنە ئازادی بوو بە یەكێك لە ئایدیا هەرە مەزنەكانی رۆشنگەریو لەگەڵ یاساو دەسەڵات دا بە چەشنێكی پتەو لێك گرێ درا.٣ "بەبڕوای كانت یاساو ئازادی بەبێ دەسەڵات واتە (پشێوی)، یاساو دەسەڵات بەبێ ئازادی واتە (ملهوری)، دەسەڵات بەبێ ئازادیو یاسا واتە (وەحشیگەری)، لەویش گرنگرنگتر ئازادی رادەربڕین چووە چەقی هزری سەردەمەوە"[4] تەنیا بەومەرجە عەقڵ دەیتوانی خۆشیو ئارامی بە جیهان ببەخشێ ئەگەر ئازادی رادەربڕین هەبێو تەنانەت لە روانگەی مۆنتیسكیۆوە فرە بیروبۆچوونی بوو بە گەرانتی زیانو هەڕەشەكانی بیروڕا هەڵەو چەقیوەكان. وەك هێندێك بیری سیاسیی ئەمڕۆ (ئازادی، دیموكراسی، سوسیالیزم، لیبرالیزم، پەرلەمانو...) پێگەی مافی مرۆڤیش بیركردنەوەیەكی ئورووپاییەو لە شەڕی دژی رەهایی (موتلەقیەت)ی ئایینیو سیاسی دا بە درێژایی سەدان ساڵ پەیدا بووەو جێی خۆی كردۆتەوە. پێش كۆتایی سەدەی حەڤدەهەم، لە ساڵی ١٦٩٠دا فەیلسووفی ئینگلیزی جۆن لۆك لە پەرتووكێك دا بە ناوی تاقیكردنەوە لە مەڕ تێگەیشتنی مرۆڤ باسێكی كورتی بزووتنەوە فیكرییەكانی سەدەكانی پێشوو لە سەر مرۆڤ و بەرپرسێتیو ئازادیو مافەكانی موڵكدارێتی دەكا. پەرتووكەكە كارێكی زۆر دەكاتە سەر رووناكبیرە ئورووپاییەكانی سەدەی هەژدەهەمو مرۆڤ دەتوانێ بۆچوونەكانی لۆك (locke) لە سێ خاڵ دا كۆبكاتەوە:

"١ـ قانوونە سروشتییەكان بە بۆنەی هۆشەوە لە ئەزموونی هەستەكانمان دا دەناسرێنو بێجیاوازیی نەژاد، ئایین یان رەنگ هەموو كەسێكی هۆشمەند دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەم قانوونانە، واتە قانوونە سروشتییەكان خۆبەخۆ ئازادییەكی یەكسان بە هەموو كەسێك دەبەخشن.

٢ـ چونكە هەموو ژینەوەرێك دەستكردی خودایە، بۆیە مرۆڤ ناتوانێ ببێتە موڵكی كەسێكی دیكە هەر لەبەر ئەمەش كویلایەتی نارەوایەو هەروەها كەسیش مافی خۆكوشتنی نیە چونكە گیان دەستكردی خودایەو بە راسپاردە بە ئێمە سپێردراوە.

٣ـ هەموو كەس بۆ پاراستنی ژیانو ئازادی یەكسانە لە مافو ئەرك دا. لۆك لەوبڕوایەدا بوو كە هەموو مرۆڤێك بەرامبەر خوداو قانوونەكانی سروشت وەك یەكن، دنیا بە كۆمەڵگەی مرۆڤ بەخشراوەو موڵكی هەموویانەو دەتوانن وێكڕا لە خۆشییەكانی سروشت چێژ وەربگرن."[5]

یەكێكی دیكە لە فیلسوفەكانی ئەوكاتی ئورووپا (سەدەی سێزدەهەم) بە ناوی تۆماس ئەكۆئین بناخەی فەلسەفەی بزووتنەوەیەك دادەڕێژێ بە ناوی (فەلسەفەی گەڕان بە دوای قانوونەكانی سروشت) كە بە تەواوی دژی ئازادی خوداو باوەڕی توانای موتلەقی خودا واتە دژی توانستی رەهایە كە كێشەیەكی یەكجار زۆر لە نێوان بۆچوونی لایەنگرانی تۆماس ئەكۆئینو كلیسای كاتۆلیك پێك دێنێ. تۆماس ئەكۆئین چوار جۆرە یاسا دەست نیشان دەكا: "١ـ یاسایەكی ئەبەدی (هەتاهەتایی) ٢ـ یاسای سروشتی ٣ـ یاسای یەزدانی ٤ـ یاسای مرۆییو لەوێشەوە چوار جۆرە ماف دیاری دەكاو بڕوای وایە كە مافو یاساكان بەیەكەوە بەستراونو یاسا فەرمانی عەقڵە"[6] بە بڕوای ئەكۆئین یاسای سروشتی بریتییە لە ٣ (یاسایەكی ئەبەدی كە بۆ مرۆڤ دارێژراوەو مرۆڤ بە هۆی هۆشیەوە (شعور) دەتوانێ سروشتی خۆیو لەوێشەوە یاسا سروشتییەكان بناسێ. مارسیلیۆش یەكێكی دیكە لە بیرمەندانی فەلسەفەی سیاسی پێی وایە كە یاسا مرۆییەكانو یاسا خوداییەكان لە نێوەرۆكدا لەگەڵ یەكتر جیاوازن، ئەوە لە كاتێكدا بوو كە ئەكوئین پێی وابوو لە نێوان جۆرە جیاوازییەكانی یاسادا هەماهەنگییەك هەیە. لە نێوان سەدەكانی (١٥و ١٦) نیكۆلۆماكیاڤیللی (١٤٦٩ ـ ١٥٢٧) پاش ماندوو بوون لە ئیدئۆلۆژی ئایینی رێگەی بەرەو لێكۆڵینەوەی نائایینیانەی دەسەڵات كردەوەو كاریگەرییەكی زۆری لەسەر هزری سیاسیی ئەوكات دانا(٣) "ماكیاولی پێی وابوو مرۆڤ بە شێوەیەكی زاتی خۆپەرستو حەسوودو سنووربەزێنو دەسەڵاتخوازە. هیچ شتێك ئارەزووە لەبڕان نەهاتوەكانی تێرناكاو هەر لەوێشەوە بڕوای وابوو كە دەبێ بۆ كونترۆڵكردنی ئەو مرۆڤە دەسەڵاتێكی رەهاو بەزەبروزەنگ لەئارادا هەبێ، لە روانگەی ئەوەوە سیاسەت یانی هونەری بەكارهێنانی تواناكان". ماكیاولی بڕوای بە هیچ چەشنە پێوەرێكی رەها نیە بۆ سیاسەتو پێوایە ئەخلاق ـ نۆرمو یاساكان لە رێگەی سیستمی سیاسی دەسەڵاتدارەوە دیاری دەكرێو دەبێ لە خزمەتی دەوڵەتو بەرژەوەندی نەتەوەیی دابێ.

لە سەدەی شازدەهەم بزووتنەوەی چاكسازی دینی (REFormation) لە سەر دەستی مارتن لوتەروجیان كالڤن دا دەست پێدەكاو ئەوانیش لەگەڵ ڕای مارسیلیۆسو ماكیاولی دابوونو پێیان وابوو دەبێ كاروباری مادیو مەعنەوی لەیەكتر جیابكرێتەوەو ئەمە بوو بە سەرەتای وەرچەرخانێكی نوێو تاكگەرایی ئایینی سەری هەڵدا، واتە ئیدی تاك لە ژێر گوشاری رای كۆمەڵگادا حوكمی گوناهكاری یا بێتاوانی بەسەردا نەدەدرا. بەڵام تا ئەو كاتیش هێشتا بیرۆكەی تاكگەرایی سیاسی گەڵاڵە نەكراوو پێیان وابوو لە ژیانی رۆژانەدا دەسەڵاتدارەكان شێوازی ژیانی مرۆڤەكان دیاری دەكەن. "تئۆری پەیمانی كۆمەڵایەتی (Social contract) كە لە پلەی یەكەم دا وەك تیۆرییەكی دژ بە هزری تیۆكراتی سەری هەڵدا خۆی لە مافی خودایی دەسەڵاتدارانو مافی سپاردنی خوداییدا دەدەیەوەو وەك تئۆریەكی تاكگەرایی سیاسی گەڵاڵە بووو بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە دەبێ دەوڵەت لەسەر بنەمای زۆرترین لێك تێگەیشتن لە نێوان یەك یەكی تاكەكان دا دابمەزرێو ئیرادەی گەل دەستنیشانكەری دەسەڵاتەكان بێ"[7] تۆماس هۆبز "دامەزرێنەری ئەم تییۆرییەیەو دوای ئەویش گەیشتە لۆكو دواتر لە لایەن رۆسۆوە گەشەی پێدرا. هۆبز لەو بڕوایەدایە كە ماهییەتی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا نایەو لە لایەكی دیكەشەوە كەسایەتیو سروشتێكی دوالیستیانەی هەیە. لایەنێكی لە ژێر كاریگەریی هەستو سۆزەكان دایەو لایەنەكەی دیكەش لە ژێر كاریگەریی لۆژیكو عەقڵ دایە"[8] هەروەها لە روانگەی ئەوەوە لە بارودۆخی سروشتیدا هیچ چەشنە تێگەیشتنێك بۆ راستو ناڕاستو عەدالەتو ناعەدالەت لەگۆڕێ دا نیەو تەنیا یاسای هێز بڕیاردەرەو پێی وایە تاكەكان بۆ وەدەستهێنانی ژیانێكی ئاسوودەو ئارامو بۆ رزگار بوون لە دەست دڵەڕاوكێو نائارامییەكان هەوڵیان دا لە دەوری یەكدی كۆ ببنەوەو عەقڵیش وادەخوازێ رێسای دیاریكراوی بۆ لە ئارا دا بێ. تیئۆری هۆبز لە رووی سیاسییەوە تەواوكەری بیروبۆچوونەكانی ماكیاولیو داڕشتنی ئایدئۆلۆژیایەكی موتلەقگەرایەو لەواقیعدا رەخنەی زۆری لەسەرە چونكە لە گەڵ پرنسیپی بنەڕەتی مافە سروشتییەكانی مرۆڤ دا ناگونجێ.

❊❊❊

تێبینی: سەرچاوەكان لە دوابەشدا بڵاو دەكرێنەوە

---

درێژەی لاپەڕەی ٤

دەمانچە، هێزی چەكدار بۆ یارمەتیدان ئاگادار دەكاو لە ئاكامدا بڵاوە بە خەڵك دەكەنو لاوەكەو مۆتۆرسیكلێتەكەی بە زۆرو لێدان لەگەڵ خۆیان دەبەن.

## وەرگرتنی پارەیەكی بەرچاو بۆ پروپاگاندای هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری لە لایەن چەند كەسەوە لە پارێزگای كوردستان

بەپێی ئەو هەواڵانەی كە بە دەستمان گەیشتووە، بە مەبەستی تاودانی بازاڕی هەڵبژاردن لە لایەن چەند بەربژاری نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرەك كۆمارییەوە پارەیەكی بەرچاو بۆ پروپاگاندای هەڵبژاردن بەم كەسانەی خوارەوە لە پارێزگای كوردستاندا دراوە:

١ـ موئمێنی مەردۆخ: لە لایەن رەفسەنجانییەوە ٤ میلیارد تمەنی پێدراوەو ئێستا بەرپرسی ستادی تەبلیغاتیی رەفسەنجانییە لە پارێزگای كوردستان

٢ـ مێهدی تەخت فیروزە: ٩٢٠ میلیۆن تمەنی لە بنیاتە ئەمنییەتییەكان وەرگرتووەو ئێستا بەرپرسی ستادی تەبلیغاتیی "قالیباف"ە لە پارێزگای كوردستان

٣ـ خالید تەوەكولی: یەك میلیار تمەنی لە "شەكوری راد" لە تاران وەرگرتووەو ئێستا بەرپرسی ستادی تەبلیغاتیی "موعین"ە لە پارێزگای كوردستان

٤ـ مێهدی عەراقی: یەك میلیاردو ٢٥٠ میلیۆن تمەنی لە لاریجانی وەرگرتووەو ئێستا بەرپرسی ستادی تەبلیغاتیی ناوبراوە لە پارێزگای كوردستان

## ورمێ: خەمساردیی خەڵك لە بەرامبەر پروپاگاندای بەكرێگیراوانی رێژیم بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا

ماوەیەك لەمەوپێش لە كۆڕێكدا مۆڵەتی تەواوكردنی مەلایەتی بە فەقیهەكان لە ناوچەی "مەرگەوەر"دا دەدرێ لەم كۆڕەدا كە خەڵك لە زۆربەی ناوچەكانەوە بەشدارییان تیا كردبوو، مەلایەك بە ناوی "مەلاخەلیل" كە وادیار بوو دەستخۆشانەی لە رێژیمی ئاخوندی وەرگرتبوو داوا لە خەڵك دەكا كە گوێ نەدەنە دژبەرانی نیزام بەتایبەت ئەمریكاو بۆ پاراستنی قازانجی هاوبەش (ئەگەر هاوبەشیش بێ تەنیا بۆ مەلاكانی سەر بە رێژیمە) لە هەڵبژاردندا بەشداری بكەنو. . .، بەڵام ئەو داواكارییەی ناوبراو لەگەڵ بێزاریدەربڕینو بێبایەخ نیشاندانی خەڵكدا بەرەوڕوو دەبێ.

هەر لەم پێوەندییەدا بەكرێگیراوانی بەسیج لە خوتبەی نوێژی هەینیدا داوا لە خەڵكی گوندی "گوجار" سەر بە ناوچەی "تەرگەوەر" دەكەن كە لە هێزی بەسیجدا ناونووسی بكەن، كە ئەم داخوازییە دژیگەلانەیەش لە لایەن خەڵكی وشیارو ئاگاوە هیچ پێشوازییەكی لێناكرێ.

دواتر مەلای گوندی ناوبراو دڵخوازانە یان لە ژێر گوشاردا داوا لە خەڵك دەكا كە "گوێ نەدەنە حیزبی دێموكراتو ئەوانیترو هەمووتان بۆ بەختەوەری ماڵو منداڵتان لە هێزی بەسیجدا ناونووسی بكەنو ئەگەر گوێ بدەنە حیزبی دێموكرات كوڕەكانتان بەدبەخت دەبێو. . ."

ئەم داخوازییە خۆفرۆشانەیەش دیسان لە لایەن خەڵكەوە پشت گوێ دەخرێ.

## مەریوان: پێشوازینەكردنی خەڵكی لە داخوازی ئیمام جومعە بۆ خۆپیشاندان لە بەرامبەر دەنگۆی سووكایەتی بە قورئان لە بەندیخانەی "گوانتانامۆ"دا

رۆژی هەینی، ١٣٨٤/٢/٣٠، ئیمام جومعەی مەریوان گوایە بۆ نارەزایەتیدەربڕین لە هەواڵی سووكایەتیكردنی سەربازەكانی ئەمریكا بە قورئان لە بەندیخانەی "گوانتانامۆ"دا، خۆپیشاندانێكی لەم شارە وەڕێخست كە سەرەتای خۆپیشاندانەكە بە ٢٠ تا ٣٠ كەس لە بەكرێگیراوانی رێژیم دەستی پێكرد. بەڵام لە درێژەی رێپێوانەكەدا لەبەر ئەوەی كە خەڵكی وریاو ئاگای مەریوان بەشدارییان تێدا نەكرد بە زوویيو سەرشۆڕانە بڵاوەیان كردو كۆتاییيان بە خۆپیشاندانەكە هێنا.

شایانی باسە هەواڵی سووكایەتیكردن بە قورئان لە زیندانی "گوانتانامۆ"دا، تەئید نەكراوەو كۆماری ئیسلامیو لایەنگرانی ئەلقاعیدە دەیانەوێ بە كەڵوەرگرتنی ئامرازی قورئان هەستی ئایینی موسوڵمانانی ناوچە بوروژێننو بۆ مەبەستەكانی خۆیان بەكاریان بێنن، خەڵكیش كاتێ لە مەبەستی پشتی پەردەی ئەو خۆپیشاندانە گەیشتن لەو خۆپیشاندانە ساختەیەدا بەشدارییان نەكرد.

## خەمساردیی خەڵكی نیشتمانپەروەری كوردستان لە هەمبەر چالاكیی ستادە تەبلیغاتییەكانی بەربژاردەكانی نۆهەمین خولی شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری

لە دەسپێكی مۆڵەتی یاسایی تەبلیغاتیی بەربژاردەكانی نۆهەمین خولی بەناوهەڵبژاردنی سەرەك كۆماریی ئێراندا، زۆربەی بەربژاردەكان بە مەبەستی تەبلیغات بۆ وەدەستهێنانی یلەی فەرمایشی سەرەك كۆمارییو راكێشانی خەڵك بۆ هاتنە سەر سندووقەكانی دەنگدان لە سەرجەم شارەكانی كوردستاندا ستادی تەبلیغاتییان دامەزراندووەو دەستیان داوەتە كاری تەبلیغاتی چڕوپڕو جۆراوجۆری وەك بڵاوكردنەوەی وێنەی خۆیانو تراكتو... لەم پێوەندییەدا خەریكی خەرجكردنی پارەیەكی زۆرنو لە پیلانی جۆراوجۆر بۆ تاودانی بازاڕی هەڵبژاردن كەڵك وەردەگرن.

بەڵام كاردانەوەی خەڵكی وریاو ئاگای كوردستان لە بەرامبەر تەبلیغاتی چڕوپڕی بەربژاردەكاندا جیا لە خەمساردیو بێبایەخی نیشاندانی لە هەمبەر شانۆگەری هەڵبژاردندا ئەوە بووە كە لە زۆربەی شارەكاندا وێنەو تراكتو دروشمە تەبلیغاتییەكانی بەربژاردەكانیان دڕاندووەو بەوپەڕی بێسەرنجییەوە دەڕواننە چالاكیی تەبلیغاتیی فریودەرانەی بەربژاردەكان كە هۆكەی دەگەڕێتەوە بۆ لەدەستچوونی رەوایی رێژیمو ئەوەی كە سەرجەم فێڵوتەڵەكەكانی بۆ خەڵك روون بۆتەوەو دەزانن كە هەموو خەموپەژارەی بەرپرسانی رێژیمو بەربژارە دەستنیشانكراوەكانی بۆ پاراستنی نیزامێكە كە تەواوی كردەوەكانی لە باتی خزمەت بە خەڵكو وڵات لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی تاقمێكی خۆسەپێنەر بەسەر خەڵكدایە.

## حەسەنی ( ئیمام جومعەی ورمێ ) بۆ گۆڕینی پێكهاتەی حەشیمەتی كورد لە ناوچەی ورمێدا خەریكی كڕینی زەویو نیشتەجێكردنی توركەكانە

ئاخوندی كۆنەپەرست، حەسەنی، ئیمام جومعەی ناسراوی شاری ورمێ!، لە هەنگاوێكی دژیگەلییانەو رەگەزپەرەستانەداو بە مەبەستی گۆڕینی پێكهاتەی حەشیمەتی ناوچەی ورمێ، دەیهەوێ زەوی كشتوكاڵ لە "شارویران" بكڕێو بە نیشتەجێكردنی توركەكانو دابەشكردنی زەوی لە نێویاندا رادەی حەشیمەتیان بەرێتەسەر.

ناوبراو لە درێژەی ئەم سیاسەتە چەوتەدا توانیویەتی لە گوندی "گاپیس" زەوی بكڕێو هەروەها دەڵاڵەكانی خۆی بۆ كڕینی ١٠٠ هێكتار زەوی ناردۆتە گوندی "دارەلەك"، بەڵام خەڵكی ئاگاو وشیاری "دارەلەك" زەوییەكانیان نەفرۆشتوە.

لەم پێوەندییەدا داوا لە هاووڵاتیانی كوردو ئازەری دەكەین كە مەبەستی حەسەنیو بەكرێگیراوانی رێژیم لەم چەشنە كردەوانە دووبەرەكینانەوەو لەمەترسی خستنی پێوەندی برایانەی نێوان كوردو ئازەرییەو هاووڵاتیانی كوردیش دەبێ بە نەفرۆشتنی زەوییەكانیان ئەم سیاسەتە دوژمنكارانەیەی رێژیم شكست پێبهێننو هاووڵاتیانی ئازەریش نابێ بە كڕینی ئەم زەوییانە خۆیان بكەنە ئامرازی بەرێوەبردنی سیاسەتی دووبەرەكینانەوەو ئاژاوەخولقێنی رێژیم.

## وێنەو ئامۆژگارییەكانی خومەینی لە مەهابادا سووتێندران

بە نزیكبوونەوە لە ١٤ی جۆزەردان، ساڵیادی مەرگی خومەینی، سەرجەم ئیدارەو دەزگا دەوڵەتییەكان لە مەهاباد ئاڵای رەشیان تیا هەڵكراوە.

هەر بەم بۆنەیەوە لە پێش زانكۆی ئازادی مەهابادا نووسراوەیەك كە وێنەی خومەینیو بەشێك لە ئامۆژگارییەكانی لە خۆی گرتبوو، هەڵواسرابوو كە رۆژی ١١ی جۆزەردان لە لایەن كەسانێكی نەناسراوەوە ئاگری تێبەردەدراو بە تەواوی دەسووتێندرا.

## كۆچیدوایی ئەندامێكی دڵسۆزو بەئەمەكی حیزب لە ناوچەی شنۆ

چەند رۆژ لەمەوپێش، كاك "محەممەد سلدوزی"، ناسراو بە "حەمە گوڵاوی"، خەڵكی گوندی "سینگان"ی شنۆ لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی دڵ كۆچیدوایی كرد.

كاك محەممەد، لەدوای رووخانی رێژیمی شاو لە دەسپێكی خەباتی ئاشكرای حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا بوو بە ئەندامی حیزبو چالاكانە خەباتی خۆی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەكانی گەلی كورددا دەست پێكرد.

خوالێخۆشبوو بە هۆی تێكۆشانی بێوچانەوە چەندین جار لە لایەن رێژیمی ئاخوندییەوە گیراوەو خراوەتە بەندیخانە كە ساڵی ١٣٧٣ تا ٧٦ درێژترین ماوەی بەندبوونی لە بەندیخانەی كۆنەپەرستیدا بووەو بە هۆی ئازارو ئەشكەنجە لە بەندیخانەدا تووشی چەند جۆر نەخۆشی دەبێ كە نەخۆشی دڵیشی هەر لەم پێوەندییەدا تووش بووە.

كاك محەممەد تا ماڵئاوایی لە ژیان لە رێبازی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانداو هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانی بە ئەمەكناسییەوە تێكۆشا.

وێڕای پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو كەسوكاری خوالێخۆشبوو ئاواتەخوازین كە رۆحی شادو رێگای گەیشتن بە ئامانجەكانی پڕڕێبوار بێ.

## خوێندكارانی كورد لە رەوتی وتەكانی "ئەحمەدی نژاد"دا بە دەربڕینی ناڕەزایەتی كۆبوونەوەكەیان شێواند

رۆژی ١١ی جۆزەدان، "مەحموود ئەحمەدی نژاد"، بەربژاری سەرەك كۆماری دەچێتە زانكۆی كوردستان تا بەرنامەی خۆی بۆ خوێندكاران باس بكات.

لەم كۆبوونەوەدا تاقمێك لە خوێندكارەكان كە لە كۆبوونەوەی تەبلیغاتیی "قالیباف"دا پێش لە قسەكردنیان گیرابوو، بڕیار دەدەن كە لە ئەگەری دووپاتبوونەوەی ئەو كارەدا كۆبوونەوەكە بشێوێنن، هەربۆیە لەكاتێكدا كە دەوروبەری زانكۆ بە هێزی ئینتیزامیو ئیتلاعاتی تەنرابوو لە رەوتی وتەكانی ئەحمەدینەژاددا هەستانە سەرپێو بە گوتنەوەی دروشمی "هەڵبژاردنی فەرمایشی، نا"، "هەڵبژاردنی ئازاد، ئەرێ"و "چاوەدێری ئیستسوابی، نا" هۆڵەكەیان بەجێهێشتو نەزمی كۆبوونەوەكەیان تێك دا.

دوایی ئەحمەدی نژادو بەرپرسانی زانكۆ بەڵێنیان دا كە خوێندكاران دەتوانن وتەكانی خۆیان دەربڕن، هەر بۆیە لە لایەن خوێندكارانەوە، خوێندكارێك رۆیشتە پشت تریبوونو ناڕەزایەتیی خۆی لەوەی كە بۆ كورد ناتوانێ ببێ بە سەرۆك كۆمار بەڵام دەبێ لە هەڵبژاردندا بەشداری بكا؟ دەربڕی.

## لە بەرپرسی ستادی تەبلیغاتیی

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 414   5 June  2005

**ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:**

www.kurdistanmedia.com   http://www.pdk-iran.org   www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com   e- mail: pdkiran@club-internet.fr   e- mail: rdk_iran@yahoocom


## پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی منداڵان



١ی ژوئەن (١١ی جۆزەردان) ڕۆژی جیهانیی منداڵانە، ئەو توێژەی کە بناغەی داهاتوو بەدەستی ئەوان بنیات دەنرێ. هەربۆیە هەرچی پتر بایەخ بە دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی گەشەو هەڵدانی جیسمی، روحی‌و عەقڵی‌و پێگەیاندن‌و ئامادەکردنی ئەوان بدەین، بناغەی داهاتوومان پتەوتر کردوە.

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە، لە قووڵایی دڵمانەوە پیرۆزبایی لە منداڵانی کوردستان‌و سەرانسەری جیهان دەکەین. لەسەر پێویستیی ڕێزگیران لە مافەکانیان‌و دابینکردنی خۆشی‌و ئاسوودەیی بۆ ئەوان پێ دادەگرینەوەو داهاتوویەکی گەش‌و پڕ لە بەختیارییان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

دەستەی نووسەران‌و کارگێڕانی "کوردستان"

## هەژاری هەڕەشە لە سلامەتیی منداڵانی جیهان دەکا



ئەمڕۆ لە جیهان دا ٥٠٠ میلیۆن منداڵ خەریکی کارن، ٢٤٦ میلیۆن منداڵ لە ئاودەستی خاوێن‌و ٢٧٠ میلیۆن منداڵ لە خزمەتە پزیشکی‌یەکان بێبەشن، ٤٠٠ میلیۆن منداڵ ئاوی خاوێنیان بۆ خواردنەوە نیەو لەخۆراك‌و خواردەمەنیی پێویست بێبەشن. هەروەها ٣٠٠ میلیۆن منداڵ لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری بێبەشن‌و ١٤٠ میلیۆن منداڵ ناتوانن بچنە قوتابخانە. زیاتر لە یەك میلیارد منداڵ لە گەشەی ساڵم‌و پشتیوانیی ڕاگەیەندراوی ڕێبەرانی وڵاتان لە پەیماننامەی مافەکانی منداڵان بێبەشن.

منداڵانی ئێرانیش بە نۆبەی خۆیان لەگەڵ بێبەشی‌و ڕۆژڕەشی بەرەوڕوون. بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤاری "آتیە"، سەدی ١٤ی منداڵانی ئێران کار دەکەن‌و ٥٠٠ هەزار منداڵیش لە ژێرەوەی هێڵی هەژاری‌دا دەژین. هەروەها سەدی ٨٠ی منداڵانی سەر شەقامەکان، منداڵانی کارن‌و ساڵێ بە شێوەیەکی نێونجی ٢٠ تا ٣٠ هەزار منداڵی سەر شەقام لە شارە گەورەکان دا، کۆ دەکرێنەوەو سەرپەرستیی دەکرێن. زۆربەی ئەم منداڵانە تەمەنیان لە ١٥ بۆ خوارەوەیەو بە دەسفرۆشی‌یەوە خەریکن. بەپێی دوا ئاماری ڕەسمیی وڵات سەدی ٧٣ی منداڵانی ٦ تا ١٤ ساڵە خەریکی کار کردنن کە ئەو ژمارەیە لە لادێ ٥٠٪ و لە شارەکان ٢/٤ لە سەدە.

لەو وڵاتانەی کە لەگەڵ هەژاریی چارەسەر نەکراو، توندوتیژی‌و نەخۆشیی کۆشەندەی بێعیلاج بەرەوڕوون، هیواو هومێدی دایکان‌و باوکان لە بارەی منداڵانەوە لەگەڵ گیروگرفت‌و ڕاستی‌یە تاڵەکانی سەرچاوەگرتوو لە ژیانەوە بەرەوڕوو دەبن‌و لەگەڵ ئەوەش دا کە ئابووریی جیهانی خەریکی گەشانەوەیە، زۆرایەتیی منداڵان هەروا لەگەڵ هەژاری بەرەوڕوون.

بە سەرنجدان بەو ڕاستی‌یانەیە کە هیچ هەوڵێك لە هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی داهاتوویەکی روون بۆ منداڵان شەریفتر نیە. چاوەدێریی هەمەلایەنەی ساڵانی یەکەمی منداڵی، ئامرازی سەرەکیی جیهانی پڕ لە هیواو دوور لە ناهومێدی‌و بێبەشی‌یە.

سەرچاوە: ایرنا

## خەڵاتی بوێری لە ڕۆژنامەنووسی‌دا بۆ سێ خاتوونی ڕۆژنامەنووس

بنیاتی نێونەتەوەیی ڕاگەیەنەکانی ژنان ڕایگەیاند کە خەڵاتی ئەمساڵی "بوێری لە هەواڵنووسی‌دا" وەبەر سێ ژنی بەنگلادێشی، ئەڵمانی‌و ئێرانی دەکەون. لە ئێرانەوە خاتوو "شەهلا شێرکەت" سەرنووسەری گۆڤاری مانگانەی "ژنان" ئەم خەڵاتەی بردۆتەوە.


بنیاتی نێونەتەوەیی ڕاگەیەنەکانی ژنان ( Foundation International Womens Media) ساڵی ١٩٩٠ بە ئامانجی بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان لە ڕاگەیەنەکانی تایبەت بە هەواڵ لە سەرانسەری جیهان دامەزراوەو لەسەر ئەم بڕوایە دامەزراوە کە هیچ ڕاگەیەنێك ئازادیی ڕاستەقینەی نیە، ئەگەر ژنان لە وێ‌دا دەنگی یەکسانیان لەگەڵ پیاوان دا نەبێ. ڕابەڵکەی ژنانی ئەندامی ئەم بنیاتە لە ١٥٠٠ ئەندام لە زیاتر لە ١٠ وڵاتی جیهان دا پێك هاتوە. ئەم بنیاتە ئەمساڵ جێژنی ١٥ ساڵەی تێکۆشانی خۆی دەگرێ.

بەخشینی خەڵاتی "بوێری لە هەواڵنووسی‌دا" بۆ ڕێزنان لەو ژنانەیە کە لە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ مەترسی‌یەکان دا ئازایەتیی زۆرو بێوێنەیان لە خۆیان نیشان داوە.

شەهلا شێرکەت سەرنووسەری ٤٩ ساڵەی گۆڤاری "زنان" (ژنان)ە کە لە تاران دەردەچێ. دەوڵەتی ئێران زۆرجار هەڕەشەی کردوە کە گۆڤاری ژنان سەبارەت بە داکۆکی لە مافەکانی ژنان‌و فیمینیزم دادەخا. ئەم گۆڤارە لەلایەن تاقمە بنیاتگەراکانیشەوە هێرشی کراوەتە سەرو شەهلا شێرکەت زۆرجاران سەبارەت بەو وتارانەی لەم گۆڤارەدا بڵاو بوونەوە، بانگ کراوە بۆ دادگا.

دو ژنەکەی دیکە کە ئەمساڵ ئەو خەڵاتە وەردەگرن بریتین لە "سومی‌خان" ژنێکی ٣٤ ساڵەی بەنگلادێشی کە لە یەکێك لە پڕمەترسیترین وڵاتەکان بۆ هەواڵنووسان دا، لەسەر سیاسەت، جینایەت‌و فەساد دەنووسێ. ژنەکەی دیکە "ئانیا نیدرینگهاوس" ژنێکی ٢٩ ساڵەی ئەڵمانی‌یە کە وەك وێنەگر بۆ هەواڵدەریی ئاسوشیتێدپرێس کار دەکاو سەفەری ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهانی کردوەو لە بارەی بشێوی‌و ئاڵۆزی‌یەکانی کەرتی غەززە، ئیسرائیل‌و تورکیە، ڕاپۆرتی ئامادە کردوە.

## "شوالیەی نەتەوەیی" بۆ وێنەگری‌و هەواڵنووسێکی ئێرانی



ڕەزا دیققەتی، وێنەگرو هەواڵنووسی ئێرانی کە ناوبانگێکی زۆری لە جیهان دا هەیە، بەزوویی لە کۆشکی سەرکۆماریی فەرانسەدا، میداڵیای "شوالیەی نەتەوەیی" لە دەستی ژاك شیراك سەرکۆماری ئەو وڵاتە وەردەگرێ. میداڵیای لێوەشاوەیی بۆ هەواڵنووس‌و وێنەرگری بەناوبانگی ئێرانی بە بۆنەی ئەو هەوڵانەیە کە ناوبراو لە بوارەکانی داکۆکی لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئازادی چاپەمەنی‌و ڕوانینی تایبەتی بۆ کێشە مرۆیی‌یەکان دا، ئەنجامی داون.

ڕەزا دیققەتی لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای گیروگرفتی زۆر، سەفەری بۆ زیاتر لە ١٠٠ وڵاتی جیهان کردوەو ڕاپۆرتی لە بارەیانەوە ئامادە کردوون تا بەمجۆرە ببێ بە وێنەگری گرنگترین ڕووداوەکانی جیهان بۆ وێنەی شۆڕشەکان، ڕاپەڕینەکان‌و شەڕە جۆراوجۆرەکان. ڕەزا دیققەتی بنیاتنەری "بنیاتی کەلتووری ئاوێنە"یە. ئەم بنیاتە کەلتووری‌یە بە پێکهێنانی ناوەندی فێرکاری‌و کەلتووری‌و چاپەمەنی‌یەکان لە ٨ شاری ئەفغانستان دا، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە پێکهێنانی چاپەمەنیی ئازادو فێرکردنی هەواڵنووسانی ئەفغانستان‌و دەستڕاگەیشتنی ئەوان بە کامپیوتێرو هەموو ئامرازە نوێیەکانی چاپەمەنی‌دا هەبووە.

عەبباس بەختیاری،
٣٠ی ژوئەنی ٢٠٠٥
ماڵپەڕی: "ایران امروز"

## تاقمی ددان دروست دەکاو نازانێ ناوی خۆشی بنووسێ



ئا: محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی

پیاوێکی پیرەو تەمەنی ٦٨ ساڵەو نەخوێندەوارە، کەچی باشترین تاقمی ددان دروست دەکاو ئەو ددانانەی کە ئەو پڕیان دەکاتەوە خەڵك پێی ڕازین. بۆ ددان کێشانیش کەس لە سنوورەکە هاوتای نیە. لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی، زۆر جار خەڵك دێن بۆ لای تا ددانیان پڕ بکاتەوەو تاقمیان بۆ دروست بکا. ئەم بەڕێزە بەم شێوەیە وڵامی پرسیاسەکانی داینەوە:

**پ: سەرەتا خۆت بناسێنە؟**

و: کەریم شێخ هۆمەر ڕەسووڵ خەڵکی گوندی ئەستێرۆکانی بناری قەندیل، ئێستا لە گەڕەکی ڕاپەرینی شاری ڕانیە ژیان بەسەر ئەبەم.

**پ: لە ساڵی چەندەوە ددان دەکێشی؟**

و:لە ساڵی ١٩٧٠وە لەو ساڵەوە تاکوو ١٩٧٩ ددانی پێشمەرگەم کێشاوە بێ بەرامبەر، چونکە ئەوان ئاڵاهەڵگری کوردایەتی بوون.

**پ: چۆن فێری تاقم دروست کردن بووی؟**

و: لە لادێ بووین‌و ئەوکاتیش ڕێژیمی فاشیستی بەغدا لادێکانی ئەگواستەوە بۆ ئۆردووگای زۆرەملێ، کە چووینە ئۆردووگا برادەرایەتیم لەگەڵ چەند دکتۆرێك پەیدا کرد بە ناوی دکتۆر محەمەد ئەحمەد کە دکتۆری نەخۆشخانەی ڕانیە بوو، دکتۆرێکی ئێرانی بەناوی دکتۆر عوسمان ئەویش هاوکاریی زۆری ئەکردم لە ڕووی هێنانی پێداویستیی ددان کێشان‌و تاقم دروست کردن‌و ددان پڕ کردنەوە. منیش هەرچەندە خوێندەواریم نەبوو بەڵام خولیام هەبوو بۆ فێر بوونی چۆنیەتیی تاقم دروست کردن‌و ددان پڕکردنەوە. بۆیە بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ (٣٠٠) دیناری سویسریی ئەوکاتم دا بە دکتۆر محەمەد ئەحمەد تا فێری ئەو کارەم بکا.

**پ: تا ئێستا تووشی هیچ کێشەیەك نەبووی لە لایەن خەڵکەوە کە ددانت لێیان خەراپ کردبێ؟**

و: تا ئێستا هیچ کێشەیەك نەهاتۆتە ڕێگام بەڵکوو ئەوانەی تاقمم بۆ دروست کردوون یان دانم بۆ پڕ کردوونەوە، موشتەریی تریان بۆ هێناوم، ئەوە بوو من لە شارەکان‌و ناوچەکە ناسرام‌و خەڵك دەهاتن بۆ لام تا تاقمیان بۆ دروست بکەم‌و ددانیان بۆ پڕ بکەمەوە.

**پ: جگە لەو ئیشە هیچ کارێکی تری تەندروستیت ئەنجام نەداوە؟**

و: شریقە (دەرزی)م لی داوەو برینی بچووك بچووکم دووریوەتەوەو تەداویی برینداری پێشمەرگەشم کردوە لەو کاتانەی کە کەس نەیدەوێرا تەداویان بکا. بۆ نموونە پێشمەرگەیەکی بریندار بە ناوی ئەحمەد خەڵکی گوندی قرناقەوی بناری قەندیل کە لە ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٨٢ لە شاری قەڵادزێ بریندار ببوو، بە دزی هێنامەوە ماڵی خۆمان تا چاك بۆوە تەداویم کرد.

## چیرۆکی ئەمجارە

### ئێمە بەڕاستی هەژارین

ڕۆژێك، پیاوێکی دەوڵەمەند کوڕە چکۆڵەکەی بردە دێیەك تا پێی نیشان بدا ئەو خەڵکەی لەوێ دەژین چەند هەژارن. باب‌و کوڕەکە شەوو ڕۆژێك لە ماڵێکی سادەی لادێیی مانەوە. لەکاتی گەڕانەوەدا، پیاوەکە لە کوڕەکەی پرسی: ئەم سەفەرەمانت پێ چۆن بوو؟ "زۆر خۆش بوو بابە". بابەکە پرسی: ئایا سەرنجت دایە ژیانیان؟ چی لەم سەفەرە فێر بووی؟ کوڕەکە بڕێك بیری کردەوەو گوتی: بۆم دەرکەوت کە ئێمە لە ماڵە خۆمان دا، سەگێکمان هەیە، ئەوان چوار سەگ، ئێمە لە حەسارمان دا قەڵبەزەیەکمان هەیەو، ئەوان چۆمێکی لە ڕادەبەدەر گەورە. حەسارو باخچەی ئێمە دیواری بە دەوری‌دا لێ دراوە، بەڵام ئەم سەرو ئەوسەری باغی ئەوان بە چاو نابینرێ. بە هەرحاڵ زۆر سوپاست دەکەم بابەگیان کە تێت گەیاندم ئێمە چەند هەژارین.

وەرگێڕانی: ب ـ هیوا

## مروارییی دەریای وشە

هەموو جارێ کە ڕێگای عەقڵ دەبەسترێ، شێتی سەر هەڵدەدا؟ (ئوکتاڤیوپاز)

میانەڕەوی (اعتدال)، تاك لە هەڵچوون‌و کۆمەڵگە لە سەرکێشی دەپارێزێ. (عەباسعەلی کامەڕانیان)

خەتەرناکترین درۆیەکان ئەوحەقیقەتانەن کە کەمێك تەحریف کرابن. (لیختبێرك ـ نووسەری ئاڵمانی)

## بەر لە ماڵاوایی

## هەڵبژاردەی پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵان

وەرگێڕان بۆ کوردی: ب ـ هانا

**ستوونی "بەر لە ماڵاوایی"ی ئەم ژمارەیە بۆ هەڵبژاردەیەك لە پەیماننامەی جیهانیی مافی منداڵان تەرخان دەکەین کە زیاتر لە هەر نووسراوێکی دیکە، گرنگیی ڕەچاوکردنی ئەو مافانەمان وەبیر دێنێتەوە.**

**ماددەی ١ (پێناسە کردن)**
بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە, منداڵ مرۆڤێکە کە هێشتا تەمەنی ١٨ ساڵیی تەواو نەکردوە, مەگەر ئەوە کە لە وڵاتانی پێوەندیدار دا تەمەنێکی زووتر وەك تەمەنی خۆناسین (بلوغ) لەباری حوقووقی‌یەوە دیاری کرابێ.

**ماددەی ٢ (قەدەغەبوونی جیاوازیدانان)**
١ـ حکوومەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە, ڕەچاوکردن‌و بەڕێوەبردنی نێوەرۆکی ئەم پەیماننامەیە لەبارەی هەر منداڵێکەوە کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەوان, بەبێ جیاوازیدانان‌و بێ وەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە بەستراوەیی و جیاوازی لەباری ڕەگەزی, ڕەنگی پێست, جینس, زمان, ئایین, بەستراوەیی سیاسی, پێگەی کۆمەڵایەتی و قەومی و نەتەوەیی, ڕادەی سەروەت و سامان, نەقوستانی, چۆنیەتیی سەرپەرستی کران, دایك و باب و هەر هەلومەرجێك کە منداڵ تێی‌دا دەژی, دەستەبەر دەکەن.
٢ـ حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمان, هەموو هەنگاوێکی پێویست دەنێن تا لەوە دڵنیا بن کە هەر منداڵێك لە هەر جۆرە فەرقوجیاوازی دانانێك لە ئەمان دایەو سەبارەت بە بیروڕا دەربڕین‌و ڕوانگەو بۆچوون و تێکۆشانی دایك و باب, سەرپەرست یا خزم و کەسەکانی, سزا نادرێ.

**ماددەی ٣ (قازانجی منداڵ)**
١ـ لە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك دا کە بە جۆرێك پێوەندیی بە منداڵەوە هەیە, چ لە بواری گشتی و چ لە بواری تایبەتی, ئیداری و نائیداری و هەر بەشێکی دیکەدا, وەبەرچاوگرتنی قازانج و دابین کردنی سڵامەتیی منداڵ لە سەرووی هەموو مەسەلەیەکەوەیە.
٢ـ حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمان ئەرکی سەرشانیانە کە وێڕای ڕەچاوکردنی مافی دایك و باب یا سەرپەرست, پشتیوانی لە منداڵان بکەن و هەنگاوی پێویست لەباری حوقووقی‌و قانوونی‌یەوە هەڵبگرن.
٣ـ حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمان دڵنیایی دەدەن کە ستانداردە دیاریکراوەکان لەبارەی ژمارەو پسپۆریی کاربەدەستانی ئۆرگان و دامەزراوەکانی بەرپرسی پشتیوانی لە منداڵ و تێکنیکی‌پێویست بۆ کارەکانیان دابین دەکەن و لەبواری سڵامەتی و لەشساغی‌دا کۆنترۆڵی پێویست هەیە.

**ماددەی ٤ (ئەرکی دەوڵەتان)**
حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمان هەنگاوی پێویست و گونجاوی قانوونی, ئیداری و هتد هەڵدەگرن تا مافە قبووڵکراوەکانی نێو ئەم پەیماننامەیە بەڕێوە بەرن. حکوومەتان بۆ جێبەجێ‌کردنی نێوەرۆکی ئەم پەیماننامەیە بە سەرنجدان بە مافەکان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی, سیاسی و فەرهەنگی هەتا ئەو جێگایەی لە دەستیان دێ لە هەموو ئیمکانات و سەرچاوە نەتەوەیی‌یەکانی خۆیان و ئەگەر پێویست بوو لە سەرچاوە نێونەتەوەیی‌یەکان کەڵك وەردەگرن.

**ماددەی ٥ (مافی دایك و باب)**
حکوومەتانی ئەندامی پەیمان, بایەخی پێویست بە ئەرك, مافەکان‌و بەرپرسایەتیی دایك و بابەکان و سەرپەرستیی قانوونیی منداڵان دەدەن  تا بەرامبەر بە منداڵ و ئەو مافانەی کە بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە پێی دراون, کەمتەرخەمی نەکرابێ.

**ماددەی ٦ (مافی ژیان)**
هەر منداڵێك مافی ژیانی هەیەو ئەوە مافێکی زگماکیی ئەوە, کە لەلایەن هەموو حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمانەوە بە ڕەسمی دەناسرێ.

**ماددەی ٩ (جودایی لە دایك و باوك)**
١ـ ئەو حکوومەتانەی ئەم پەیماننامەیەیان مۆر کردوە, دڵنیایی دەدەن کە منداڵ بە پێچەوانەی ویستی دایك و باوکی, لەوان جیا ناکرێتەوە, مەگەر ئەوە کە بە گوێرەی قانوون بسەلمێندرێ کە جیابوونەوەکە پێویست و بە قازانجی منداڵەکەیە بۆ وێنە کاتێك منداڵ کەلکی خراپی لێ‌وەردەگیرێ, یا بە کەمتەرخەمی‌یەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ, یا دایك و باوك لێك جیا بوونەتەوەو بە جیا دەژین دەبێ وەزعی مانەوەی منداڵەکە ڕوون بکرێتەوە. ٢ـ لەکاتی بەڕێوەبردنی بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەدا, دەبێ هەموو ئەو کەسانەی مەسەلەکە پێوەندیی بەوانەوە هەیە لە بڕیاردان دا بەشدار بکرێن. ٣ـ حکوومەتەکان ئەوەیان لەبیرە کە مافی منداڵ لەبواری پێوەندیی شەخسی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دایك و باوك دا, دەبێ ئەوکاتەش کە لەوان جیا کراوەتەوە, دابین ببێ. تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە ئەم کردەوەیە لەگەڵ بەرژەوەندی منداڵ لە ناتەبایی دایە. ٤ـ هەرکات جودایی لە ئاکامی بڕیارو هەنگاوی حکوومەت دابوو, وەك زیندانی کردن, دوورخستنەوەو مەرگی دایك وباوك یا هەردووکیان, یا مردنی منداڵ (مردن بە هەر هۆیەکەوە بێ, گرنك ئەوەیە کە مردووەکە لەوکاتەدا لە بەندی حکوومەت دا بووە), حکوومەتێك کە ئەم پەیماننامەیەی مۆر کردوە لەسەریەتی لەسەر ویستی دایك و باب یا منداڵ یا سەرپەرستە قانوونی‌یەکەی, زانیاریی پێویستیان لەبارەی ئەو کەسە پێ بدا کە دیار نیە. تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە  ئەم کردەوەیە بە قازانجی منداڵەکە نەبێ و زیانی پێ بگەیەنێ. حکوومەتەکان دڵنیایی دەدەن کە ئەو کەسانەی داخوازی لەم چەشنە دێننە گۆڕێ, لەلایەن حکوومەتەوە مەترسییان بۆ پێك نایە.

**ماددەی ١١ (منداڵ ڕفاندن)**
١ـ حکوومەتانی ئەندامی پەیمان بە مەبەستی خەبات لەگەڵ ڕاگوێزتنی ناقانوونیی منداڵان بۆ دەرەوەی وڵات و ڕاگرتنیان لەوێ, هەنگاوی پێویست هەڵدەگرن.
٢ـ حکوومەتان بۆ ئەم مەبەستە, ڕێککەوتننامەکانی یەکتر لەوبارەوە, یا ڕێککەوتننامەکانی دوو لایەنە و چەند لایەنە بۆ ئەم مەبەستە پەسند دەکەن.

**ماددەی ١٣ (ئازادیی وەدەستهێنانی زانیاری)**
١ـ منداڵ مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕینی هەیەو ئەم مافە پێوەندیی بە ئازادیی وەدەستهێنانی زانیاری‌یەوە هەیە. منداڵ دەبێ بێ‌ئەوەی لە بەربەستە حکوومەتی‌یەکان بترسێ, زانیاری‌و بیروڕا جۆراوجۆرەکانی خۆی بە قسە کردن, نووسین یا بە هۆی چاپکردن, بەکاری هونەری و بە هەر ڕێگاو ئامرازێکی دڵخوازی دیکەی خۆی دا, دەربڕێ و بیدا بە کەسانی دیکە.
٢ـ بەڕێوەچوونی ئەم مافە دەکرێ بە هۆی هێندێك قانوونی دیکەوە و بۆ ئەم مەبەستانە سنووردار بکرێ:
ئەلف: سەبارەت بە پاراستنی مافەکان و ناوبانگی کەسێکی دی,
ب: سەبارەت بە ئەمنییەتی نەتەوەیی, نەزمی گشتی, ئەخلاق و پاکیی گشتی وسڵامەتیی کۆمەڵ.

**ماددەی ١٨ (بەخێو کردنی منداڵ بە هۆی دایك و بابیەوە)**
١ـ حکوومەتەکان لەسەر ئەوە پێ دادەگرن کە دایك و باوك هەردوو وێکڕا بەرپرسی پەروەردەو گەورەکردنی منداڵن. ٢ـ حکوومەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بە مەبەستی بەڕێوەچوونی ئەو مافانەی لێرەدا هاتوون پشتگیریی دایك و بابەکان دەکەن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ پەروەردەو گەورەکردنی منداڵ دا. ٣ـ حکوومەتان هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا ئیمکاناتی گونجاو بۆ چاوەدێری‌و ئاگالێبوونی ئەو منداڵانەی دایك و بابیان کار دەکەن, دابین بکەن.

**ماددەی ١٩ (پشتیوانی لەمنداڵان لەبەرامبەر کەلك لێ‌وەرگرتنیان بۆ مەبەستی خراپ دا)**
١ـ حکوومەتان پشت ئەستوور بە هەموو ئیمکاناتێکی قانوونی, ئیداری, کۆمەڵایەتی و فێرکردن, لەبەرامبەر هەر جۆرە ڕەفتارێکی کەمتەرخەمانە لەگەڵ منداڵان و لە بەرامبەر هەر چەشنە دەستدرێژیی جیسمی و ڕەوانی و کەلك لێ‌وەرگرتنیان بۆ مەبەستی جینسی‌دا, پشتیوانییان لێ‌دەکەن. ٢ـ هەنگاوی پشتگیرانەی حکوومەتەکان وێڕای بەڕێوەبردنی ئەو ڕێگا چارەو بەرنامە کۆمەڵایەتی‌یانە دەبن کە لە دۆزینەوەی ئەو جۆرە تاوانانە بەرامبەر بە منداڵان و پێشگیری لەوان دا, کاریگەرن. هەروەها پێڕاگەیشتن و دەواو دەرمانی منداڵێك کە بە هۆی ئەم تاوانانەوە زیانی پێ‌گەیشتوەو, یارمەتی بە دایك و باب و سەرپەرستەکەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تاوانانەی لە بەندی ١ی ئەم ماددەیەدا هاتوون, لە ئەستۆی حکوومەتەکانە.

**ماددەی ٢٣ (مافی منداڵانی نەقوستان)**
١ـ حکوومەتان ڕادەگەیەنن کە ئەگەر منداڵێك لەباری جیسمی‌و مێشکەوە نەقوستان بوو, با نەقوستانیش بێ, دەبێ ژیانێکی شیاوی مرۆڤی هەبێ, ژیانێك کە ئابڕووی ئەو بپارێزێ‌و ڕێگای بەشداریی چالاکانەو سەربەخۆی لە ژیانی بەکۆمەڵ دا بۆ هاسان بکا. ٢ـ حکوومەتان ڕادەگەیەنن کە منداڵی نەقوستان مافی کەلك وەرگرتن لە پشتیوانیی تایبەتیی حکوومەتیی هەیەو دەبێ تا ئەو جێگایەی دەگونجێ بۆ ئەو منداڵە, دایك و باب یا سەرپەرستەکەی, ئیمکاناتی پێویست دابین بکەن. ٣ـ بە سەرنجدان بە پێداویستی‌یە تایبەتی‌یەکانی منداڵی نەقوستان, یارمەتی و پشتگیری‌یەکانی گونجاو لە بەندی ٢ی ئەم ماددەیەدا ـ ئەگەر دەست بدەن ـ دەبێ بە جۆرێك ڕێك بخرێن کە وەزعی ماڵیی دایك‌و باب یا سەرپەرستی منداڵ, وەبەرچاو بگیرێ‌و خزمەتە پێشکێش کراوەکان بۆ پەروەردەو فێرکردن‌و پشکووتن‌و گەشەکردنی هەرچی زیاتری منداڵ بێ.
٤ـ حکوومەتان, پشت قایم بە هاوکاریی نێونەتەوەیی, خوازیاری ئاڵوگۆڕی بیروڕاو ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ئیداری, فەننی, پزیشکی‌و پەروەردەیی لەبواری منداڵانی نەقوستان دان, بۆ ئەوەی بە تایبەتی وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا بە هۆی ئاشنابوون لەگەڵ ئیمکانات و پێشکەوتنە پێویستەکان, بتوانن یارمەتیی‌و خزمەتێکی زیاترو کاریگەرتر بەو تاقمە لە منداڵان بکەن.

سەرچاوە ماڵپەڕی: "کوردستان میدیا"